کوردو کوردستان
لە هونەری هونەرمەندی شۆڕشگێڕ
یەڵماز گۆنایدا ١٩٣٧ - ١٩٨٤

نووسین و ئامادەکردن و گۆڕینی: حەمەکەریم عارف

پێشەکییەکی گشتی

یەڵماز گۆنای هونەرمەندی شۆڕشگێڕ، لایەلایەی شۆڕشگێڕانەی دەزانی. ژانەکانی ئینسانی بەگشتی و ژانی مرۆڤی کوردی بەتایبەتی دەلاواندەوە. کەچی بۆ خۆی هەرگیز خەوی لێنەدەکەوت! خەوی بە برای مەرگ دەزانی. هەر ئەم هەمیشە بێدارییە وای لێکرد بکەوێتە بەرچاوی کاربەدەستانی رژێمی دیکتاتۆریەتی تورکیاو لە وڵاتی خۆیدا جێی نەبێتەوە.
گۆنای لای وابوو زیندان مەڵبەندێکی گەلەك لە بارە بۆ زاوزێکردنی بیری شۆڕشگێڕانە، بۆیە وێڕای ئەوەی پتر لە دوانزە ساڵی تەمەنی بوو بە خۆراکی زیندانەکانی رژێمی تورکیا، ئەو هەر سوور بوو لەسەر بیرو ئامانجی شۆڕشگێڕانەی خۆی و فیلمی وەك رێگاو دیواری بەرهەمهێنا.
گۆنای چالاکی هەنەری خۆی بە نووسینی کورتە چیرۆك و رۆمان دەسپێکردووەو* پاشان رووی کردۆتە جیهانی فیلم و سینەما. گرنگترین فیلمی گۆنای "رێگا"یەکە لە دەرەوەی تورکیادا بەرهەمی هێناوەو شۆڕەتێکی جیهانی پێبەخشی. دیوار، دوا فیلمییەتی و لە فەڕەنسادا بەرهەم هێنراوە. دیوار پەردە لە رووی بارودۆخی نامرۆڤانەی ژێر زەمین و زیندانە تاریکەکانی رژێمی تورکیا لادەدات.
گۆنای توانی پاش کۆدەتا سوپاییەکەی ١٩٨٠ی تورکیا خۆی لە زیندان دەرباز بکات و بگاتە ئەوروپا. گۆنای لە ساڵی ١٩٣٧دا لە خێزانێکی هەژاری کوردستانی تورکیادا هاتۆتە دنیاوە.
گۆنای یەکێك بوو لەو هونەرمەندە شۆڕشگێڕە مولتەزیمانەی کە دەیویست لە رێگەی فیلمەکانییەوە پەردە لە رووی ناحەزی رژێمی تورکیا لابدات و بە هەموو خەڵکی جیهانی بناسێنێ. گۆنای، زۆری پێ بوو. بەڵام مخابن مەرگ بواری نەدا، لە رۆژی یەك شەممە، رێکەوتی ١٩٨٤/٩/٩دا بە نەخۆشی شێرپەنجە لە پاریس کۆچی دوایی کردو هەر بە ئاوازی لایەلایەکانی خۆی لە پڕو بە یەکجاری خەوی لێکەوت و بوو بە کۆست و کەسەرێکی گەورە لە دڵی خەڵکی کوردستانداو ئەستێرەیەکی گەشی جیهانی هونەری سینەما راخۆشی و خامۆشبوو.

سەرگەڵو ١٩٨٤

"١"

((یەڵماز گۆنای باسی خۆی دەکات))

من لە دێهات لە دایك بووم. داك و بابم جووتیاری هەژارو دەستکورت بوون و بە بنەچەو ڕەچەڵەك کورد بوون. هەر بۆیەش بیر کردنەوەی جوتێری هەوێنی هزرو بیری پێکهێناوم. دیارە بیرکردنەوەی جووتیارانیش بە شێوەیەکی گشتی دەڕژێتە رووباری بیرو بۆچوونی بۆرژواوە. دیارە من کە بەخۆم ڕۆڵەی ئەو جوتیارە هەژارو بێنەوایانە بووم و لە نێو واندا گەورەو پەروەدە بوومەو سەر بە نەتەوەی کوردی چەوساوە بووم، هەموو ئەمە کاری لە بیرۆبۆچوونم کردبوو. واتە دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی ئەو کەش و هەوایە لە بیرو جیهانبینی مندا دیار بوو. ئیدی ئەمە جۆرە خولیایەکی لەلا دروستکردم.خولیای چی؟! بەخۆیشم نەمدەزانی. دەگەڕام، لە شتێك دەگەڕام. ئەوە بوو لە سەرەتاکانی سالآنی پەنجادا، سوکە ئاشنایەتیەکەم لەگەڵ شیعری ناظم حیکمەتی شاعیری کۆمۆنیستی تورکیادا پەیدا کرد، ئەو شیعرانەی دەربارەی جەنگی میللی ئەسپانیا بوو. لە ساڵی ١٩٥٢دا لە وڵاتی تورکیا ڕەشبگیری کۆمۆنیستان دەستیپێکرد، لەو ڕەشبگیرەدا چەند شاعیرێکیش بەرکەوتن و گیران. ئیدی کەوتمە خوێندنەوەو موتالآی شیعری وانیش... هەڵبەتە بەنهێنی، دەنا ئەو شتانە لە تورکیادا قەدەغە بوون. هەر زوو بۆم بە دیارکەوت کە ئەمانە پتر سوسیالیستی خەیاڵین تا سوسیالیستی زانستی بن. کەس باسی چینی کرێکاری نەدەکرد، کەس باسی "مارکسیزم- لینینزم"ی نەدەکرد. مەتریالیزمی دیالیکتیکی هەر کەس باسی نەدەکرد. ئەوەی هەشبوو لە چوارچێوەی ئەدەب و لە بندێڕی ئەم دەق و ئەو دەقدا خۆی دەنواندو چ چارەسەرێکیان بۆ هەژاری و دەستکورتی و گۆڕینی ڕەوتی ژیان پێ نەبوو. بە هەر حاڵ بەو حاڵەشەوە من لە کاریگەری ئەوان بەدەر نەبووم. ئیدی بە تەئسیری ئەوان دەستم دایە قەڵەم و هەستی پەنگخواردووی ناخی خۆم هەڵڕشتە نێو قالبی کورتە چیرۆکان و بۆ یەکەمجار نێوم کەوتە نێو ناوان و "خەفیە" ناسیانم.

لە ساڵی ١٩٥٥دا کە هێشتا خوێندکار بووم، لەسەر کورتە چیرۆکێکی هەندێ بەسۆزو گوداز، بە تۆمەتی ئەوەی پڕوپاگەندەم بۆ کۆمۆنیستان کردووە، درامە دادگا، لەسەر کورتە چیرۆکێکی سوزاوی دادگاییەکی دوورو درێژیان کردم.. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦١دا بە دوو ساڵ و نیو زیندانی و دوورخستنەوە مەحکوم کرام. لە ماوەی دادگایی کردنەکەداو لە ساڵی ١٩٥٧دا بە ناچاری شاری ئەدەنەم، کە لەوێندەر گەورە بوو بووم و تەمەنی هەرزەکاریم لەوێ قەتاند بوو، بەجێهێشت و بەرەو ئەستەموڵ سەری خۆم هەڵگرت و کەوتمە سۆراخی حیزبی کۆمۆنیست هەر چەند من هێشتا ئەم حیزبەم نەدەناسی، کەچی خەڵکەکە هەر بە کۆمۆنیستیان دەزانیم... بۆیە بەرەو ئەستەموڵ وەڕێکەوتم.

هەر چەند هەستم دەکرد فریودراوم، کەچی بە هەر کۆمۆنیستێك دەگەیم هێندەی دی بێهیواو ناهومێد دەبووم، هەرچیشم دەکرد نەمدەتوانی دەرەقەتی ئەو مەسەلەیە بێم و لێکیبدەمەوە... ئەوەندەم دەزانی فریودراوم و هیچی دی... ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٢دا جارێکی دی گیرام و دە زیندانێ پەستاوترام. ئیدی دەستم بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی مارکسیزم- لینینزم کرد. بۆم بە دیار کەوت کە من تەفرەدراوی لادەران و ریڤیژنیستانم... ئیدی سالآنی ١٩٦١- ١٩٦٣م لە

زینــدان و دوور خراوەییــدا بەســەر بــردوو لــە ســاڵی ١٩٦٣وەش قۆنــاغێکی دیکــەی ژیــانم دەستپێکرد. لە ساڵی ١٩٦٣داو لە زینداندا لێبڕام ببم بە ئەکتەرو لە هەموو وڵاتدا نێوو شۆرەت. پەیدا بکەم و لەو ڕێگەیەوە بە ئاوات و ئامانجەکانم بگەم... دیارە ئەمە هەر بڕیاری رووت نەبوو، بەڵکو کاروکردەوەو پرۆڤەشی دەگەڵدا بوو. ئیدی وام لێهات لە ساڵی ١٩٦٥دا بووم بە یەکێك لە ئەکتەرە هەرە نێودارەکان و گەییمە هەڕەتی شۆرەت، من ناتوانم بڵێم ئەو فیلمانەی کە دەورم تێدا دیتوون شۆڕشگێڕانەبوون یان دیموکراسییانە، بەڵام هەر هەموویان فیلمی جەماوەری بوون... ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارو خۆزیاو ئاواتی ئەوان بوون. زۆر لەم فیلمانەش لە باری بۆچوونی سیاسییەوە لـە هەڵـەو کـەموکوڕی بـەدەر نەبوونـە. هەنـدێکیان کـاوبۆیی بـوون. بـەڵام هـەر ئـەو ئەزموونانـەش بـوون کـە پەیوەنـدییان لەگـەڵ جـەماوەری خەڵکیـدا بـەرفراوان کـردم. لـە ساڵانی ١٩٦٥- ١٩٦٦دا، لەوپـەڕی نیگەرانیـدا بـووم و کارەکـانم شـادو بەختـەوەریان نـەدەکردم... لـەو ساڵانەوە کەوتمە سەر ئەو رایەی کە تەنیا لە فیلمی بەسوودو ئامانجداردا کار بکەم. خۆم دەور بۆ خۆم هەڵبـژێرم. بەڵام بێ پارەیی و دەستکورتی ناچاریان کردم لە چەند فیلمێکی بێکەڵك و خراپیشدا بەشداریبکەم. من دەبوایە خۆم بە جەماوەر بناسێنم تا لەو ڕێگەیەوە ئامانجەکانم بەدی بهێنم. دەبوایە وەکو ئەکتەر بمێنمەوە تا تەواو پێبگەم و پاشان بە خۆم فیلم دەربکەم، لە ساڵی ١٩٦٦ــەوە وردە وردەی کەوتمـە پـەروەردەکردنی ئـەم خەونـەم... ئـەوە بـوو لـە ساڵی ١٩٦٨ـەوە، پاش یەکەمین هـەوڵم وەکو دەرهێنـەری فیلم، گیرام بەسـەربازو ئەمـەش دوو ساڵی خشتی خایاند. لەو دوو ساڵەدا بۆ یەکەمجار دەرفەتم بۆ ڕەخسا کە بە بەردەوامی بخوێنمەوەو لە خوێندنـەوەی پچڕپچڕو پەڕاگەنـدە دوور بکەومـەوە. لـەم ماوەیـەدا بـە بەرنامـەو بـە بـەردەوامی کتێبـەکانی مـارکس و ئـەنگلس و مـاو-م خوێنـدەوە... ئیـدی خـۆم تـەیارو ئامـادەکرد کـە هـەر لـە سەربازی تەواو بووم ئیدی بتوانم هەنگاوی گەورە بنەم. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٠و پاش تـەواو کردنی خزمـەتی سـەربازی فیلمـی "جگەرگۆشە"م دەرهێنا. بۆ دابینکردنـی مەسـرەف و خـەرجی ئەو فیلمە بە ناچاری لە چەند فیلمێکی عەسابەدا دەورم بینی.

هـەر لـەو سـەرو بەنـدەدا. چونکە هەڵوێستێکی ڕون و ئاشـکرام نـەبوو، رووم لـە زۆر بزووتنـەوەی جۆراو جۆر کرد... بزووتنەوە زۆر بوون. بزووتنەوەی خوێندکاران هەبوو، بزووتنەوەی کرێکاران هەبوو کە دژ بە هێزە کۆنەپەرستەکان بوو، منیش کۆمەکم دەکردن و هاوکاریم لەگەڵ دەکردن... لە ساڵی ١٩٧٢دا ئەندامانی یەکێك لەو ڕێکخراوانەی کە منیش لایەنگریان بووم، گیران و منیش بە تۆمـەتی تەرەفداری لـەوان دەستگیرکرام. گرتنی ئـەمجارەم جـۆرە گـۆڕان و وەرچـەرخانێکی لـە ژیانمـدا چـێکرد. فێـری زانسـتی مارکسـیزم- لینینـزم بـووم. فێـری شـۆڕش بـووم، نێـوەڕۆك و ماهیـەتی سـۆڤیەتم بـۆ دەرکـەوت، تەحریفیـەتم ناسـی... ئـەو وەختـە نـەدەوێرام سـۆڤیەت، بـە وڵاتێکی سۆسیال- ئیمپریالیزم لـە قەڵـەم بدەم، بـەڵام دەمزانـی دەوڵـەتێکی سوسیالیستی نییـە، هـەر لـەو سـەرو بەنـدەدا توانـای ئـەوەم پـەیدا کـرد کـە ئـەو ڕەوتـە سیاسـیانەی خـوردە بۆرژوایـان ڕێبەریانـدەکرد، جیابکەمـەوە لـەو بزاڤو ڕەوتـە سوسیالیستیانەی کـە دەبـێ هـەبن و جێـی خۆیـان بگرن. فێری ئەوە بووم کە چۆن کرێکار پێشڕەوەو فێری ئەوە بووم هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بۆ

خۆم هەڵبژێرم... دەربارەی فیلمو سینەماش، راوبۆچوونو زانینم تەواو گۆڕان. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٤دا لە زیندان بەربووم. بە خۆمدا رادەپەڕمووم کە لە بواری دەرهێناندا هەنگاوی گەورە بنەم. لێ تەنێ فیلمی "هاوڕێ"م تەواو کرد. لە کاتێکدا سەرگەرمی فیلمی دووەمم بووم، دیسانەوەو لە ساڵی ١٩٧٤دا گیرامو دەزیندانێ پەستاوترام.

لە ساڵانی ١٩٧٤- ١٩٨١دا لە زیندان بووم. لەو ماوەیەدا زۆر کاری نووسینی وەکو کورتە چیرۆكو رۆمانم ئەنجامدان. لە پاڵ ئەوانەدا گوتاری سیاسیشم دەنووسین... وەکو دەرهێنانی فیلمیش پێنج هەوڵمدا... یەکەمو دووەمیان سەرکەوتوو نەبوون. بەڵام سێیەکەی دی لە هەموو جیهاندا سەرکەوتنیان وەدەستهێنا. فیلمەکان بریتی بوون لە: مێگەل**، دژمن، رێگە، فیلمی رێگە "یۆل" لە هەموویان نزیکترە لە خودی منەوە. بە خۆم بەشداریم لە هەموو ئەرکەکانی دەرهێنانیدا کردووە، ئێستا کەرەستەی دەرهێنانی زیاترم لەبەر دەستدایە، بەڵام لە تاراوگەدامو ئەگەر لە وڵاتو نیشتمانی خۆمدا ئەو فیلمانەم دەربکردایە، دەمتوانی شتی زۆر چاکتر پێشکەش بکەم...

((٢))

کارەکانی یەڵماز مایەی شانازی ئەهلی هونەرن

نەتەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرە گەورەکانی دنیا، کە تائێستا دەوڵەتێکی سیاسی نەتەوەیی ئیعتراف پێکراوو یاسایی کۆی نەکردۆتەوە، بەمەش تاڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە پەراوێزی مێژووەوەو رێگەی نەدراوە وەکو پێویست بەشداری لەبەرهەمهێنانی مێژووی ناوچەکەو مێژووی تیرەی بەشەڕدا بکات، کە ئەمە لە دوا ئەنجامدا زەرەرە بۆ مێژووی هەموو تیرەی بەشەر، بێگومان هەموو رێگەیەك بۆ بەگژاچوونەوەو بەربەرەکانی ئەم نەتەوەیە گیراوەتە بەر، بۆیە خەڵکی کورد هەقی خۆیەتی هەر رێگەیەکی بەرەڤانی لە بوونی بەشەریو سیاسیو رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتیو ئابووریو مێژوویيو جوگرافیایی خۆی بگرێتە بەر،و شارستانیانەو واقیعبینانە مامەڵەی لە تەکدا بکاتو لەناو جەرگەی مێژوودا دەوری خۆی ببینێو هەرگیز بەوە قاییل نەبێ بخرێتە دەرێی بازنەی مێژوو یان لە پەراوێزان بخرێ، یەکێك لەو رێگایانە هونەری سینەمایە، کەیەکێك لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی خەباتی هەر گەلێك بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی خۆی، پێکدێنێ. هەر چەندە کوردەواری زەمینەیەکی یەجگار بە پیتو دەوڵەمەندە بۆ هونەری سینەما، کەچی دەبینین لە چاوخۆیا، چ لەلایەن هونەرکارانی کوردو چ لەلایەن هونەرکارانی بێگانەوە تەواو فەرامۆش کراوەو بزاڤی ئەم نەتەوە هەرە دێرینە بە بێدەنگییەکی دژوار سپێردراوە. راستە لەو ساڵانەی دواییدا هەندێ هەوڵ لەو بوارەدا چ لەلایەن هونەرکارانی کوردو چ لەلایەن هونەرکارانی بێگانەوە بەدی دەکرێن، بەڵام وێڕای بایەخی مێژوویيو کاریگەری هونەری ئەو هەوڵانە، هێشتاش زۆر کەمنو زۆر درەنگ سەریان هەڵدا، ئەگەرچی هونەری رەسەن زۆرجار رێگاکان تەواو قەدبڕ دەکاتو زۆر خێرا دڕ بە تاریکییەکان دەداتو مەسەلەکان لە

فەرامۆشخانە سیاسییەکان دەرباز دەکات و دەردێنێ. بە هەرحاڵ هونەری سینەما یەکێکە لە ڕێگەو شێوازە هەرە شارستانییەکانی بەرەڤانی و بۆ گەلی بندەست لە نان و ئاو فەرزترە.
هەڵبەتە دیارترین کار لە بواری هونەری سینەمای کوردیدا، کارەکانی یەڵماز گۆنایە، کە بە ئیعترافی خەڵکانی شارەزاو پسپۆر لە بواری سینەمادا، نەك هەر مایەی شانازی کوردن و لەو مەیدانەدا سەرچاوەی نەگۆڕی زانیاری باوەڕپێکراون لەسەر وەزع و حاڵی کورد، بەڵکو مایەی شانازی دادپەروەران و خێرخوازان و چاکەخوازانی هەموو تیرەی بەشەرە. ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا، دەبێ ئامرازی هەمە جۆری هەبێ و بە پێی دەرفەت و گونجان، گونجاوترین و کاریگەرترین ئامراز بەکار بێنێ. یەڵماز گۆنای، یەکێکە لەو کەسانەی بە جوانی ئەو کارەی کردووەو هەموو بوارەکانی ڕۆژنامەوانی، چیرۆکنووسی، ڕۆماننووسی و سیناریۆو فیلم و پاشان نواندن و دەرهێنانی جەڕباندووەو هەموو ئامرازەکانیشی ئامرازی شارستانیانەی پەسەند بوون.
یەڵماز گۆنای، لە نێو زینداندا باشترین فیلمی خۆی نووسیوەو دەرهێناوە، دیارە ئەمەش کردوویەتی کارێك کە نەتوانێ سینەمایەکی کوردی بە هەموو خەسڵەتێکی کوردانەوە دابمەزرێنێ، وەکو هەر داهێنەرێکی دیکەی ناو زیندانی تورکیا ناچار بووە بە زمانی داگیرکەرەکەی بنووسێت نەك بە زمانی زگماکی خۆی. دیارە ئەمەش نیشانەیەکی هەرە زەق و دیاری مەزڵومیەتی مرۆڤی کوردە لەو وڵاتەدا. بەڵام ڕێگە لە بەهرە ناگیرێ، بەهرە کە پەنگی خواردەوە ئیدی بە هەر ئەوزارێك بێ گوزارشت لە خۆی دەکات. بۆیە کە سەیری کارەکانی گونای دەکەی دەبینی بە توانایەکی زۆر گەورەوە زمانی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی ئاوێتەی زمانی خەیاڵ کردووەو هونەری ڕەسەنی لەسەر ڕۆناوە، قەرەبووی زمانی کوردی بە زمانانی هونەری دیکەی وەکو زمانی مۆسیقا، زمانی نیگاو زمانی دیمەن و وێنە، کردۆتەوە. بۆ وێنە بێریڤان لە فیلمی مێگەلدا تاقە وشەیەکی لە دەم دەرنایەت، بە نیگاو ڕوانین بینەر دەدوێنێ و باسی واقیعی ئافرەتی کوردی بۆ دەکات. لە فیلمی ڕێگادا محەمەدۆ لە ڕێگەی مۆسیقاوە، دەربەدەری و ئاوارەیی و کول و کۆڤان و سۆزی کوردان دەگێڕێتەوە. لە فیلمی (سنووردا) وێنەی سنوورەکان، واتە وێنە، بە دوور لە هەر وشەیەکی ڕاستەوخۆ، دابەشکردنی بە ناهەقی کوردستان دەگێڕێتەوە، وا دیارە یەڵماز گونای هەرگیز ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە بەخششی خالیسەی نەتەوەیی پەتی، بە تایبەتی لە واری زماندا، پێشکەش بە نەتەوەکەی خۆی بکات، بەڵام بە جوانترین شێوە ئەو دەرفەتانەی قۆستوونەتەوە کە بۆی هەڵکەوتوون.
کە مستەفا کەمال هاتە سەر حوکم، ئیدی تورکیا بە جاری کرا بە دۆزەخ، بە تایبەتی بۆ گەلانی غەیرە تورك، سیاسەتی تواندنەوەی ئەو گەلانە لە بۆتە تورك و تورکچێتیدا زۆر بە زەقی و بێ شەرمانە پەیڕەو دەکراو هزرڤانانی ڕەگەزپەرست بانگەشەیان بۆ زەینیەتی تۆرانچێتی دەکرد و بە تۆبزی ناسنامەی تورکییان بەسەر خەڵکیدا دەسەپاند.
بۆیە ڕۆڵەکانی میللەتانی بندەست هەموو ڕێگەیەکیان بۆ بەرەڤانی لە بوونی خۆ دەگرتە بەر. یەڵماز گۆنای ڕۆڵەی میللەتی بندەستی کورد یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر ڕێگەی داهێناو

گرتەبەر. یەکێك لەو ڕێگەیانە، هونەری سینەما بوو. گۆنای ئەو شێوازەی گرتەبەر، بینەرو تەماشاڤان و خوێنەری لە ناخەوە دەهاڕوژان، قارەمانێکی پێ نیشان دەدا کە لە زۆر ڕووەوە تەواو لە خۆی بچێ، واتە وەرگر خۆی تێدا دەبینیو دەخوێندەوە، هەڵوێستی وەردەگرت. واتە گۆنای دەیویست هونەریانە بیرو هزرکرنی خەڵك بگۆڕێ، لە خەوی جەهالەت بێداریان بکاتەوەو چۆنییەتی بەرگریو بەرەڤانیان فێر بکاتو هێڤیو ئاواتیان بخاتە دڵو دەروون.

هونەرو ئەدەبیات، زادەو بەرەنجامی پێداویستییە روحیو دەروونییەکانی تیرەی بەشەرەو تا تیرەی بەشەر بمێنێ، ئەویش دەمێنێ، رەنگە لە رووی شێوازو بەرجەستەکردنەوە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە بگۆڕێ، بۆیە جیهانی هونەرو ئەدەبیات، و کارکردن لەو بوارانەدا هەمیشە پەسند بووەوە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبووەو مرۆڤی بەوە پەروەردەکردووە کە بە هیچ جۆرە خەسینێك قاییل نەبێو نە بە تەماح وەبەرنانو نە بە هەڕەشەو چاولێ سوورکردنەوە دەستەمۆ نەبێ، بە هیچ نرخێ دەستبەرداری مرۆڤانیو کەرامەتی مرۆڤانی خۆی نەبێ، یەڵماز گۆنای لەم پێودانگەوە، بە ناو دنیای هونەرو ئەدەبیات کەوتووەو سەر لەبەری ئەو دنیایانەی خۆش ویستووەو لە ئەنجامدا لە دنیای هونەری سینەمادا گیرساوەتەوە، چونکە سینەما بۆ خۆی هونەرێکی ئاوێتەی فرە سەرچاوەیەو زادەی ئاوێتە بوونی ئۆرگانیکی کۆمەڵە هونەرێکی هەمە جۆری وەکو: نووسین، وێنە، مۆسیقا، شیعرو نواندنو دەرهێنانە... جا هەر ئەمەش کارێکی وەهای کردووە کە هونەری سینەما کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر فراوانترین بەرەی جەماوەری خەڵکەوە هەبێو پایەیەکی بەرز لە دنیای هونەردا وەربگرێو ببێ بە یەکێك لە هونەرە هەرە پێویستەکان بە تایبەتی بۆ گەلی مەزڵوومو بندەست.

جا هونەری سینەما بەو حەساوەی بە ئاسانی و لە ڕێگەی دیتنەوە دەگاتە فراوانترین بەرەی جەماوەری خەڵك، بۆیە دەکرێت هۆیەکی زۆر کاریگەر بێ بۆ پەروەردەکردنی تەماشاڤانان لە واری بیروباوەڕ و بەها کۆمەڵایەتیو ئەستاتیکی و روحییەکانەوە.

هەر چەندە پۆلێن کردنی هونەر هەندێ ناساز دێتە بەرچاو بەڵام هەندێ جار زەرورەتی باس، ناچارت دەکات مل بۆ ئەو کارە بدەیت. جا سەبارەت بە سینەما لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا، شارەزایان بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەشیان کردووە: یەکەم: فیلمی ڕۆمانەوانی (درێژ)، دووەم: فیلمی وێنەی جوڵەدار، سێیەم: فیلمی زانستی سادەکراو، چوارەم: فیلمی دیکۆمێنتی (تۆمارکراو) کە بە جۆرە ئەدەبێکی کۆمەڵایەتی مەجازی تایبەت دەژمێردرێو لەسەر شریتی سینەمایی تۆمار دەکرێتو بانگەشە بۆ زانیاریانی زانستی دەکات، یان ژیانی روحیو کۆمەڵایەتی- سیاسی خەڵکی هونەریانە دەنوێنێو بەرجەستە دەکات. جا بەم پێیە کاریگەری سینەمای دیکۆمێنتی لەسەر هەموو وارەکانی ژیانی خەڵکی بە دەردەکەوێ، دیارە دەورێکی زۆریش لە پەرەسەندنو خەملاندنو ناساندنی بزاڤی رزگاریخوازی میللەتانی بندەستیش دەبینێ.

تاكو رۆژی ئەمڕۆش مەسەلەی نەتەوەیی، یەکێکە لەو گرفتانەی لە زۆر شوێندا، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ڕووبەڕووی تیرەی بەشەر دەبێتەوەو پێویستی بە چارەسەری لۆژیکی و واقیعی هەیە، دەنا ئاکامی باشی نابێت.

مەسەلەی نەتەوەیی کورد، کە یەکێکە لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە، تا ئێستا چارەسەر نەکراوەو هاوسەنگی سیاسی ئەم دەڤەرەی پێوەسەنگەلا بووە. هەر چەندە هەوڵی یەجگار زۆر بۆ کۆیلاندنی ئەم گەلە تێکۆشەرە دراوە، لە مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیموکراتییەکان بێبەش کراوە.. هەوڵدراوە هۆشیاریی نەتەوەیی لەلا بسڕدرێتەوە، زمانی زگماکی خۆی لە زۆر شوێندا لێ قەدەغە کراوە. کەچی بە هەر نرخێ بووە ناسنامەی ڕۆشنبیری و زمانی نەتەوەیی و کەلەپورو داب و نەریتی خۆی پاراستووە، بەرگری لە خاکی خۆی کردووە، لە سەدەی هەژدەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ پتر لە ٢٥ شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخودان لە پارچە بە ناهەق جیاکراوەکانی کوردستاندا بەرپا بووە، ئەگەرچی ئەو ڕاپەڕینانە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبووە، هەڵبەتە لەبەر زۆر هۆی خۆیی و بابەتی، لەوانە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری و بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتییەکان لە دەڤەرەکەدا. بەڵام نەتەوەی کورد بەم حاڵەشەوە هەر تەسلیم نەبووەو کۆیلایەتی بە چارەنووسی خۆی نەزانیوەو سوور بووە لەسەر خەبات و بەرەڤانی و چەکی فڕێ نەداوەو بەپێی قۆناغ و سەردەم شێوازو ڕێگەی مقاوەمەتی تازەی داهێناوەو خەریکە دەبێتە مایەی سەرنج و بایەخی ڕای گشتی لە ناوچەکەو لە هەموو جیهاندا.

هەڵبەتە هونەری سینەما، بە تایبەتی سینەمای دیکومێنتی، نەك هەر گرنگە بۆ ناساندنی ڕابردوو و ئێستای گەلی کورد، ڕۆشنبیری و مێژووی کورد، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵکو یەکێکە لەو چەکە کارایانەی دەتوانێ بە پشتیوانی هەقیقەتی واقیعی، ڕەوایی دۆزی کورد بە هەموو دنیا بناسێنێ و بسەلمێنێ. جا یەڵماز گۆنای دەرهێنەرو ڕۆماننووس و سیناریۆنووس، ئەگەرچی کارەکانی بە زمانی کوردی ئەنجام نەداوە، هەوڵێکی زۆری داوە کە ژیانی واقیعی نەتەوەی کورد لە سایەی زوڵم و زۆری ڕژێمی تورکیدا ڕاستگۆیانە بخاتە ڕوو، و جێ دەستی لەو بوارەدا زۆر دیارەو کارەکانی مایەی شانازی گەلی کوردن و بەخۆیشی وەکو هونەرمەندێکی ڕەسەن و شۆڕشگێڕ لە ریزی هەرە پێشەوەیە.

((٣))

((ئازادی بەبێ مرۆڤ بەرجەستە نابێ))

مرۆڤ بەبێ ئازادی هەڵناکات و ئازادیش بەبێ مرۆڤ بەرجەستە نابێ، بۆیە کە ئازادی لە مرۆڤ دەسەنرێتەوە، هەموو ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی خۆی و ئامادەیە گیانی خۆی لەو ڕێگەیەدا بەخت بکات... ئەوەتا لەم سەردەمانەدا پانتایی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی بن دەست یەجگار بەرین بووەو شێوازی هەمەجۆر بۆ ئەو مەبەستە داهێنراوە... یەکێك لەو کەناڵانە هونەری سینەماو تەلەفزیۆنی دیکومێنتییە کە دەورێکی یەجگار باڵا دەبینێ لە

بەرجەستەکردن و تەنانەت ئاراستەکردنی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییە خێرایانەی بەسەر کۆمەڵدا دێ. فیلمی دیکۆمێنتی سەرکەوتوو و راستگۆ هەوڵدەدات نەخشەی شارستانیەتی جیهان بە هەموو لایەن و رەنگ و روو و لق و پۆپەکانییەوە رەسم بکات و، دەرفەت بخاتە بەردەم مرۆڤ تا پەیوەندییەکانی خۆی بەم دنیایەوە دیاری بکات و شوێن و دەوری خۆی بزانێ و بناسێت تا مومارەسەی بکات. جا فیلمی دیکۆمێنتی بە حوکمی ئەوەی لایەنێکی بانگەشەیی زۆر کاریگەری تێدایە، دەتوانێ دەورێکی یەجگار کاریگەر لە پەروەردەکردن و رۆشنبیراندنی جەماوەری خەڵك لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەعنەوییەکانەوە بدینێ.

هەڵبەتە سینەمای دیکۆمێنتی، پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاو بانگەشەوە هەیە، واتە شتێکە لە نێوان هونەرو رۆژنامەوانیدا، کە هەردووکیان ئەوزاری گۆڕین و گۆڕانن واتە ئەگەر فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر بناغەی رووداوێن راستەقینەو بەڵگەنامەی راست و دروست رۆبنرێ، ئەوا دەورێکی یەجگار گەورە لە خولقاندنی روحیەتی شۆڕشگێڕانە لەلای جەماوەری خەڵکی دەبینی و بەشداری لە ریشاژۆکردنی خەبات و تێکۆشانیاندا دەکات و بەگەڵ کاروانی گۆڕان و گۆڕینیان دەخات و هانیان دەدات کە بە هیچ چەوسانەوەیەك یان ملکەچی و دەستەمۆ بوونێك رازی نەبن.

هەڵبەتە هونەری راستەقینەو رەسەن، ئەوەیە بتکات بە هاوڕێی گیانی بە گیانی خۆشی و ناخۆشی خەڵکی، بە تایبەتی هونەری سینەمای دیکۆمێنتی بە حوکمی ئەوەی توانایەکی زۆر گەورەی هەیە کە بە زمانێکی بینایی رەوان و مەجازی جوان باسی گرفتە هەنووکەییەکانی سەردەم بکات، پێویستە خەم و گرفتەکانی مرۆڤ بهونەرێنێ و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوەو ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك و داب و نەریتە نەتەوەییەکان بەرجەستە بکات و خەڵکی بخاتە سەر راستە رێگەی بیرکردنەوە، تا لە نزیکەوەو راستەوخۆ بەشداری پرۆسەی گۆڕان و گۆڕین بکات و خەسینی مادی و مەعنەوی رەفز بکات.

ئەگەر سەرنجێکی خێرای کارە هونەرییەکانی یەڵماز گۆنای بدەین، دەبینین کۆمەڵە نموونەیەکی زندووی سینەمای جدین و زۆر دۆزی مرۆڤانی گەورەیان لە خۆ گرتووەو بە ئاشکرا هەوڵ و تەقەلای ئەم تاقم و دارو دەستەو رژێمانە ریسوا دەکات کە هەوڵی کۆیلاندنی گەلان و سەرکوتکاری و سڕینەوەی بەها مرۆڤانییەکان دەدەن و زەبرو زەنگ و تیرۆرو تۆقاندن برەو پێدەدەن.

هەڵبەتە فیلمی دیکۆمێنتی، ئەگەر هونەریانە مۆنتاج بکرێ، و بە زەبری مۆنتاجی دروست کارێکی هونەری تازەی لێ بخولقێنرێ ئەوا دەبێ بە بەڵگەنامەیەکی هونەری ئاوس بە ناوەڕۆکێن سیاسی و کۆمەڵایەتی یەجگار دیارو کاریگەر، بۆ نموونەئەو فیلمانەی سەبارەت بە فاشیزم و دژایەتی فاشیزم بەرهەم هاتوون، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەم لاوە، سامانێکی یەجگار گەورە پێك دێنن لە مێژووی سینەمای دیکۆمێنتی و تەلەفزیۆندا. دیارە بایەخی ئەو جۆرە فیلمە زیاتر لەوەدایە کە تاوانەکانی فاشیزم وەبیر جیهان دێنێتەوەو لە کارەسات و ئاکامە مەترسیدارەکانی ئاگاداریان دەکاتەوە.

هەڵبەتە فیلمی درێژو رۆمانەوانیش دەوری یەجگار گەورەی لە ریسواکردنو لە قاودانی تاوانەکانی فاشیزمدا دیتووەو خەڵکیان دژی جەنگ هانداوە.. مایەی شانازییە کە کارەکانی یەڵماز گۆنای، شوێنی تایبەتیان لەو بوارەدا هەیەو شان بەشانی بزاڤی سینەمای دنیا بەشدارییان لە گەڵاڵە کردنی رابوونی هێزە دیموکراسییەکان لە زۆر وڵاتانی جیهاندا، کردووە.

دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەو فیلمە دیکۆمێنتییانەی بۆ دژایەتی فاشیزم بەرهەم هاتوون یان تەرخان کراون شەقڵو مۆرکی تایبەتیو جیاوازی خۆیان هەیە. هەر یەکێکیان شەقڵی ئەو سەردەمەی پێوەیە کە تیایدا بەرهەم هاتووە، تایبەتمەندی ئەزموونی مێژوویی و شەقڵی خەباتی رزگاریخوازی هەر گەلێك لەو گەلانەی پێوە دیارە کە بوون بە بابەتی فیلمەکە. هەڵبەتە بابەتی خەبتین لە ڕای ئاشتی جیهانیدا، بابەتێکی هەرە سەرەکی ئەو فیلمە دیکۆمێنتیانەیە، بە هەر حاڵ کامیرای سینەمایی ئەمڕۆکە بووە بە چەکێکی کاریگەر لە خەباتی رزگاری نەتەوەییدا، کە ئەمە لە ناوەڕۆکی پێشکەوتوخوازی شۆڕشگێڕانەی دژ بە فاشیزمو جەنگو سەرکوتکاری بەدەرنییە.

هەر فیلمێکی دیکۆمێنتی بگری دنیایەك توانای هزریو بەهای ئەستاتیکی تێدایەو، بەڵگەو بەڵگەنامە لە رۆژگاری ئەمڕۆکەدا، بە جۆرێ تێکەڵ بە ژیان بووە، مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری بێ، خۆ ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە بە راستگۆیی بهونەرێنرێن ئەوا کاریگەرییەکەیان زۆر زیاتر دەبێ، و مرۆڤ دەتوانێ رووداوو دیاردە ناوچەییو جیهانییەکان هەڵسەنگێنێ، پێگەی خۆی لە ناو ژیاندا بناسێو هەڵوێست بنوێنێو بەرگری لێ بکات.

بە هەر حاڵ بەم پێیە فیلمی دیکۆمێنتی بۆ خۆی دەبێ بە شایەت بەسەر ژیانەوە، دەبێ بەسەرچاوەی بڕواو متمانەی خەڵکیو دەبێ بەشەریکی ژیانی رۆژانەی خەڵکیو، شان بەشانی جەماوەرو هونەریانە لە ڕای ئاشتیو ئازادی گەلاندا تێدەکۆشێت. هەڵبەتە بەڵگەنامە گەلێك تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێ لەوانە فرە واتایی، کورتبڕی، ناوەڕۆکی چڕوپڕ، شەرحو شرۆڤەی ئاسانو راستەوخۆو دیاردەو رووداوەکان، نیشاندانی ئاڵۆزییەکانی سەردەمو بەرجەستەکردنی وەرچەرخانە مێژووییەکانی چارەنووسی خەڵکانی قەرارسازو دنیا...

بە هەرحاڵ دیکۆمێنتیەت ئەمڕۆکە بە تەواوی هاتۆتە ناو ژیانی رۆژانەی گەلانەوەو پێویستە وەکو چەکێکی شارستانیانەی هەمە پەسەندو وەکو شایەتێکی هەرە باوەڕ پێکراو بخرێتە خزمەتی بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی بندەستو چەسپاندنی ئاشتی جیهانییەوە.

((٤))

((دەوڵەتی نەتەوەیی))

یەکێك لەو مەسەلە ئاڵۆزانەی کە هەندێ وڵاتانی دنیا پێوەی گیرۆدە بووە، مەسەلەی نەتەوەییە، کە بێگومان ئەم مەسەلەیە کار دەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو رەوتو ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، دیارە چارەسەر نەکردنی عادیلانەی دیموکراسیانەی ئەو مەسەلەیە زۆر جار پێکدادانو توندوتیژی لێدەکەوێتەوەو بارودۆخە سیاسییەکان ئاڵۆز دەکات. مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا، کە گەورەترین گەلی دنیایەو تا ئێستا بە ماف

چارەنووسی خۆی، واتە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ نەگەییوە، باری سیاسی ناوچەکەی ئاڵۆزاندووە،و ئەمەش خۆی لە خۆیدا زەنگێکە بۆ داگیرکەرانی کورد، کە ئەوزاری بیرکردنەوەو کرداریان سەبارەت بەو مەسەلەیە بگۆڕن‌و بە زووترین کات لەگەڵ کوردا بکەونە دیالۆگ‌و مل بۆ خواستە رەواکانی گەلی کورد بدەن‌و بەشارستانیانەترین شێواز ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن.
دیارە رژێمانی داگیرکەری کورد دەبێ بەر لە هەموو شتێك دان بەوەدا بنەن کە کورد گەلێکی سەربەخۆیە، یەکێکە لە گەلە رەسەن‌و دێرینەکانی دەڤەرەکە، تایبەتمەندی ئەتنی خۆیان هەیە، زمان‌و خاکی یەکگرتوویان هەیەو لە پێش زایینەوە ناویان لە مێژوودا هاتووەو بەشداری کاریگەریان لە هەموو رووداوە سیاسی‌و سوپایی‌و رۆشنبیرییەکانی ناوچەکەدا کردووەو کەڵە پیاوی گەورەیان لەو بوارانەدا تیا هەڵکەوتووەو لە سەدەی دوازدەیەمی زایینیەوە بە وڵاتەکەیان گوتراوە کوردستان، کە پانتاییەکەی نزیکەی ٤٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێ. یەکەم جار لە ٢٣ ئابی ١٥١٤دا واتە پاش جەنگی چاڵدێران، کوردستان لە نێوان ئێرانی سەفەوییانی شیعە مەزەب‌و عوسمانیانی سوننە مەزەب لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا دابەش کردا ئەو دابەشکردنە لە ساڵی ١٦٣٩ بەپێی رێکەوتننامەی قەسری شیرین، لە نێوان شا عەباسی سەفەوی‌و سوڵتان مرادی چوارەمی تورکیدا قەراری تەواوەتی لەسەر درا. پاشان وڵاتی کوردستان بۆ جاری دووەم، بەپێی پەیماننامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦ دابەش کرایەوەو بوو بە چوار بەشەوەو وڵاتانی تورکیاو ئێران‌و عێراق‌و سوریا بەو شێوەیەی ئێستایان لەسەر حەساوی دەوڵەت‌و وڵاتی کوردستان دامەزران..
هەڵبەتە نەتەوەی کورد لە یەکەم دابەشکردنی وڵاتەکەیانەوە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ پەرچەکرداری خۆی هەبووە، خەباتی کردووە، میرنشینانی دامەزراندووە، شۆڕشی بەرپا کردووە، سوور بووە لەسەر مان‌و ژیان‌و یەکگرتنەوەی گەل‌و وڵاتی خۆی، ئەگەرچی بە ئامانجەکانی خۆی نەگەییوە، بەڵام هەر کۆڵی نەداوەو ناسنامەی نەتەوەیی خۆی پاراستووەو ئامادە بووە لە پێناوی یەکگرتنەوەو خۆبیوونی گەل‌و وڵاتدا هەر قوربانییەك چەند گەورەش بێ بیدات. دیارە ئەم مەسەلەیە لە گۆرانی میللی‌و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری‌و پەندی پێشینان‌و سەراپای کەلەپووری رۆشنبیریدا رەنگی داوەتەوەو سەنگەرێك بووە بۆ بەرەڤانی لەو دۆزە رەوایەو ئەمەش هەر لە سنووری وشەدا نەماوەتەوەو بەرەبەرە زەمینەی بۆ هونەری سینەماش خۆشکردووە. هەڵبەتە کورد لەبەر ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی ئیعتراف پێ کراوی نییە، هەر پارچەیەکی بە تۆبزی‌و بێ ویستی گەلی کورد لکێنراوە بە دەوڵەتێکەوە. دیارە میللەتێك کە دەوڵەتی نەبوو تا بە ئەزموونی خۆی مومارەسەی ژیانی تێدا بکات‌و لە قووڵایی ژیانەوە بەشداری لەبەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەردا بکات، ئەوا ناچارە دەوڵەتی بەدیل، چ مادی و چ مەعنەوی بۆ خۆی دابین بکات، کورد بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی پەنای وەبەر چالاکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و هونەری بردووە، بەپێی دەرفەت چ بە ئاشکرا بوو بێ چ بە نهێنی، چ بە زمانی کوردی بوو بێ چ بە زمانی داگیرکەرەکەی ئەو چالاکیانەی ئەنجام داوە، بۆیە هەر سەرکەوتنێك

لەو بوارانەدا، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بەدی هاتبێ سەرکەوتن بووە بۆ کوردی پارچەکانی دیکەش، ئەگەرچی لە باری فەرمییەوە دەچێتە خانەی چالاکی و سەرکەوتنی دەوڵەتی داگیرکەرەوە.

بە هەر حاڵ وتمان کەلەپووری رۆشنبیری کوردی بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە، بەرەبەرە زەمینەی بۆ سەر هەڵدانی هونەری سینەمای دیکۆمێنتی خۆش کردووە. سینەماکاری باش لە کوردا هەڵکەوتوون، بەڵام مەخابن کەمتر خۆیان بە سینەمای کوردییەوە خەریك کردووە، دیارە ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە، بە تایبەتی هۆکارو کۆسپی سیاسی. چونکە کوردو کوردستان دوو زاراوەی سیاسی قەدەغەن و سەریەشەی گەورە دروست دەکەن! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێك هەن و هەبوون بەوپەڕی جورئەتەوەو بە بەهای ژیان خۆیان لەو قەدەغەیە داوەو رچەکەیان شکاندووە. لێ مەخابن ژمارەیان زۆر کەمە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پلەی پێشەنگییان پێدەبەخشێت و ئەوەندەی ئەم نووسینە دەرفەت بدات. هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین، بۆ نموونە یەکێك لەوانە قادری نورییە کە لە کۆلیژی وێنەگرتنی سەر بە پەیمانگای سینەمای یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا خوێندنی تەواو کردووە، ئەم پیاوە لە حەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا هەندێ کورتە فیلمی لەمەڕ جەژنە نەتەوەییەکانی کوردانی کوردستانی عێراقدا وێنەگرتووە.

قادر نوری لە ساڵی ١٩٨٢دا فیلمێکی دیکۆمێنتی درێژی دەربارەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی بەرهەمهێناوە بە ناوی (کوردستان لە ئاگر)دا. ئەم کارە بە فیلمی مۆنتاج دەژمێردرێ.

چونکە لە دەرهێنانیدا، پشتی بە گرتەو دیمەنی کۆمەڵێك فیلمی ئەوروپایی لەسەر بزاڤی کوردی و، هەندێ دیمەنی فیلمی دیکۆمێنتی (ئێمە کوردین) بەستووە. یانی لە چەند فیلمێکی جیاوازەوە گرتەو دیمەنی وێنەگیراوی وەرگرتووەو مۆنتاجی کردوون و فیلمێکی تازەی لێ دروست کردووە. ئامانجی سەرەکی فیلمەکە نیشاندانی ژیانی رۆژانەی کورد بووە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سۆڤیەتی جاراندا.

یەکێك لە باشییەکانی ئەم فیلمە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار فیلمێکی دیکۆمێنتی مۆنتاجکراو دەربارەی کورد، لە روانگەی کوردێکەوە بۆ دۆزی گەلەکەی بەرهەم دەهێنرێ. (لە یەك خێزاندا) فیلمێکی دیکەی دیکۆمێنتییە دەربارەی کورد کە لەلایەن دکتۆر ئیبراهیم مەحموودەوە دەرهێنراوە. دکتۆر بەخۆی ئەم فیلمە بە کارێکی پیشەیی نازانێ، چونکە وەکو کارێکی هونەری، لەلایەن رۆژنامەنووسێکەوە دەرهێنراوە، بەمەبەستی وەرگرتنی کارنامەی ماجستێر لە بواری رۆژنامەوانی تەلەفزیۆنیدا، لە ساڵی ١٩٨٥. ئەم فیلمە رەنگینەو ماوەکەی ٢٥ دەقیقەیە، لە ٣ بەشی سەرەکی پێك هاتووە، مەبەستی سەرەکی فیلمەکە نیشاندانی واقیعی گەلی کوردە لە کۆماری ئەرمینیاو، چارەسەری سوسیالیستانەی مەسەلەی نەتەوەیی و، ئاماژەشە بۆ مێژووی مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتی. بەشی یەکەمی فیلمەکە دیمانەیەکی رۆژنامەوانییە لەگەڵ لازاریفدا کە زانایەکی گەورەو پسپۆڕێکی بەتوانایە لە بواری کوردۆلۆژیدا.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ باسی ژیانی کورد لە کۆماری ئەرمینیا... بەشی سێیەم تەرخانە بۆ جەژنی نەتەوەیی کورد، بۆ جەژنی نەورۆزو رێورەسمی بەڕێوەچوونی ئەو جەژنە لەلایەن

خوێندکارانی کوردەوەو ڕەسەنایەتی گۆرانیو هەڵپەرکێی کوردیو چەمكو مانا سیاسییەکانی نەورۆز لەواری خەباتی هاوچەرخی گەلی کوردا بەرجەستە کراون. (پاشای ناحەزی شاشە) فیلمێکی دیکۆمێنتی درێژی دیکەیە، لەلایەن نیشتمانپەروەرانی کوردەوە بەرهەم هاتووەو بۆ یادی کەڵە دەرهێنەرو نووسەرو ئەکتەری کورد یەڵماز گۆنای تەرخانکراوە. ئەم فیلمە لەلایەن ئەنیستیتۆی کورد لە پاریسو بەیارمەتی تەلەفزیۆنی فەرەنسی T.V.A بەرهەم هاتووە.

یەڵماز گۆنای بەخۆی یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەنیستیتۆی کورد لە ساڵی ١٩٨٣. فیلمی (پاشای ناحەزی شاشە) دەچێتە خانەی فیلمێن – وێنە (واتە ئەو فیلمانەی کە ژیننامەی کەسێك دەگێڕنەوە.. لێ فیلمسازەکان زیرەکانە توانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستە دیکۆمێنتییە زۆرو زەبەندەکانی ناو ئەرشیفی دەوڵەتی تورکیاوە، لە میانەی پیشاندانی ژیانی خانەوادەیی کەسێکی دیاریکراوەوە، ژیانی کارەسات ئامێزی سەرانسەری گەلێك نیشان بدەنو بەرجەستەی بکەن. فیلمسازەکان بە زەبری مۆنتاژکردنی سەرکەوتووانەی ئەرشیفی کۆن، توانیان جەلادان ڕیسوا بکەنو بینەر بە ڕادەی دڕندەگەری تورانیزم دژی خەڵکانی ئاشتی خوازی کوردستان لە تورکیادا، ئاشنا بکەن. واتە ئەو ئەرشیفەی دەوڵەتی تورکیا دژی خۆی بەکار هاتەوەو بینەر بوو بە شایەتی کۆچاندنی بە تۆبزیو نا مرۆڤانەی منداڵو ژنو و پیرەمێردی بێ تاوانو بێدەسەلاتو، تەنانەت حەیواناتی بەستەزمانیش، لە چیاکانیانەوە بۆ ناوەندی ئەنادۆڵی غەریب بەکورد، هەروەها ئەم فیلمە زۆر بە ڕوونی گرنگترین قۆناغی پەرەسەندنی ژیانی هونەری یەڵماز گۆنای دەخاتە ڕوو. هەروەها ئەم فیلمە ئەو ساتە مێژووییانەش نیشان دەدات کە یەڵماز گۆنای لە شاشەوە باسی کارەساتی گەلەکەیو خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەی دەکاتو ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ پشتیوانیکردن لە دۆزە ڕەواکەیو بەڵێن دەدات کە زۆر کاری سینەمایی بخاتە خزمەتی دۆزی نەتەوەیی کوردەوە، لێ مەخابن تەمەن مەودای نەدا حەزو ئارەزووەکانی جێبەجێ بکات. فیلمەکە بە نیشاندانی کاروانی بێ سەروبنی خەڵکی کۆتایی دێ کە جەنازەکەی گۆنای دەخەنە سەر شانو بۆ دوا ئارامگەی دەبەن.

((سینەما وەکو چەکێکی شارستانیانە))

بە هەر حاڵ سینەماش وەکو چەکێکی شارستانیانە، سەنگەرێکی دیکەی بەرەڤانییەو سینەماکارانی کورد هەستیان بە گرنگیو کاریگەری ئەو چەکە کردووەو کەم دابێژێك جەربانداوویانە، ژیانی کوردەواری بە گشتیو بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە تایبەتی بووە بە کەرەستەو بابەتی ئەو هونەرە گەورەیەو تائێستا ژمارەیەك فیلمی دیکۆمێنتی لەو بارەیەوە بەرهەم هاتووە. بەڵام زۆربەی ئەو فیلمانە لەلایەن کۆمپانیا تەلەفزیۆنییە ئەوروپییەکانەوە بەرهەم هاتووەو ژمارەشیان ڕەنگە لە ٢٠- ٣٠ فیلمێك تێ نەپەڕێ.. هەر هەموویان ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ دۆزی کوردا کردووە، مەبەستی هەموو ئەو فیلمانە هاوسۆزی بووە لەگەڵ کوردو دۆزی کوردا، بەڵام چونکە فیلمسازەکان ڕۆژنامەنووسو سینەماکاری بێگانە بوون، نەیانتوانیوە وەکو پێویست گوزارشت لە نۆڕینی کوردو ئاراستەی بزاڤی کوردی بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو

فیلمانە تیشکیان خستۆتەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردو بەڕای گشتی جیهانیان ناساندووەو کارەساتە یەك لە دوای یەکەکانی کوردیان بەرجەستە کردووە.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ فیلمی ((دەنگی کوردستان)) بکرێ. ئەم کارە فیلمێکی تەلەفزیۆنی درێژی ئەڵمانییە، کە لە ساڵی ١٩٨٤دا لەلایەن ئەنستیتۆی کورد- لە پاریس، دۆبلاژکراوە بۆ کوردی فیلمەکە رەش و سپییەو ماوەکەی ٦٢ دەقیقەیە.
ئەم فیلمە کورتەیەکی مێژوویی کوردستان تا ساڵی ١٩٧٦ هونەریانە دەنوێنێ، پشت بە کۆمەڵێك رووداوی وێنەگیراو لە مێژووی کوردەواری و کۆمەڵێکی تر لە وێنەو تابلۆو پۆستەری مێژوویی بەهادار دەبەستێ.
دیارە ئەم فیلمە لەسەر رێسای مۆنتاج رۆنراوە، لە سەرەتاوە ریزی پێشمەرگەمان نیشان دەدا کە بە چیاکاندا سەردەکەون، ئەوجا نەخشەی کوردستان لەسەر شاشە دەردەکەوێ، ئەوجا ژمارەیەك دیمەنی ژیانی پاشکەوتووی کورد لە سایەی داگیرکەری تورکیدا دەردەکەوێ، هەڵبەتە بە پشتیوانی کۆمەڵێك دیکۆمێنتی مێژوویی و پەیماننامەی نێو دەوڵەتی دەربارەی دۆزی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. فیلم سازەکان جارێکی دی ئەوە دەسەلمێننەوە کە سەرکردایەتی دەوڵەتی تورکیای تازە بە سەرۆکایەتی مستەفا ئەتاتورك خیانەتیان لە کورد کردووەو لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی ئەوروپاییدا پیلانیان لە کورد کردووەو بە پێچەوانەی وەعدو بەڵێنی خۆیان، کوردیان لە ماف نەتەوەیی و سەربەخۆیی مەحروم کردووە.
بە هەر حاڵ ئەم فیلمە یەکێکە لەو فیلمە دیکۆمێنتییە سیاسییە هەرە گرنگانەی کە بۆ دۆزی کورد تەرخان کراوە. زۆر بە روونی جەوهەرو کرۆکی دۆزی کوردی نیشاندەدات، فیلمەکە بارودۆخی کوردەواری لە چەند پارچەیەکی کوردستاندا بەرجەستە دەکات، لە کاتێکدا کە ئاماژە بۆ ناکامی و نسکۆهێنانی شۆڕشەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا دەکات، لە هەمان کاتدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شۆڕش تا وەدی هاتنی ئازادی و ئاشتی لە خاکی کوردستاندا هەر بەردەوام دەبێ..
پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ فیلمێکی دیکەش بکرێ کە بۆ خەبات و ژیانی کوردی ئێران تەرخان کراوە. ئەم کارە لەلایەن کۆمەڵە سینەماکارێکی هۆڵەندییەو وێنەگیراوە، ماوەکەی ٣٥ دەقیقەیە. فیلمەکە مۆنتاجێکی یەجگار جوان کراوە. بونیادی فیلمەکەو زمانە سینەماییەکەی زۆر رۆمانسیانەو شاعیرانەیە. فیلمسازەکان زیرەکانە کامیراکانیان خستۆتە سەر پەڕینەوەو کۆچبەران و پێشمەرگە کوردەکان لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کوردستانی عێراق، بەمەش تەکید لەسەر مەسەلەیەکی یەجگار گرنگ سەبارەت بە گەلی کورد دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە کودستان یەك وڵاتە و ئەو سنورانەی ئێستا هەن، سنوری دەسکردن و ئیمپریالیزم دایناون..
(عیادەی دکتۆرە فەرەنسییەکە) فیلمێکی دیکەیە کە هەندێ رۆژنامەوانی فەرەنسی بە هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا وێنەیان گرتووە. فلیمێکی دیکۆمێنتی کورتە، ماوەکەی شەش دەقیقەیە، رەنگینە، ئەو کارە خێرخوازییە پیشان دەدات کە دکتۆرێکی فەرەنسی بۆماوەیەکی درێژو لە هەلومەرجێکی دژواردا لە چیاکانی کوردستان و لە ناو هێزی پێشمەرگەدا

ئەنجامی دەدات. لە فیلمەکەدا دکتۆرەکە بە گوندو شارۆچکەکانی کوردستاندا دەگەڕێ بۆ چارەسەری بریندارانی کورد. ژیانی سەختو دژواری کوردو پەریشانیان بەدەست پاسدارانی ئێرانەوە لە فیلمەکەدا بە جۆرێ بەرجەستە دەکرێ کە تەماشاڤان خۆبەخۆ دەبێ بەشایەت بەسەر کردەوە دڕندانەکانی رژێمی ئێرانی دژ بە گەلی کورد.

بەڵام فیلمی (هەڵەبجە، هێروشیمای دووەمە) گرنگترینو مێژوویترین فیلمە دەربارەی کورد، ئەم فیلمە لەلایەن وێنەگرانی ئێرانییەوە گیراوە، رەنگینە، ماوەکەی ٢٥ دەقیقەیە باسی کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، لە ئازاری ١٩٨٨دا دەکات. فیلمەکە بە پیشاندانی هەندێ بابەتی ئەرشیفی دەربارەی کارەساتەکەی هێروشیما کە لە ساڵی ١٩٤٦دا گیراوە دەست پێدەکاتو بەیناو بەین هەندێ دیمەنی کارەساتی هەڵەبجەی تێهەڵکێش دەکات، وەك ئەوەی بیەوێ بەراوردێك لە نێوان ئەو دوو کارەساتەی مێژووی مرۆڤایەتی بکات. پاش ئەوە کامیرا بە نێو دەشتی بەرینو سەوزی هەڵەبجەو شەقامە کپو ئارامەکانیو خەڵکە بێ تاوانەکەی بەر لە رووداني کارەساتەکە دەکەوێ. لەگەڵ ئەو دیمەنانەدا دەنگی بێژەر دێ کە باسی مێژووی شارەکەو ژمارەی خەڵکەکەیو شێوازی ژیانی رۆژانەیان دەکات... ئەوجا لەپڕ دەنگێکی ترسناك دێ کە بەرەبەرە زیاد دەکاتو دەبێ بە تەقینەوەیەکی کوشندە.. دوای تۆزێ دووکەڵێکی رەشو چڕی گازی ژەهراوی ئەو شارە سەوزە دادەپۆشێ، بزەی سەر لێوی خەڵکەکە دەکوژێ، هاوار بەرز دەبێتەوە، خەمو شینو شەپۆر هەموو شار دەگرێتەوە... پاشان بێدەنگییەکی کوشندە شاشەکە دادەپۆشێ. ئەوسا چڕە دوکەڵە رەشەکە بەرە بەرە دەڕەوێتەوەو سامناکی کارەساتەکە دەردەکەوێ. جەنازە لە هەموو شوێنێ کەوتووە، هەندێکیان بە مردوویەتی باوەشیان بە منداڵەکانیاندا کردووە. هەندێکی دی بەدەم کارکردنەوە مردوون، قوتابی بەکۆمەڵ لە باریگەی قوتابخانەکانو بەسەر کورسی ناو پۆلەکانیانەوە مردوون. ماڵەکان رووخاون، هاواری زندووەکان دەگاتە عەرشی عەزیم، لە چەند دەقیقەیەکدا هەزاران کورد بە بەرچاوی دنیاوە کوژران!.

بێگومان ئەم فیلمە شایەدییەکی هەرە زیندووە لەسەر رەفتاری تاوانکارانەی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد کە بێگومان داگیرکەرەکانی تری کوردستانیش درێغیان نەکردووە لە جینوسایدی کورد.

هەروەها (کوردستان لە ساڵانی١٩٧٧-١٩٧٨) دا فیلمێکی دیکەی ئەڵمانیای رۆژاوایە. مەبەستی فیلمەکە بریتییە لە ناساندنی بارودۆخی گەلی کورد بە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیو هاندانی بۆ هاوکاریو هاوسۆزی گەلی کورد. فیلمەکە کورتە، رەنگینە، ماوەکەی دە دەقیقەیە. بابەتی سەرەکی فیلمەکە بریتییە لە نیشاندانی خۆپیشاندانێکی گەورەی پشتیوانی لە گەلی کورد، لەبەردەم سەفارەتخانەی عێراق ی لە لەندەن، کە خۆپیشاندەران داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن، دەستبەرداری چەوساندنەوەی گەلی کورد بێ. فیلمسازەکان بە روونیو زیرەکانە هەوڵیانداوە ئەوە بسەلمێنن کەمەسەلەی کورد، لەوە دەرچووە مەسەلەیەکی ناوخۆ بێو چەوسێنەرانی کورد ناتوانن چیتر رای کۆمەڵگەی جیهانی بەو بیانووە لاوازانە چەواشە بکەن،

مەسەلەی کورد تازە بووە بە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتی و ملیۆنان ئازادیخوازو ئاشتی پەروەری دنیا هاوسۆزی لەگەڵ دەکەن.
بە هەر حاڵ نەبوونی دەوڵەتی کوردی کاریگەری سەلبی بەسەر زۆر واری ژیانی کوردەوارییەوە هەبووەو هەیە، دیارە ئەم کاریگەرییە سەلبییە بواری هونەری سینەمای کوردیشی گرتۆتەوە، کە دەتوانێ بۆشایی زۆر گەورە لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد پڕ بکاتەوە، بۆیە ناکرێ چیتر ئەو بوارە لەلایەن دەسەڵاتداران و کادرانی هونەریی کوردەوە فەرامۆش بکرێ، چونکە ئەوەی هونەری سینەما دەتوانێ بیڵێ و بیگەیەنێ، بە زۆر چەلەنگی و چالاکی دیکەی هونەری و سیاسی نایەتە گوتن و گەیاندن و سینەما بۆ ئێمەی کورد، رەنگە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ لە هەموو هونەرەکانی دیکە گرنگترو لە پێشتربێ...

((٥))

((کارە هونەرییەکانی گۆنای لە ریزی پێشەوەن))

هەڵبەتە کە باس بێتە سەر دۆزی نەتەوەیی کوردو بەرجەستە کردن و نیشاندانی لە رێگەی هونەری سینەماوە، بە تایبەتی بواری سینەمای دیکۆمێنتی، ئەوا یەڵماز گۆنای و کارە هونەرییەکانی، بە حوکمی ئەوەی گەورەترین پانتاییان لەو وارەدا گرتووەتەوە لە ریزی هەرە پێشەوە دێن و دەبێ هەڵوەستەی تەواویان لەسەر بکرێ.
گۆنای لە ساڵی ١٩٣٧دا لە گوندێکی دوورە دەستی چەپەکدا بە نێوی (یەنیجە) لە باشووری تورکیا لە دایك بووە، لە خانەوادەیەکی یەجگار هەژار بووە، ناویان نا یەڵماز (واتە: خورت، بەهێز، پتەو) دایك و بابی بۆیە ئەو ناوەیان لێنا، بەو هیوایەی کە ببێ بە فەلاحێکی بەهێزو رۆژێ لە رۆژان باری سەرشانی بابە هەژارەکەی سووك بکات، بەلەنگازانە قەت بیریان بەلای ئەوەدا نەدەچوو رۆژێك لە رۆژان ئەو منداڵە دەبێ بە یەکێك لە ناودارەکانی جیهان، دەبێتە مایەی شانازی گەلەکەی، یان لە قەبرستانی گەورە ناودارانـدا دوور لە زێدو مەفتەنی خۆی لە پاریسی پایتەختی وڵاتی فەرەنسادا دەنێژرێ.
گۆنای دەربارەی لە دایك بوونی خۆی دەڵێت: "من وەکو هەموو منداڵانی گوندەکەمان درەنگ تەسکەرەم وەرگرتووە، بۆیە بە تەواوەتی رۆژی لە دایك بوونەکەم نازانم".
یەڵماز گۆنای لە خانەوادەیەکی کورد لە دایك بووە، وەك زۆر خێزانی کوردی دیکە، لە سیوەرەك–ەوە، کۆچیان کردووەو کوردستانیان بە جێهێشتووە، ئیدی یان لە برسان یان لە ترسی زوڵم و زۆرو چەوسانەوەی رژێمی تورکیا، ئەم خانەوادە کوردە، وەکو زۆر خێزانی کوردی دی ناچار لە چوارچێوەی سیاسەتی تواندنەوەو بە تورککردنی گەلانی غەیرە تورکدا، ناوی خێزانەکەیان گۆڕیوەو کردوویانە بە (بوتون).
هەڵبەتە گۆنای وەکو هەموو منداڵەکانی دیکەی گوندەکەی خۆیان، برسیەتی، سەرما، رووت و رەجاڵی، هەژارەو، گیروگازی کار کردنی لە منداڵییەوە، جەڕباندووە، دیارە ئەم ژیانە سەخت و دژوارە بووە بە هەوێنی بیرو بیرکردنەوەی و پاشان کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی هۆش و گۆشی.

جا یەڵماز گۆنای لە باسی خۆیدا دەڵێت: "هەتا ئێستا ئەو دژواریو کولو کۆڤانو تاڵاوانەم لە یادن کە لە منداڵیدا چەشتوومن، بیرمە، چاکم لەبیرە خۆشی بەرێکەوتیش رووی نەکردۆتە ماڵی ئێمە. بابم، بە بەردەوامی، لە خوتو خۆڕایی، یان لەبەر بچووکترین شت، لە داکمی دەدا، لە ماڵ وەدەری دەنا، زۆرجار ئێمەی زاروکێشی لەگەڵدا وەدەردەنا. دار تووییەكو دوو دار هەنجیر لە بەرانبەر ماڵەکەمان بوو، تاکو بەیانی لەگەڵ دایکمدا لە ژێر ئەو دارانە دەنووستین. بەڵام دایکم هەندێ جار دەستی منو براکەمی دەگرتو بە پێیان دەمانمکوتا بۆ ماڵی خزمێکمان لە ئەزەنە-بەینی گوندەکەمانو ئەزەنە ٢٧ کیلۆمەتر بوو. هەرگیز ناتوانم حاڵی دایکم لە بیر بکەم کە بە درێژایی رێگەکە دەگریا، بە تایبەتی ناتوانم ئەو گۆرانییە خەمینو تۆڵە ئامێزانە لەبیر بکەم کە دایکم بەدەم فرمێسکەوە دەیگوتن..."

یەڵماز لە ژینگەیەکی زۆر سەختدا ژیاوە، بەڵام ئەم سەختیو دژوارییە کوڵی پێنەداوە، بەڵکو گیانی رەفزو بەگژاچوونەوەی لەلا دروست کردووە. بە خۆی باسی ئەو بارودۆخە دەکاتو دەڵێ: "من کوڕە جوتیارێکی هەژارم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناچارت دەکات جۆرە ژیانێکی تایبەتی بژی، کەبە قووڵی کار لە هۆشمەندیو هۆشیاری بنیادەم دەکات. کە منداڵ بووین هاوڕێیەکم هەبوو ناوی سلۆ بوو، ئەویش کورە جوتیارێکی هەژاری وەکو بابی من بوو. کوڕە ئاغاکان نا چاریان دەکردین گەمەی عەرەبانەو ئەسپیان لەگەڵدا بکەین. دیاری ئێمە ئەسپ بووینو بەکندر عەرەبانەکەیان پێوە دەبەستینو ئەمریان پێدەکردین بە بەردەمیان دا غار بدەین، جارێکیان سلو نەخۆش کەوت، نەخۆشییەکی دوورو درێژ، بردیان بۆ شار بۆ چارو مالیجە، بەڵام سلۆ بە جەنازەیی بەسەر عەرەبانەیەکەوە هێنراوە کە دوو ئەسپ رایان دەکێشا، ئیدی لەو رۆژەوە رازی نەبووم ببمە ئەسپ لە گەمەی منداڵە دەوڵەمەنداندا..."

هەڵبەتە ئەم گیانی رەفزو بەگژاچوونەوەیە لەگەڵ یەڵمازدا هاتو گەورە بوو، ئەگەر لە منداڵیدا کاردانەوەیەکی منداڵانەو بێ ئاگایانە بوو بێ، ئەوا لە گەورەییدا بە هۆشیارییەوە مومارەسەی کردووە. بابی یەڵماز دەیویست، یەڵماز ببێ بە وەرزێرێکی خورتو چەلەنگ، لە قوتابخانەدا چۆنیەتی چاندنی توتن، و هونەری کێشانەی پەموو و فرۆتنی فێر بێ، لێ یەڵمازی سەرسەخت شتێکی دیکەی دەویست "... دەمزانی چم دەوێ، بەڵام بێگومان ئەوەی من دەمویست ئەوە نەبوو کە بابم دەیویست.".

هەموو هۆشو گۆشی یەڵماز هەر لەلای خوێندنو خوێندەواری بوو، لە دڵی خۆیدا بەڵێنی بەخۆی دەدا کە بە هەر نرخێ بووە بخوێنێو خوێندن تەواو بکات. دیارە ئەم مکوڕ بوونو سوور بوونە لە هەندێ نووسینیدا رەنگی داوەتەوەو بەرجەستە کراوە بە تایبەتی لە رۆمانی (بەلارە ملێوە مردن، لە ساڵی ١٩٧٢ خەڵاتی ئورهان کەمالی وەرگرت کە گەورەترین خەڵاتی ئەدەبی تورکیایە)، کە لەوێدا کامیر، کە جووتیارێکی هەژارە، هەموو شتێك دەکات بۆ ئەوەی (رەمزی) کوڕی بناتە بەر خوێندن.

خوێنەر هەست دەکات کە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ژیانی یەڵمازو قارەمانە چکۆڵەکەی رۆمانەکەدا هەیە، ئەو منالە، زۆر دڵپاكو پڕ سۆزە، بەڵام سەر سەختو چاو قایمە، بەو منداڵییە

دەیەوێ مرۆڤێکی ئازاد بێ، ملکەچی کۆمەڵگەی فیوداڵی نەبێ، تاقە ڕێگەش بەلای ئەوەوە هەر خوێندنە.
جا سەر بهوردی یەڵمازیش بە دوور لە ڕۆمانسیەتی ناو چیرۆكو ڕۆمانان وابووە، وێڕای ئەوەی بابی زوو مردووە، دووچاری دژواری سامناکی ژیانو بژێوی بووە، بەڵام دەستبەرداری خوێندن نەبووە. سێ پۆلی سەرەتایی لە گوند خوێندووە، بەدەم خوێندنەوە کاری وەرزێری کردووە، پاشان قۆناغی ناوەندیو ئامادەیی لە شاری ئەزەنەی باشووری تورکیا تەواو کردووە، یەڵماز بە ڕۆژ دەیخوێندو بەشەو کاری دەکرد، کاری جۆراوجۆری دەکرد، ناچار بوو کار بکات، لەلایەکەوە بۆ دابین کردنی ژیانی خێزانەکەیانو لەلایەکی ترەوە بۆ دابینکردنی خۆراكو پۆشاكو دەفتەرو کتێبانی قوتابخانە.
یەڵماز گۆنای ئەم لاوە خورتو کۆڵنەدەرە زوو پەی بەوە برد کە لە شەڕی ژیاندا تەنیاو تەنیا باڵەو پێویستە بەرەنگاری بێتەوەو سەر بکەوێ بۆیە لێبڕا واقیعیانە ژیان بفامێو دەرکی بکات، لە گەل نزیك بێتەوە، تا زیاتر بیناسێتو هەست بە ئێشو ئازارەکانی بکات.
گوتمان یەڵماز گۆنای لە پێناوی ژیاندا کاری جۆراو جۆری کردووە. یەکێك لەو کارانەی ئیش پێ کردنی فیلمان بووە لە کۆمپانیای (ئەند فیلم)دا. ڕۆژانەی حەوت لیرەی تورکی بووە. پاشان چووەتە کۆمپانیای سینەمایی (کەمال فیلم)و ڕۆژانەی هەشت لیرە بووە. لە ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٤دا کاری لە کۆمپانیای نێو براودا کردووە. ئەم کارە وای دەخواست بە گوندو شارەکانی کوردستاندا بگەڕێ، بە تایبەتی لە ناوچەکانی ئالعەزیز و غازی عەنتاب و دیاربەکر... ئەمەش وایکرد یەڵماز لە نزیکەوە بەژیانی کرێکارانو وەرزێرانو جووتیارانو چەوساوانی هاو نەژادی خۆی ئاشنابێ. بیر بکاتەوە، پرسیار لەخۆی بکات، ئەدی ئەویش کورد نییە؟ بۆچی بابی هاتۆتە ناوچە تورکییەکان؟ ئەم جیاوازییە زۆرە چییە لە نێوان ژیانی ناوچە کوردنشینەکانو ناوچە تورك نشینەکاندا؟
بەرەبەرە بیۆ دەرکەوت کە خانەوادەکەیان یەکێکە لە قوربانییەکانی سیاسەتی بە تورککردن، ناچاریان دەکەن بە تورکی قسان بکەن، لە قوتابخانەدا فێریان دەکەن کە هەموومان تورکین.
هەروەها گەڕان بەناو کوردەواریو تێکەڵ بوون لەگەڵ کورداندا وایکرد یەڵماز لە نزیکەوە ئاشنای دابو نەریتو خووخدەو کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردی ببێو لە هەمان کاتدا ببێ بە شایەتێکی زندوو بەسەر ئەو هەموو زوڵمو زۆرەوە کە لە کورد دەکرێت. هەڵبەتە هەموو ئەم گەشتو گەڕانانە بوون بە کەرەستەو هەوێنی هەموو بەرهەمەکانی یەڵمازو زۆربەی نووسینە نۆبەرەکانیو پاشان کارە سینەماییەکانی لەو سەرچاوانە هەڵێنجاوە. چیرۆکەکانی سەرتای زادەی ڕێکەوت نەبوونە، بەڵکو زادەی گەڵاڵەبوونی بیرو بۆچوونی تایبەتی بوونە دەربارەی ئەو واقیعانەی باسمان کرد، هەر ئەم هەوێنەش بوو کە جیهانبینی ریالیزمی کۆمەڵایەتی لەلا مەیاند.
یەڵماز لە ساڵی ١٩٥٥دا خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواوکرد. چووە کۆلیژی ماف لە زانکۆی ئەنکەرە. بەڵام زۆری نەبرد لەبەر دەستکورتی وازی لە خوێندن هێناو بۆ ئەزەنە گەڕایەوەو لە کۆمپانیای فیلمی سینەما کەوتەکار، پاش ماوەیەکی کورت چوو بۆ ئەستوموولو چووە کۆلێژی

ئابووری لە زانکۆی ئەستەموول. لەم سەروبەندەدا خووی دایە ئەدەبیات بەگشتی و چیرۆك بە تایبەتی. گوایە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دوو گۆڤاری دەرکردووە، بەڵام لەبەر بێ پارەیی زوو وازیان لێهێناوە.

یەڵماز کەوتە نووسینی چیرۆکی ریالیستی هەمە بابەت و هەمە نێوەڕۆك، زۆربەی ئەو چیرۆکانە بەشێوەی راستەوخۆو نا راستەوخۆ رووداوەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی و ژیانی خەڵکی دەوروبەرەکەی خۆی بەرجەستە کردووە، جارێکیان یەکێك لەم چیرۆکانە لەلایەن دەسەڵاتەوە کەوتە بەر تاقیب. ئەمە لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو. ئیدی لەوە بە دواوە تا دوا ساتی تەمەنی بەداخەوە کارە ئەدەبی و سینەماییەکانی خرانە بەر تاقیب و سانسۆری هەموو حکومەتە یەك لە دووی یەکەکانی تورکیا بە جیاوازی رێبازی سیاسی و هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیانەوە.

ئەو چیرۆکە ناوی (هاوکێشەیەکی ٣ نادیار) لە کاتی خۆیدا لە گۆڤاری ١٣دا بڵاوبوەوتەوە. ئەم چیرۆکە باسی بارودۆخی ژیانی ئافرەتێکی هەژاری گەنج دەکات کە چۆن بووە بە قوربانی چەوساندنەوەو تاڵانکاری کۆمەڵگەی فیودالی. تاوانی ئەم ئافرەتە- هەڵبەتە لە روانگەی دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە- ئەوەیە کە زاتی داوەتە خۆی و رووبەڕووی کابرایەکی فیودال وەستاوەتەوەو پێی گوتووە (هەر ئەو رۆژە دێ کە کۆتاییت بێ). دەسەڵاتداران ئەو رستەیەیان قۆزتەوەو یەڵمازیان بەوە تاوانبار کرد کە گوایە بانگەشە بۆ کۆمۆنیزم دەکات. ئەوە بوو دادگا بە غیابی دادگایی کردو حەوت ساڵ و نیو زیندانییان بۆ بڕییەوە. بەڵام پاشان حەپسەکەیان بۆ کرد بە ساڵ و نیوێك زیندانی و شەش هەیڤان دوور خستنەوە. ئیدی بەو جۆرە یەڵماز یەکەمجار بە تۆمەتی بانگەشەکردن بۆ کۆمۆنیزم حەپس کرا، بێ ئەوەی بزانێ وشەی کۆمۆنیزم مانای چییە.

بە خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: "دوو ساڵم لە زینداندا قەتاند بێ ئەوەی بزانم کۆمۆنیزم مانای چییە، بەڵام ئەو وشەیەم لێ بوو بە مەراق، و دەمویست ئەو شتە بزانم کە لە سەری زیندان کراوم، ئەوە بوو لە حەپسخانەدا ئاشنای بەرهەمو نووسینەکانی مارکس، ئەنگلزو لینین بووم... ساڵانی حەپسخانەو نەفی بۆ قۆنیا، بۆم بوون بە قوتابخانەیەکی تەواو..".

یەڵماز، لە پاڵ کورتە چیرۆکاندا سیناریۆی هەمە جۆری بۆ فیلمێن سینەمایی-ش دەنووسی، هەڵبەتە یەڵماز بە رێکەوت و لە پێناوی نان پەیدا کردندا هاتۆتە ناو جیهانی سینەماوە. بەڵام بە رادەیەك تینوو شەیدای ئەدەب و هونەر بوو، ناچار بوو زۆر بە جدی بیر لە فێربوونی هونەری سینەما بکاتەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٧دا ئاشنایەتی لەگەڵ دەرهێنەری نێودار (عاتف یەڵمان)دا پەیدا کرد. هەڵبەتە گۆنای فەزڵ و چاکەی ئەو هونەرمەندەی هەرگیز فەرامۆش نەکردووەو ئەوەتا بە خۆی لە دیمانەیەکیدا، لەو بارەیەوە دەڵێت: "یەکەم کەسێك کە کاریگەری بنجبڕی لەسەر ژیانی هونەریم و رێبازو هەڵبژاردنی پیشەییم و دیاریکردنی ئایندەی سینەماییم هەبوو، دەرهێنەری سینەمایی (عاتف یەڵمان) بوو، کە یەکەم زەمینەی بۆ خۆش کردم کە وەکو ئەکتەر دەوری سینەمایی ببینم. بە فەزڵی ئەو چەندین ساڵ ئەو کارە هونەرییەم کرد".

لە کۆتایی ساڵانی پەنجایەکانی سەدەی بیستەدا بەهرەی یەڵماز چ وەکو سیناریستێکی سەرکەوتوو و چ وەکو ئەکتەرێکی باریکەلەی باڵا دەرکەوت، هەر لە یەکەم فیلمەکانییەوە وەکو

داهێنەرێکی تەواو خۆی نواند (ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە، مامزی سپی، دوو پیاوە ئازاکە، زەمەنی تووتن‌و...) یەڵماز، لەو کاتانەدا کە دەسەڵات تاقیبیان دەکردو لە دووی دەگەڕان، سیناریۆی دەنووسی، بەشداری نواندنی فیلمانی دەکرد، نەیدەویست مل بۆ ئەو بڕیارە زاڵمانانە بدات. بەڵام دەسەڵات پاش چوار ساڵان تاقیب‌و ڕاوەدوونانی، توانی لە ساڵی ١٩٦١دا دەستگیری بکات‌و لە بەندیخانەی توند بکات، بۆیە لەو ڕۆژانەوە ئیدی یەڵماز بە حەپسخانان ڕاهات.

پاش ئەوەی یەڵماز خرایە زیندانەوە، حکومەت دڵی بەوە خۆش کرد کە بەو کارە یەڵماز لە جیهانی سینەماو لە جەماوەرە زۆرو بە ئەمەکەکەی دوور دەخاتەوە. بەڵام حکومەت خەیاڵی خاو بوو، خۆشەویستی جەماوەر بۆ یەڵمازو هونەرەکەی لەوە گەورەتر بوو کە حکومەت پێشبینی دەکرد. بە هەر حاڵ یەڵماز کۆڵی نەدا، لە بۆتەی حەپسخانانداندا زیاتر قاڵ بووەوە، لە وێندەریش دەستبەرداری چیرۆك و سیناریۆ نووسین نەبوو، بە بەردەوامی نووسینەکانی بۆ وەشانخانەکان دەنارد بە ئومێدی چاپکردن‌و وەشاندنیان. لێ کۆمپانیا بازرگانییەکانی چاپ‌و وەشاندن نەیاندەوێرا خۆ لە قەرەی ئەو کارە بدەن، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی گۆنای تۆمەتبارێکی سیاسی بوو و لە زینداندا بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی نووسینەکانی ڕاستگۆو واقیعی بوون، ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هەژارانی تورکیای هاوچەرخ بوون، بۆیە یەڵماز بە یەکێك لە درێژەپێدەرانی ریالیزمی نوێ دەژمێردرێ‌و بە نووسین‌و هونەر ئەوەی بەرجەستە کردووە.

بە هەر حاڵ ئەم لاوە تازە کورەیە ترسی خستبووە دڵی بۆرژواکان‌و دەسەڵاتدارانەوەو سانسۆرێکی زۆری لەسەر بوو، و نەیاندەهێشت بەرهەمەکانی بڵاوببنەوە، بۆیە یەڵماز بوتون بە ناچاری ناوی ئەدەبی‌و هونەری خۆی گۆڕی‌و ناوی خوازراوی گۆنای بۆ خۆی هەڵبژارد کە بە تورکی مانای باشووری‌و بە کوردی مانای هەژار دەگەیەنێ.

هەڵبەتە ئەو ناوە بە ڕێکەوت و لە خۆڕا هەڵنەبژێردرا، بەڵکو زادەی کول‌و کۆڤانی تایبەتی خۆی‌و لە هەمان کاتدا بەگژاچوونەوەی دەسەڵات بوو، چونکە (یەڵماز گۆنای) دەلالەتی گەورەو دەوڵەمەندی هەیە (نەبەز باشووری- هەژاری خورت) دەگەیەنێ، ئیدی گۆنای لەو ڕۆژە بە دواوە بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی تاریکی تورکیا، بەمجۆرەو لە زینداندا قۆناغێکی هەرە سەخت‌و گرنگی دروست بوونی کەسایەتی هونەری‌و سیاسی گۆنای تەواو بوو، و قۆناغێکی گرنگترو قووڵتر دەستی پێکرد کە ئەویش دانانی هێڵە گشتییەکانی ڕێچکە هونەرییەکەی بوو.

ئەفسانەی (پاشای ناحەز):

زیندان‌و حەپسخانە نەك هەر کۆڵیان بە یەڵماز گۆنای نەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئاواتەکانی دەسەڵاتی لە قووڵایی زیندانەکاندا لە گۆڕناو، زیندانی کرد بە قوتابخانەیەك‌و تواناو بەهرەکانی لەوێندەرەوە گەشانەوە. لەو گۆشەو پەناو پاسارە تاریکانەوە دەستی بە نووسینی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (بەلارە ملێوە مردن) کرد کە پاشان گەیاندییە ئاستی نووسەرانی ناوداری جیهان، ئەم ڕۆمانە بۆ زۆر زمانی زندووی جیهان وەرگێردراوە.

بەڵێ، گۆنای لە زینداندا بوو بە نووسەرو هونەرمەندێکی واقیعی پەیامدار. لەو رووەوە دەڵێت: "زیندان بە هیچ جۆرێ کاری تێنەکردم... ئەو چیرۆکەی نووسیم لە واقیعەوە وەرمگرتبوو، بەئەمانەتەوە باسی بەسەر هاتو ئەزموونەکانی خۆمو ئەزموونی هاوڕێیانی دیکەم تیایدا کردبوو، لەوساوە من بابایەکی ئەمینو دڵسۆزو وەفاداری ئەم هێڵە واقیعییەم لە هەموو کارەکانمدا، چ کارە ئەدەبییەکانمو چ کارە سینەماییەکانم".

یەڵماز لە زینداندا بیری لەوە دەکردەوە کە پاش ئازاد بوون چ بکات، لە ئەنجامدا گەییە ئەو قەناعەتەی کە لە ڕێگەی سینەماوە هەموو ئاوات و ئارەزووەکانی دێنە دی. بەڵام چۆن؟ پاش لێکدانەوەو تاوتوێ کردنی هەموو لایەنێکی ئەو بابەتە گەییە ئەو قەناعەتەی ئەم لە ڕێگەی نواندنەوە لە فیلماندا، با فیلمی بازرگانیو بازاڕیش بن دێتە دی، گرینگ ئامانجە.. کە لە زیندان هاتە دەرێ، ماوەیەکی زۆر بە دوای کاردا گەڕا، هەر کارێك بێ، ئەنجام بەختی کرایەوەو لە کۆمپانیای میریج فیلمدا کاری دۆزییەوە، لەوساوە، واتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ـەوە ئیدی یەڵماز وەکو ئەکتەرو سیناریستێکی بەهرەدارو ئایندە رووناك کەوتە سەر شاشەی سینەمای تورکیو رۆژ لە دوای رۆژ پتر دەکەوتە بەر رۆشناییو زیاتر دەناسراو جەماوەری پەیدا دەکرد. هەڵبەتە ئەمە داموو دەزگا ئەمنییەکانو بۆرژوایانی خودان سینەما بازرگانییەکانی نیگەران کرد، لە بەینی خۆیاندا کەوتنە چپە دوو، تەگبیریان چییە؟! ئەم بەلایەیان لە کوێوە بۆ پەیدا بوو، ئەم لاوە گوندییە هەژارە، ئەم چڕوچاوە، لە ئەکتەرە قۆزو ناودارەکانی ئێمە جوانتر دەور دەبینێ، رۆژ بە رۆژ جەماوەری زۆرتر پەیدا دەکات، لە هەر سینەمایەك فیلمی ئەو لێبدرێ هۆڵەکان بەرناکەون؟ چ بکەن باشە؟ بەو جۆرە بۆرژواکان لە ڕێگەی کۆمپانیا بازرگانییەکانی سینەماو رۆژنامەوانە بازاڕییەکانەوە کەوتنە پەلاماردانی گۆنایو ناوی (پاشای ناحەز)یان لێنا. بۆیە بەخۆی رووی دەمی دەکاتە بۆرژوایانی سینەماو بە دەنگی بەرز پێیان دەڵێت: "... ئەگەر ئەکتەرەکانی ئێوە شاجوان بن، با من شای ناحەز بم..."

ئیدی رۆژنامەوانی بۆرژوازی ئەو ناوەیان بەسەردا بڕی. بە هەر حاڵ ناحەزانی گۆنای زۆریان هەوڵدا ئەفسانەی گۆنای لە سینەمای تورکیدا بسڕنەوە بەڵام پێیان نەکراو لە ئەنجامدا مەجبوری بوونەوەو کەوتنە پشی پشی بۆی کە بێت لە فیلمەکانیاندا کار بکات، هەڵبەتە نەك لەبەر خۆشەویستی گۆنای، بەڵکو لەبەر بوژاندنەوەی باری خواری سینەمای تورکیو وەدەست هێنانی قازانجی زۆر بۆ خۆیان.

بە هەر حاڵ، یەڵماز هەوادارانێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد، ڕەنگە یەکێك لە هۆیەکانی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر چەندە گۆنای کوڕە جووتیارێکی نەداراو هەژار بوو، لە ژینگەیەکی دێهاتی پاشکەوتوو پەروەردە بوو بوو، و کۆمەڵگەی بۆرژوازی ڕێگەی ئەو جۆرە کەسانەی نەدەدا بەئاسانی بگەنە ناو مەملەکەتی ئەوانو پێگەیەکی دیار لە بواری هونەردا، کە بە جیهانی تایبەتی خۆیانیان دەزانی، بگرێ. هەروەها ڕەنگە هۆیەکی تری بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چونکە گۆنای لە ژینگەیەکی جووتیاری پەروەردە ببوو، دەیزانی چۆن خەڵکی هەژارو بێنەواو سادە بدوێنێ، چۆن بەرجەستەیان بکاتو بە چ لایەکدا ئاراستەیان بکات، بۆیە کە فیلمەکانی گۆنای لە هەر

سینەمایەکدا لێدەدرا خەڵکێکی زۆر بۆی دەچوون. چونکە جددیەتی کارە هونەرییەکانی دەیکردە کارێك ئەو خەڵکە خۆیانی تیا بدیننەوەو زۆر بە جوانی وەکو لاوێکی لێهاتووی قۆزی بەژن و باڵا رێك بێتە بەر چاویان. بە هەر حاڵ ئەگەرچی رۆژنامەی بۆرژواکان ناوی (پاشای ناحەز)یان بەسەردا بڕی بوو، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیعتراف بوو بە هونەرمەندی ئەوو سەرکەوتنێکی گەورە بوو کە بە زەبری بەهەرمەندیو بلیمەتی خۆی بە دەستی هێنا.

بە هەر حاڵ لەم ماوەیەداو تا ساڵی ١٩٦٨ یەڵماز گۆنای لە بواری نواندندا بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی سینەمای تورکی، دەرهێنەرانو بەرهەمهێنەرانی چاكو خراپ روویان لێدەنا کە کاریان لەگەڵدا بکات. یەڵماز ساڵانە لە نزیکەی "١٠" فیلمدا تەمسیلی دەکرد، لە ماوەی پێنج ساڵێکدا لە پتر لە ٦٠ فیلمێکدا تەمسیلی کرد، لەوانە: (روباری سوور، مەڕە رەش، باڵندەی بریندار، هەر جارێ دەمرم زندوو دەبمەوە، دوا دڵۆپی خوێنم.).

هەڵبەتە گەلێك لە ناحەزانی گۆنای، بە تایبەتی هەندێ لە رەخنەوانانی سینەمایی بۆرژوا، بابەتی فیلمەکانی ئەم قۆناغەیان وەکو چەکێك دژی گۆنایو ناوزڕاندنی گۆنای بەکار دەهێنا، گوایە ئەو فیلمانە بازرگانیو بازاڕیو میلۆدرامینو چ مانایەکیان نییەو ئەوە نایەنن تەماشا بکرێن... بە هەر حاڵ ئەو حوکمانە دوور بوون لە راستییەوەو زیاتر زادەی ئەوە بوون کە کارەکانی گۆنای شەقڵی تایبەتی خۆیان هەبوو، و جیاواز بوون لە فیلمە تەقلیدییەکانی جیهانی سینەمای تورکی. لەلایەکەوەو گۆنای مەبەستی خۆی هەبوو لەلایەکی ترەوە، دەیویست شۆرەتو ناوو سامانێك پێکەوە بنێ تا پاشتر پرۆژە هونەرییەکانی خۆی پێ ئەنجام بدات، ئەو پرۆژانەی کە بەرە بەرەو بە تێپەڕبوونی رۆژگار لە مێشکیدا دەخەملێن. دیارە بەکارهێنانی ئەم شێوازە تاکتیکییە پاکانەی خۆی هەیەو لە مێژووی هونەری جیهانیدا باوو حەڵاڵە. خۆ ئەگەر گۆنای ئەوەی نەکرد بووایە ئەوا هەموو پرۆژەکانی ئایندەی بە ناکامی دەمانەوە. ئەوەتا بەخۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: "کارە بازرگانییەکانم بۆ من بەسوود بوون. بە فەزڵی ناوبانگو پایەی هونەریمو متمانەی بەرهەمهێنەرانو جەماوەری خەڵك پێمو ئەو قازانجانەی بە بۆنەی ناوو ناوبانگمەوە وەدەست دەهات، داوام کرد بەخۆم فیلمەکانم دەربێنم. دەمویست فیلمەکانم جیاوازبن بابەتو هەڵوێستی سیاسی خۆیان هەبێ، مارکسیزم وەکو فەلسەفەیەکی مرۆڤایەتی ببێ بە رێنوێنیانو وەکو میتۆدێکی ئەستاتیکیو هزری لەسەر بڕۆمو پابەندبم پێوەی".

ئامانجێکی دیکەی یەڵماز گۆنای ئەوە بوو کە واقیعی کوردەواری لەباری هونەرییەوە بەرجەستە بکاتو بە ناخی کوردەواریدا رۆبچێو نهێنییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کەشف بکاتو زۆرجار ناوی فیلمەکانی، قارەمانی فیلمەکانی بە جۆرێ هەڵدەبژارد کە ببێ بە کلیلی کردنەوەی نهێنییەکانی کوردەواری. بۆ نموونە فیلمی (گورگی چیاکوچرەۆ) بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ –دیارە لە ترسی سانسۆری تورکی– بەسەرهاتی قارەمانێکی میللی کورد دەگێڕێتەوە کە چۆن بەگژ سوپای تورکیدا دەچێتەوەو پاش خەباتێکی دوورو درێژو سەخت شەهید دەبێ. هەر لەو فیلمەدا چیرۆکی خۆشەویستییەکی بەتین هەیەکە لەو رۆژگارەدا مەگەر هەر لەناو کوردەواریدا،

وێڕای قەدەغە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە دژوارەکان، روو بدات. یەڵماز گۆنای لە ڕێگەی کەسایەتی قارەمانی فیلمەکەوە، کارەساتی ئافرەتی کوردی بێبەش لە هەموو مافێك پیشان دەدات.
یان لە فیلمی (یاسای سنوور)دا باسی ئەو سنوورە دەستکردانە دەکات کە بەناهەق وڵاتی کوردەواری پێ دابەش و پارچە پارچە کراوە. ڕووداوەکانی فیلمی نێو براو لەسەر سنووری نێوان تورکیا و سوریایە کە ئەم بەرو ئەوبەری مین ڕێژکراوەو ساڵانە دەیان کوردی بێتاوان دەبنە قوربانی. دیارە فیلمەکە ئەو یاسا ناڕەوایانە ریسوا دەکات کە بە تۆبزی بەسەر کوردی داماودا سەپێنراون.
ئیدی ڕووداوو بابەتی زۆربەی فیلمەکانی دیکەی گۆنای دەربارەی کوردستانی تورکیاو شاخە سەرکەشەکانی کوردستانە، دەربارەی گەلی کورد، داب و نەریتی ئەو گەلەو پابەندی ئەو گەلەیە بە خاك و وڵاتی خۆیەوە. هەر هەموو ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە گۆنای هەستێکی نەتەوەیی سەرکوتکراوی لەلا بووەو گەلی خۆی خۆشویستووە، ئەم هەستە بەرەبەرە لە ڕێگەی نواندنەوە دەرکەوتووە، بێگومان ئەسڵ و ژینگە کوردییەکەی، دەوریان لە پێکهاتەی کەسایەتی ئەدەبی و هونەری و سیاسی ئەو بینیوە. بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "بابم بەردەوام دەیگوت کە تاقە خەونم ئەوەیە کە ئەم وڵاتە بەجێبێڵم و لەم ژیانە دوونە بخەلەسێم. لە سەرەتادا لە مەبەست و مانای قسەکەی نەدەگەیشتم، لێ پاشان هەموو شتێکم لەلا روون بووەوە. ڕەگ و ڕەچەڵە کوردییەکەی زۆرجار دەبووە سەرچاوەی کوێرەوەری بۆی، بۆیە حەزی دەکرد لەو دەڤەرە غەریبە بار بکات. لە کاتی توڕەیی و هەڵچووندا، گۆرانی کوردی دەچڕی. پاشان ئەم نهێنییەشم هەڵهێنا، گۆرانی کوردی هێوری دەکردەوە، خەم و پەژارەی خۆی پێ هەڵدەڕشت."
بەهەر حاڵ با بێینەوە سەر فیلمەکانی، هەر چەندە نا حەزانی گۆنای، زۆریان غەدر لێکردو ویستیان بیشکێننەوە، بەڵام بەهرەو ڕەسەنایەتی بە هیچ شتێك ناشاردرێتەوە. مرۆڤ کە تەمەشای فیلمەکانی دەکات هەست بە واقیعیەتێکی زندوو دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بایەخێکی زۆری بە گیروگرفتەکانی خەڵك و کۆمەڵگە دەدا، ئاشقێکی گەورەی هونەری سینەما بوو، لە خەمی ئەوەدا بوو کە لە خەتی باوی سینەمای تورکی لابدات و وەرچەرخانێك دروست بکات. ئەوە بوو وەرچەرخانی دروست کرد، ڕەوتێکی واقیعی بوێرانەی داهێنا، لە ڕێگەی فیلمەکانییەوە گیروگرفتی ڕۆژانەی گەلی بەرجەستە دەکرد. بەوەش تێی دەگەیاندن کە لە چ بارودۆخێکی نا هەمواردا دەژین، خەڵکی کە تێگەیشت و ئاشنای بارودۆخی نا هەمواری خۆی بوو، بیر لە گۆڕان دەکاتەوە، تێ دەکۆشێت مرۆڤانە بژی. دیارە ئەمە بە دڵی دەسەڵات و چینی بۆرژوای تورکی نەبوو، بۆیە دەبووایە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، ئیدی جارێکی دی لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی بازاڕییەوە کەوتنەوە پەلاماردان و توڕەکردنی بۆ ئەوەی بیخەنە هەڵوێستی هەڵەوە تا بتوانن تۆڵەی لێ بکەنەوە. ئەوە بوو لە ڕۆژنامانەدا زۆر شتیان دەربارەی گوت، لێرەدا نموونەیەك لە خەرواری ئەو قسانەی دەگێڕینەوە: "ئەگەر ڕێگە لەم لاوە سەرکێشە نەگرین، ئەوا خۆشمان بێ و ترشمان بێ دێتە ناو مێژوومانەوە، جا لەوەش خراتر ئەوەیە بە ئارەزووی دڵی خۆی ئەو مێژووە تۆمار دەکات، فیلمەکانی پڕن لە دینامیکیەت، پشت بە لێدان و کوشتن و دزی

دەبەستن، بۆیە جەماوەری ئێمە خۆشیان دەوێ، تەنانەت جەماوەری رۆژئاواییش، بە تایبەتی ئیتاڵییەکان خۆشیان دەوێ".

هەڵبەتە خاوەنانی ئەو بیرو بیرکردنەوانە، حەقیقەتێکی تاڵیان فەرامۆش دەکرد، کە یەڵماز بە راستگۆیی و ئەمانەتەوە واقیعی پاشکەوتووی وێنە دەگرت و بەرجەستەی دەکرد. بۆیە تەمەشاڤان، بە تایبەتی تەماشاڤانی ئیتاڵی خۆشیان دەویست. تەمەشاڤانی ئیتاڵی گۆنای بە درێژەپێدەری ریالیزمی تازە لە سینەمادا کە مەڵبەندەکەی ئیتاڵیا بوو لە دوای دووەم جەنگی جیهانی، دەزانی.

بە هەر حاڵ بۆرژوازییەتی تورکی، ئەوەی لە توانایدا بوو دژی گۆنای کردی، بەڵام ورەی پۆڵایینی گۆنای و باوەڕی بەسەرکەوتن لەوە بەرزتر بوو بەوان بروخێنرێ. گۆنای جێ پێی خۆی لە جیهانی سینەمادا قایم کرد، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بەناودارترین سینەما کار لە تورکیادا، لە سەرانسەری وڵاتدا هاتەناسین، لەلاپەڕەی یەکەمی رۆژنامە گەورەکانی، لە دیواری موغازەو کۆگاکانی شارانی تورکیا، لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشین و هەژارنشینەکانا وێنەی بڵاودەبووەوە..

بە هەر حاڵ گۆنای بەرەبەر شۆرەتی پەیدا کرد، سەروەت و سامانی بەدەست هێنا، بۆرژواکان ملیان بۆ واقیع دانەواند، لە دڵی خۆدا دەیانگوت با ئەم کابرا درێوەش بێتە ریزی ئێمەوە، چارچییە، کەسێکە تازە بمانەوێ و نەمانەوێ هەیە. بەڵام لەم بۆچوونەشیاندا هەر بە هەڵەدا چوو بوون، چونکە شۆڕەت و سامان لای گۆنای ئامانج نەبوون، بەڵکو رێگە بوون بۆ وەدیهێنانی ئامانج. بۆیە هەر بەو شۆرەت و سامانەی پەیدای کرد، کەوتە بەرهەمهێنانی فیلمێن جددی ئەوتۆ کە بگونجێن لەگەڵ بیروبۆچوونە سیاسییەکانی خۆیدا، وەڵامی ئەو دەیان پرسیارانە بداتەوە کە خەڵکانی چەوساوە دەیانکردن. ئیدی لێرەوە گۆنای سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و لە دەرێی کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە کەوتە بەرهەمهێنانی فیلمێن ئەوتۆ کە بگونجێن لەگەڵ بیربۆچوونەکانی خۆیدا، ئەوەی لە رێگەی هونەرەوە روون دەکردەوە کە چۆن چینی چەوساوە، کە خۆی یەکێك بوو لەو چینە، دەچەوسێتەوەو لەلایەن کێوە دەچەوسێنرێتەوە. ئیدی بەمجۆرە کەوتەخۆ تاقیکردنەوەو لەساڵی ١٩٦٨دا فیلمی (سەید خان)ی دەرهێنا. بە هەر حاڵ رەخنەگران و پسپۆڕانی سینەما پێیان وایە ئەو فیلمە سەرەتای فیلمە واقیعییەکانی گۆنایەو ماناو تیمەیەکی قووڵ و ئامانجداری لە خۆگرتووە.

(سەید خان) فیلمێکی واقیعی بوو، ژیانی گوندی کوردەواری بە هەموو دواکەوتووییەکییەوە پیشان دەدا. سەید خان، کە یەڵماز بەخۆی دەورەکەی دەبینی، مرۆڤێکی ئاسایی ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەیە، وێڕای دەستکورتی خۆی دەیەوێ بەپێی توانا یارمەتی هەژاران بدات. کەسایەتییەکی ورە بەرزە، مل بۆ زوڵم وزۆر نادات.

((فیلمی سەید خان))

تەماشاڤانان خۆیان لە کەسایەتی (سەید خان)دا دەبینییەوەو لە نێوان خۆیاندا بەفلان و فیساریان دەشوبهاند، هەر ئەوەش سەرچاوەی سەرکەوتنی فیلمەکە بوو، پتر لە ٨ ملیۆن کەس

ئەو فیلمەیان بینی. ئەمەش زۆرترین ژمارەی تەماشاڤان بوو لە مێژووی سینەمای تورکیدا. هەروەها لە فیستیڤاڵی سینەمایی ئەزەنەدا، لە ساڵی ١٩٦٩ خەڵاتی (گۆزەی زێڕین)ی وەرگرت کە گەورەترین خەڵاتی فیستیڤاڵی نێو براو بوو. هەروەها گۆنای بە خۆیشی لەو میهرجانەدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی وەرگرت. سەرکەوتنی فیلمەکە رەخنەگرانی والێکرد کە لەگەڵ فیلمی (زەوی دەلەرزێ)ی دەرهێنەری ئیتاڵیایی بەناوبانگ لوکینوفیسکونتیدا بەراوردی بکەن.
بە هەر حاڵ ئەم فیلمە هێندەی دی پایەی هونەری گۆنای چەسپاندو شۆرەتی لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبووەوە. بەڵام گۆنای هەر بەوەندە سوکنایی نەدەهات. ئەز ئەزموونە هەنگاوێك بوو بەرەو رێگەیەکی دوورو درێژ، رێگەیەکی رۆشن بەڵام لە هەمان کاتدا سەخت. بەخۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەم فیلمە لە ئاستی خۆزگەکانمدا نەبوو، لاواز بوو، بەڵام بە هەر حاڵ فیلمێکی پاك بوو، بە هەر حاڵ من لە میانەی ئەزموونم لەم فیلمەدا، زۆر نهێنی ئەو پیشەیە فێر بووم، تواناو بەهرەکانی خۆم لە بواری داهێنانو چوونە ناو ئەم کایە تازەیەی پسپۆڕایەتییەوە تاقی کردەوە".
بەڵام چ چارەنووسێك بۆ ئەم کەڵە هونەرمەندە لە بۆسەدا بوو، هەر کە خۆی ئامادەکرد بۆ وێنەگرتنی فیلمێکی دی، عەسکر لەبەردەمیدا قووت بووەوە، جەلبنامەیەکیان داێی کە بەزووترین کات بچێتە خزمەتی عەسکەری، تەگبیر؟
ساڵ، ساڵی ١٩٦٨ بوو، یەڵماز لێرا بچێتە خزمەتی ئیجباری، بێ ئەوەی شوێنی خزمەتەکە بزانێ، وەکو هەر سەربازێکی تازە تەبیلغ کراو نیگەران بوو، بەڵام ئەو حاڵەتە زۆری درێژە نەکێشا. خۆیو بەختی نێردرا بۆ شاری موش، کە زێدی دایکی بوو. یەڵماز لەوێندەرو لە نزیکەوە شارەزای ژیانی سەختو دژواری گەلەکەی بوو. یەڵماز جاران دانی بە کوردبوونیخۆیدا دەنا، هەندێ شتی کەمی دەربارەی دابو نەریتو خووخدەو وەزعو حاڵی گەلەکەی خۆی دەزانی، بەڵام لەوێ، لە شاری موشی قوڵایی کوردستانی تورکیادا، ئاشنای کولو کۆڤانی راستەقینەی گەلە زۆڵم لێکراوەکەی بوو. دیارە یەڵماز بە چاوی دڵ ئەو دیمەنانەی دەبینی، دەیڕوانییە چارەنووسی گەلەکەی، لە ناخەوە هۆیەکانی کلۆڵیو داماویو پاشکەوتوویی کوردی تاوتوێ دەکردو لەبن پەڕەی دڵییەوە کۆی دەکردەوە تا پاشانو بەرە بەرە بە چەکی کامیراو هونەری سینەما پیشانی هەموو دنیای بداتو گوزارشتی لێ بکات.
یەڵماز بە جۆرێ ئاوێتەی هونەری سینەما بوو بوو، کە هێز نەبوو لەو جیهانەی دابڕێ یان دووری بخاتەوە، بۆیە خزمەتی عەسکەری نەیتوانی لە جیهانی سینەمای دوور بخاتەوە. ئیدی ئەوە بوو تووشی نەخۆشی پشت یەشە هاتو لە جێگەدا کەوتو مۆڵەتی وەرگرت. ماوەی ئەم نەخۆشییەی بە هەل زانی تا پەیگیری کاری سینەماییو دەرهێنان بکات. دەرهێنەری پێشکەوتوخوازی تورك ئەردین کیرال لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەربارەی یەڵماز دەڵێت: "بە راستی مرۆڤێکی سەیر بوو، هەموو تەمەنی خۆی لە زیندانەکاندا بردە سەرو، بێ وچانو یەك نەفەس بە هەموو تواناو عەقڵییەوە دژی فاشیزمو کۆنەپەرستییەتی باوی وڵاتەکەما تێکۆشا، بێ ئەوەی بۆ تاقە ساتێك چەکی سینەما فەرامۆش بکات.".

یەڵماس، گوێی بەنەخۆشییەکەی نەدەدا، سڵی لە چاودێری ناحەزەکانی نەدەکردەوە، بەڵکو مۆڵەتی نەخۆشیەکەی کە -٣ مانگ بوو لە ئەستەموولْ- تەرخان کرد بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمی (گورگانی برسی) و دەرهێنانی ئەو فیلمەو بینینی دەوری سەرەکی لە فیلمی نێوبراودا، بەڵام هەر کە دەسەڵاتی عەسکەری بەمەی زانی، مۆڵەتەکەیان هەڵوەشاندەوەو داوایان لێکرد بە زووترین کات پەیوەندی بە یەکە عەسکەرییەکەی خۆیەوە بکاتەوە، وەکو سزایەکیش لە پلەی ئەفسەری بێ بەشیان کرد، لە کاتێکا بە حوکمی ئەوەی زانکۆی تەواو کردبوو هەقی خۆی بوو پلەی ئەفسەری بدرێتێ.

دوای فیلمی (گورگانی برسی) یەڵماز کەوتە کار کردن بۆ دەرهێنانی فیلمێکی دیکە بە ناوی (ناحەز). ئەم فیلمەی لە هەندێ بەسەرهاتی خۆیەوە هەڵێنجاوە، کە بە منداڵی دەچێتە قوتابخانە منداڵە دەوڵەمەندان گاڵتەی پێدەکەن و بە دیمەنی ناحەزو شەپڕێوو شڕۆڵەی جلەکانی پێدەکەنن. یەڵماز ئەم دیمەنەی زۆر بە سەرکەوتووی لەسەر شاشە بەرجەستە کردووەو هەوڵی داوە بەهەموو توانایەکییەوە هەندێ قۆناغی ژیانی خۆی، بە تایبەتی قۆناغی چوونە نێو جیهانی سینەما وێنە بگرێ.

دیارە بیرۆکەی سەرەکی فیلمەکە بریتییە لە ریسوا کردنی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و چینە چەوسێنەرەکانی بۆرژوا کە گوێ بە چارەنووسی هەزاران هەژاری بەهرەداری داهێنەر نادات. هەڵبەتە فیلمی نێو براو سەرکەوتنێکی کەم وێنەی بەدەست هێناو بووە مایەی ئافەرین و ستایشی تەماشاڤانان و پسپۆڕان و شارەزایان، ئەوە بوو لە میهرەجانی ئەنتاکیای ساڵی ١٩٧٠دا بە باشترین فیلمی ساڵ لە قەڵەم دراو گۆنای نازناوی باشترین ئەکتەری پیاوی وەرگرت و خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئەو ساڵەی وەرگرت.

بەو جۆرە خزمەتی عەسکەری نەك یەڵمازی سارد نەکردەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە سوودی لە خزمەتی عەسکەری وەرگرت. کە لە خزمەتی سەربازی رەها بوو، قۆناغێکی دیکەی هونەری دەوڵەمەند لە ژیانی هونەرمەندی گەورە دەستی پێکرد کە وەرچەرخانێکی گەورە بوو نەك هەر لە مێژووی سینەمای تورکیدا بەڵکو لە مێژووی سینەمای هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا.

یەڵماز گۆنای خۆی لە زۆر بواری ئەدەبی و هونەری داوە، رۆمانی ئەدەبی نووسیوە، کتێبی چیرۆکی واقیعی نووسیوە، فیلمی زۆر جوانی سینەمایی داناوە، هەموو ئەمانەی کردووە، نەك بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، یان بۆ رازیکردنی لایەنێك، بەڵکو لەبەر ئەوەی کردووە کە کەسێکی ژیاندۆست و مرۆڤپەروەر بووەو تا ئەوپەڕی توانا تەمەن و ژیان و ئیسراحەتی خۆی بۆ تەرخان کردووە، نەیدەتوانی لە ئاستی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی دەوروبەریدا بێدەنگ بێ، بەوپەڕی راستگۆیی و بوێرییەوە باجی بێدەنگ نەبوونی دەدا.

گۆنای، هەر چەندە مرۆڤێکی سادە بوو، بەڵام دڵێکی هێندە گەورەو ئاوەدانی هەبوو، دڵێکی هێندە بە جۆشی هەبوو، دڵێکی هێندە پڕ سۆزی هەبوو کە جێی خۆزی و ئاوات و ئامانج و خەون و کول و کۆڤانی هەموو هەژارانی تێدا دەبووەوە ئەوەتا لە زیندانی سەلمییەوە، لە ١٩٧٢/٧/١٠دا نامەیەك بۆ فاتیمەی هاوسەری دەنێرێ و دەڵێت: "خۆشەیستەکەم ژیان دەرفەتی

نەداین بە ئارامی ژیانێکی خۆش بەسەر بەرین، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە، لەبەر ئەوەی هەست بە خەمو ژانی خەڵکانی دی دەکەین، خەمو ژانی ئەوان بەهی خۆ دەزانین، ئێمە پەرۆشی کارەساتی خەڵکانێکین کە قەت نەمان دیتوون، فرمێسکی ئەوان جەرگمان لەت لەت دەکات... فرمێسکمان تەنانەت بۆ پیشلەش رشت، سروشتو هێلانەی چۆلەکانمان پاراست... چەند جوانە ئازیزەکەم بەشداری ژانو کولو کۆڤانی خەڵکی بکەین، و چ گەورەییەکە یارمەتی خەڵکی بدەی کە لە کوێرەوەری رزگار بیّ... لە ژیاندا ئازاری زۆرم چەشت، بەڵام ئەم ژیانە چەند شیرینو جوانە. خەڵکیت خۆش بوێو یارمەتییان بدە، کارێکی وەها بکە ئەوانیش خۆشیان بوێی، لە ژیان بیّ ئومێد مەبە، مەیەڵە شادی لێت بتۆریّ، بە خۆشیو شادی لە ژیاندا بەگژ کولو کۆڤانەکانتدا بچۆوە..."

دیارە ئەو ناوەڕۆکە مرۆڤانییەی کە بەو زمانە سادەو ناسکە هاتۆتە دەربڕین، لە ژیانو لە هەڵوێستو لە هونەرەکەشیدا رەنگی داوەتەوەو پێی وابووە هونەری راستەقینە ئەوەیە بتکات بە هاوبەشی خۆشیو ناخۆشییەکانی خەڵکی، هونەرمەند لە سەرێتی حەقیقەت بە جەماوەری خەڵك بگەیەنیّ، ئەو حەقیقەتەی زۆرداران بۆ قازانجی خۆیان لە خەڵکی دەشارنەوە... جا هەر لەو پێودانگەوە یەڵماز لە هەوەڵی سالأنی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا فیلمی (ئومێد)ی دەرهێنا کە بۆ خۆی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی سینەمای تورکیداو دەرهێنەری تورکی (ئەردین کیرال) لەو بارەیەوە دەڵێت: "فیلمی ئومێد بەردی بناغەی سینەمای تورکی دانا، بە سەرەتای هەموو سەرەتاکان دادەنریّ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی سینەمای تورکیدا بەوپەڕی راشکاوی بابەتی واقیعی پیشان دەدریّو دەخرێتە روو، بۆ یەکەمجار لە مێژووی هونەری سینەماییماندا فیلمێکی سادە وێنە دەگیریّ کە رووداوەکانی لە ژیانی رۆژانەمانەوە وەرگیرابیّ، نەك شتێکی دەستکردو سواو بیّ، وەکو باوە لەلامان...."

هەڵبەتە ئەم کارە (فیلمی ئومێد) نوقلأنەی لە دایك بوونی هونەرمەندێکی سەر بە گەلی پیّ بوو، نوقلأنەی لە دایکبوونی هونەرێکی پیّ بوو کە خەمو ئازاری گەل بەرجەستە بکاتو تیرەی بەشەر شانازی پێوە بکات. (سما بوراس)ی دەرهێنەری تورکی لە هەندەرانەوە وتارێك بەناونیشانی "پاشای ناحەز ئومێدمان بۆ دێنیّ" دەربارەی ئەو فیلمە دەنووسێتو دەڵێت: "... من رکم لە فیلمی تورکی بازرگانیو بازاڕی بوو، حەزم نەدەکرد ئەو فیلمانە ببینم، زۆر بە کەمی دەچووم بۆ سینەما، بەڵام جارێك بە رێکەوت.... لە هۆڵی سینەمایەکی تورکیادا فیلمی ئومێدم بینی، کە فیلمەکەم بینی کەوتمە ناو گێژاوێکی دەروونییەوەو هەستێکی ئاڵۆزم تێئالأ، پێشتر ئەو هەستەم نەکردبوو. ئەوسا هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو لە دڵی خۆدا گوتم، ئاقیبەت سینەمای تاریکی تورکی تروسکەیەکی لیّ هەڵهات. دەتوانم بە دوور لە زێدەڕۆیی بڵێم کە فیلمی ئومێد شۆڕشێکی راستەقینەی لە سینەمای تورکیدا بەرپا کرد. دەرهێنەری فیلمەکە یەڵماز گۆنای بوو کە ئەکتەری دڵخوازی منو خۆشەویستی هەمووان بوو... لە راستیدا ئەم فیلمە بە دیاردەیەکی داهێنان دادەنریّ کە دەبیّ بە بەردەوامی بچینەوە سەری، بە تایبەتی بۆ ئێمەی سینەماکارانی لاو..."

ئامادەکردنی ئەو فیلمە تەنیا (٢) مانگی خایاند، لە میهرەجانی سینەمایی ساڵانەی سەرانسەری تورکیادا لە ئەزەنە، لە پایزی ساڵی ١٩٧٠دا پیشاندرا، گەورەترین خەڵاتی میهرەجانەکەی دراێی و بە باشترین فیلمی ساڵ دانرا، گۆنای بە خۆیشی نازناوی باشترین ئەکتەری، لە دەوری پیاواندا وەرگرت، هەروەها سیناریۆی فیلمەکەش بە باشترین سیناریۆی ساڵ دانرا، کەچی بەو هەموو سەرکەوتنەوە دەسەڵاتدارانی حوکمڕان لێدانی فیلمەکەیان لە سینەماکانی تورکیادا بەو بیانووە قەدەغە کرد کە گوایە حەقیقەتی کومەڵگەی تورکی دەشێوێنێ'! لەمەش سەیرتر ئەوەبوو، کە وێڕای بڕیاری سەرپەرشتیاران و رەخنەگران و هونەرمەندانی میهرەجانەکە، کە فیلمی نێوبراو بنێردرێ بۆ هەندەران تا بە ناوی تورکیاوە لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بەشداری بکات، حکومەتی تورکیا رازی نەبوو، بۆیە گۆنای لێبڕا بە هاوکاری هەندێ لە دۆستەکانی فیلمەکە پارچە پارچە بکات و هەر جارەی پارچەیەکی بۆ هەندەران بنێرێ. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە سەرپێچییەکی یاسایی بوو، بەڵام گۆنای لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر ئەم کارە خەتایەك بیٚ و من کردبێتم، ئەوا شانازی پێوە دەکەم، چونکە من ئاکامەکانی ئەم کارەم چ لە ئاستی ناوخۆو چ لە ئاستی دەرەوە دەزانم..."

دیارە بۆچوونەکانی یەڵماز دروست بوون، فیلمەکە سەرنجی ئەوروپاییەکانی راکێشا، لە فیستیڤاڵی غرینوبڵدا خەڵاتی تایبەتی لیژنەی هەڵسەنگاندنی وەرگرت، لە وڵاتانی ئەوروپا، ئاسیاو ئەفریقیای باکووردا پیشاندراو سەرکەوتنێکی بیٚ وێنەی بە دەست هێنا، رۆژنامەی (جون ئەفریك)ی تونسی بە یەکێك لە باشترین فیلمەکانی وڵاتانی سێیەمی لە قەڵەمدا. بێگومان ئەم فیلمە گۆنای وەکو دەرهێنەرێکی جیهانی ناساندو لە فیستیڤاڵە سینەماییە جیهانییەکاندا بوو بە مایەی بایەخ پێدان و رەخنەگران لە وڵاتانی جیاوازەوە کەوتنە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکانی و زۆربەی رەخنەگران بە بەهرەیەکی دەگمەنیان لە قەڵەم دەدا.

دیارە یەڵماز وەکو هونەرمەندێکی ریالیستی لە ناوەوە دەیڕوانییە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و لە نزیکەوەو مرۆڤپەروەرانە خەم و ئازارەکانی کۆمەڵی دەهونەراند، ئەوەتا رەخنەگری سینەمایی یۆنانی بەنێوبانگ دمیتریس زایناکیس لەو بارەیەوە دەڵێت: "یەڵماز گۆنای ژیانی رۆژانەی گەلی وێنە گرتووە. بۆیە رووداوەکانی ناو فیلمەکانی بە بەڵگەنامەی زندوو دەژمێردرێن و گەواهی لەسەر هەژاری و پاشکەوتووی و چەوساندنەوەی گەلە زۆرلێکراوەکەی دەدەن".

هەڵبەتە هونەری رەسەن زۆرجار دەکەوێتە سەرووی تەعلیقەوەو هەمیشە سیحرو جادوویەکی ئەوتۆی تیا دەمێنیٚ کە بە وشە نەیەتە دەربڕین. دیارە ئەو کارە هونەرییە بە زەبری رەسەنایەتی خۆی زۆر رەخنەگری سینەمایی و ئەدیبان و هونەرمەندانی جیهانی هێناوەتە قسەو زۆربەی راوبۆچوونەکانیش بە قازانجی کارەکە شکاونەتەوە. دەکریٚ لێرەدا دەقی ئەو راوبۆچوونانە بخرێتەڕوو، بەڵام لەبەر زۆری داوای بوردن لە خوێنەران دەکەین و گەر مەبەستیان بیٚ ئەو راوبۆچوونانە بزانن دەتوانن لە ئەسڵی سەرچاوەکاندا پەیدای بکەن. بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانین گویٚ لە هەندێ تەعلیق و قسەی گۆنای بگرین لەو بارەیەوە: "سەبارەت بە فیلمی ئومێد پێم وایە کارکردنم لە بواری دەرهێنان و پەروەردەی سیاسیم کردویانەتە کارێك کە بە یەکجاری

دەستبەرداری وەکو دەڵێن فیلمی بازرگانی بەنجکەربێنم، ئەو فیلمانەی تەماشاڤان بۆ هەڵاتنی کاتی هاندەدەن، پەنام وەبەر قارەمانی واقیعی و ئیجابی بردووە، بابەتی واقیعی و زندوو، و مالیجەی واقیعیم هەڵبژاردووە، بە تەواوەتی پشتم کردۆتە کۆتاییە شادو خۆشەکان، ئەو کۆتاییانەی کە سینەمای ئەمریکی بازاڕیو ژەهراوی رای هێنا بووین لەسەریان..."

ئیدی ئەوەبوو کرۆك و جەوهەری پەیامی گۆنای لە رێگەی سینەماوە، هەڵبەتە ئەم فیلمە بە تایبەتی لە وڵاتانی سێیەمدا دەنگدانەوەیەکی یەجگار گەورەی بوو، شۆڕەتێکی یەجگار زۆری وەکو هونەرمەندێکی جیهانی بە دەرهێنەرەکەی (یەڵماز گۆنای) بەخشی.

زۆربەی رووداوەکان لە شاری ئەزەنەدا روو دەدەن. قارەمانی فیلمەکە ناوی جەبارە، یەڵماز بە خۆی دەوری جەبار دەبینێ. جەبار عەرەبانچییە، لە دەست زوڵم و زۆری ئاغا هەڵاتووەو بە ئومێدی ژیانێکی باشتر لە گوندەوە رووی کردۆتە شار، شەوو رۆژ بەسەر ئەو عەرەبانەیەوە کار دەکات. جووتێ ئەسپی لەڕو لاوازی لە برسا مردەڵەی لە ژێردایە، ئەسپەکان هی خۆی نین، بەڵکو بە قەرزو بە هاوکاری برادەرێکی کڕیوونی. رۆژان تێ دەپەڕن، جەباری داماو رۆژی ٨- ١٠ لیرەیەکی دەستدەکەوێ. ئاخر بەو چەند لیرە کەمە حەوت سەر حخێزان بە خێو دەکرێ؟ ئیدی بەرە بەرە قەرزو قەرزاری بەسەرییەوە کەڵەکە دەبێ. بێگومان جەبار ئەو قەرزانەی پێ نادرێتەوە. ئەی تەگبیر؟ پەنا وەبەر کڕینی بلیتی یانەسیب دەبات، ئێ بەڵکو بلیتێکی بۆ دەربچێ، زۆر دڵ بەو بلیتانە خۆش دەکات، بەڵام تاقە یەك بلیتی بۆ دەرناچێت و هیواو ئاواتەکانی هەرەس دێنن.

هەڵبەتە هەر جەبار وانییە، بەڵکو دۆستێکی تری بێکاری هەیە بە نێوی حەسەن، کە ئەویش خەون و خەیاڵ بە گەنجینەی شاراوەوە دەبینێ. ئیدی دەیەوێ جەبار قاییل بکات و باسی مسۆگەری پرۆژەکەی خۆی بۆ دەکات و دەڵێت: "ئەگەر بە گوێم بکەی خۆت و خێزانەکەت رزگار دەکەیت... من ئەو شێخەم بینی، خۆزگە دەتبینی، هەر دەڵێی ئەولیای خوایە، ئەگەر شێخمان قاییل کردباو چەند ئایەتێکی بۆ خوێندباین.. ئەوا گەنجینەکەمان دەدۆزییەوە." بەڵام جەبار لە دڵی خۆیدا گاڵتەی بە خەونەکانی حەسەن دێ و دەڵێت: "ئومێدی حەسەن وەهم و خەیاڵە.. کلۆڵ خۆت، بە تەمایە بە دوعاو نزایان زێڕو زیوی بن عاردی دەست بکەوێ!" جەبار مل بۆ پاڕانەوەو لاڵانەوەکانی حەسەن نادات، بەڵام خاوەن قەرز داوای قەرزی خۆ دەکەن، مناڵەکانی برسین... عەرەبانەکەی شکاوەو پێویستی بە چاککردنە، چۆن دوای خەیاڵ بکەوێ! بەڵام چ بکات... هەژاری تاوانە، هەژاری کوفرە، هەژاری بارێکی قورسە، نەك هەر لەسەر شانی داك و باب، بەڵکو کوێرەوەرییە بۆ مناڵانیش. مناڵەکانی لە مەکتەبدا مایەی گاڵتەپێکردنی هاوپۆلەکانی خۆیانن، بابیان هەژارە، عەرەبانچییەکی داماوە... لەبەر هەژاری لە دەرسی تایبەتی مەحروم دەبن، ئیدی چۆن دەربچن؟

بە هەر حاڵ حەسەن جارێکی دیکەش جەبار دەبینێ، باسی گەنجینەی ژێر زەوی بۆ دەکات. جەبار گوێی ناداتێ و پێی دەڵێ: (تۆ مێشکی خۆت بەم تورەهاتە تێك داوە) ئیدی بەجێی دێڵێ و بە دووی رزق و رۆزی خۆی دەکەوێ. عەرەبانەکەی لە ژێر سێبەری دارێکدا بەجێی دێڵێ و دەچێ پاکەتە جگەرەیەك بکڕێ. لەو کاتەدا کە خەریك بوو پارەکەی بدات، گوێی لە دەنگی ئستۆپێکی توند بوو.

جەبار ئاوڕی بۆ لای دەنگەکە دایەوە. چ ببینێ! ئەسپە لەڕەکەی لە عاردی کەوتبوو و بە دەم دوا هەناسەوە لەقەفرتێی بوو. ئومێدی ژیان و تاقە سەرچاوەی رزق و رۆزی لە خوێنی خۆیدا دەگەوزی. ئۆتۆمبیلێکی مەرسیدسی جوان لە نزیکی ئەسپەکە وەستابوو. ئەو لێی دابوو. زەلامێکی قەڵەوی ورگن و بێباك دابەزی. گوێی بە ئەسپەکە نەدا، چوو بە وردی تەماشای ئوتومبیلەکەی بکات تا بزانێ رووشاوە یان نا؟

کابرای قەڵەو لە جەبار نزیك دەبێتەوەو بەسەریدا دەبۆڵێنێ: "ئەمەت پێ باشە خوێڕی... سەیارەکەم رووشا... چۆن ئەو عەرەبانەیە بە تەنیا لەوسەر جادەیە بەجێدێڵی؟".

جەبار دوا نیگای ئەسپەکەی دەکات، شێت و هار دەبێ، پەلاماری کابرا دەدات و هاواری بەسەردا دەکات: "ئەوە چ دەڵێی سەگی سەگباب... ئەسپەکەت کوشتووەو هێشتاش باسی رووشان و بۆیە دەکەی شەرم ناکەی؟!

بە هەر حاڵ مەلەسەکە دەگاتە پۆلیس و دادگا، دیارە دادگا پشتیوانی لە کابرای دەوڵەمەند دەکات و جەبار نەك هەر هەقی ناپرسرێ، بەڵکو بەر دەمرێژی جنێوانیش دەدرێ: "بێگەدەنگ بە خوێڕی.. ئێوە سەرچاوەی هەموو پۆخڵەواتێکن... ئێوەی... کەی لە دەست ئێوە رزگار دەبین؟..."

جەبار، کەلاکی ئەسپەکەی بەجێدێڵێ و بە نائومێدی بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە. چی بە خێزانەکەی بڵێ؟ دەبێ پارە پەیدا بکات بۆ بژێوی خێزانەکەی. دەبێ قەرزی خەڵکی بداتەوە. بەڵام چۆن؟

ئێواری راوێژ بە ژنەکەی دەکات کە چۆنە لە دەرگای ماڵی ئاغای گوند، ئەو ئاغایەی کە جاران کاری لەلا دەکرد، بدات؟ چۆنە بچێ بۆ لۆکە چنین؟.. بە هەر حاڵ ئاغا دەریدەکات! جەبار لە کار دەگەڕێ، هەر کارێك بێ. کاری دەست ناکەوێ. کەلوپەل و ناو ماڵەکەی، تەنانەت دەمانچەکەشی، بەڵام کەس لێی ناکڕێ. بۆیە دەمانچەکەی بە ئەسپایی دەپێچێتەوەو دەیخاتەوە گیرفانی. لەو کەین و بەینەدا دزێکی کارامە دەیبینێ، دوای دەکەوێ، لە دەرفەتێکدا دەست بۆ گیرفانی جەبار دەبات تا دەمانچەکەی بدزێ. بۆ نەگبەتی جەبار پێدەحسێت و کابرا دەگرێ، بگرە کوێت دێشێت.. پاشان جەبار بیردەکاتەوە کە ئەو هەموو توندوتیژییە لە پای چی؟ کابرا بەرەڵلا دەکات و بەنا ئومێدی بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، سەیر دەکا هەموو دەرو دراوسێ لە دایکە خەمینەکەی خڕبوونەتەوە، تومەز خاوەن قەرزەکان عەرەبانەو ئەسپەکەیان بردووەو لە بری قەرزەکانیان مەزاتی بکەن. جەبار بە پەلە بەرەو بازاڕ دەچێت و رووبەڕووی خاوەن قەرزەکان دەبێتەوە: "چۆن زات دەکەن ئەسپ و عەرەبانەکەم بفرۆشن؟" زۆر بە توندی وەڵامی دەدەنەوە کە پیاوبوای و قەرزی خەڵکیت داباوە تا ئەمەمان لەگەڵ نەکردبای.. جەبار، دەستی لە بنی هەنباوە دەرچوو. سەری خۆی هەڵگرت لە مەیخانەیەك گیرسایەوە لەوێندەر بە رێکەوت حەسەن دەبینێتەوە! ئیدی بە دەم چاك و خۆشی و قسانەوە حەسەن وەزع و حاڵی نالەباری جەبار بە هەل دەزانێ و دەیەوێ قاییلی بکات و بکەونە رێگری و خەڵك رووتەوەکردن: "جەباری برام، ئەگەر بە گوێم بکەی ئەم دەمانچەیەی تۆ دەبێ بە سەرچاوەی رزق و رۆزیمان و پێی خەنی دەبین، ئەگەر بچین بۆ گەڕەکی دەوڵەمەندان و بەسەر ماڵەکانیاندا بدەین.. دەڵێی چی؟! دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر جەبار چار ناچار تەسلیم دەبێ. لەگەڵ خۆراوادا، بە دوو قۆڵی خۆ بە گەڕەکێکی دەوڵەمەنداندا دەکەن و لە سووچێکی تاریکدا خۆ

دەشارنەوەو چاوەڕوانی نێچیر دەکەن. دەمانچەکە فیشەکی تێدا نییە، فیشەکی بۆچییە؟ ئەوان قەناعەتیان وایە کە دەوڵەمەندان حیزەڵەو ترسنۆکن، هەر کە دەمانچەیان لێ دەربێنی زراویان دەتۆقێ و خێرا بەرکت بۆ هەڵدەڕێژن. دوای ماوەیەك جەبار تاقەتی دەچێ و دەیەوێ بڕوات، بەڵام حەسەن رایدەگرێت، لەم کاتەدا قولە رەشێکی ئەمریکایی (خزمەتکارو پاسەوانی دەوڵەمەندێك دەبێ) تێدەپەڕێ. جەبارو حەسەن دەنگی دەدەن، بەڵام کابرای قولە رەش گوێیان ناداتێ، بەڵکە پەلاماریان دەدات... دەمانچەکە لە دەستی جەبار دەلەرزێ، جووتە هاوڕێ دەیانەوێ هەڵێن. بەڵام کابرا بە شەق و زللە دایان دەگرێتەوە. بە هەزار فەلاکەت لە دەستی دەرباز دەبن.

بە هەر حاڵ جەبار مەجبوری شێخ و گەنجینەی شاراوەو حەسەن و دوعاو نوێژ دەبێتەوەو ئەو وەهم و خەیاڵانەش نایگەیەننە هیچ کوێیەك و جەبار لە ئەنجامدا شێت دەبێ و...

بە هەرحاڵ ئەگەر گۆنای تەنیا ئەکتەر یا دەرهێنەر یا سیناریۆنووس، یا رۆماننووس یان فیلمساز بووایە بۆ خۆی بەڵگەی بەهرەیەکی ناوازە بوو، بەڵام کە لە یەك کاتدا خاوەنی ئەو هەموو بەهرەیە بوو، ئەوە بۆ خۆی دیاردەیەکی دەگمەن و سەر سووڕهێنەرە لە مێژووی هونەردا.

بەهرەمەندی گەورە هەرگیز بابەتی لێنابڕێ، بۆیە کە لە کارێك دەبێتەوە خێرا بیر لە کارێکی دی دەکاتەوە، دەست بە کارێکی دی دەکات تا ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە لە کاری پێشوویدا بۆی پڕ نەکراونەتەوە. رەنگە فیلمی ئومێد تینویەتی گۆنای نەشکاندبێ، بەڵام یەکەم پەیڤی ئەو بوو، بۆیە دوو ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١، لە ژیانی سینەمایی گۆنایدا، وەرچەرخان بوو، شۆڕەتی ناوخۆو دەرەکی پێ بەخشی، هانیدا کە بە جۆش و خرۆشێکی زیاترەوە کار بکات. ئیدی دەست بەکاربوو. بە رۆژ وێنەی فیلمێکی دەگرت، بەشەو سیناریۆی فیلمێکی دیکەی دەنووسی. لە ماوەی دوو ساڵێکدا نۆ فیلمی جددی بە تاقی تەنیا بەرهەم هێنا، هەر خۆی دەرهێنەرو ئەکتەرو سیناریۆنووس بوو لەیەك کاتدا، ئەمە جگە لەوەی کە دەوری سەرەکی لە بیست فیلمی دیکەدا بینی، هەندێ لە فیلمەکانی ئەم قۆناغەی بریتین لە: هەڵاتووان، نائومێدان، ستەم، شیوەن، باوك... شیوەن یەکێك بوو لەو فیلمانەی لەمیهرەجانە جیهانییەکاندا تەقدیرێکی زۆر کراو بەڕاستی دەنگی دایەوە، لە تاران لە ساڵی ١٩٧٤، لە تاشقەند لە ساڵی ١٩٧٦، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢دا لە میهرەجانی بوندوقییەدا، خەڵاتی رەخنەی جیهانی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٧٧دا لە پەراوێزی کارەکانی میهرەجانی جیهانی سان ریمودا، وەکو رێزو قەدرزانی بۆ گۆنای یەك هەفتەی تەواو کارەکانی یەڵماز گۆنای لێدران، لەو هەفتەیەدا بینەران و میوانانی میهرەجانی نێوبراو ئەو فیلیمانەیان بینی: ئومێد، شیوەن، ستەم، باب، هاوڕێ، نیگەرانی.

لەساڵ ١٩٧١داو، لە فیستیڤاڵ ئەزە نەدا بەسێ فیلمی: ستەم، شیوەن و نائومێدان بەشداری کردو سێ خەڵاتی یەکەمی وەرگرت و گۆنای بەخۆیشی بە باشترین دەرهێنەرو سیناریست لە قەڵەم درا، هەروەها بەباشترین ئەکتەر، لە دەوری پیاوان دا، دەرچوو. هەر لەو ساڵەدا رۆمانە بەنێوبانگەکەی (ماتوا واعناقهم ملویە) بۆ یەکەمجار بە تەواوی و بێ نوقستانی لەلایەن وەشانخانەی دۆست-ـەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.

هەڵبەتە رازی ئەم سەرکەوتنە بێ وێنانەی گۆنای دەگەڕێتەوە بۆ پیشاندانی ئەو بابەتە راستەقینانەی کە لە واقیعی ژیانی رۆژانەی ناو تورکیاوە، بە تایبەتی بەشی رۆژهەلاتی تورکیا، کە دەکاتە کوردستان وەرگیراون، ئەمە جگە لە بلیمەتی گۆنای لە ئەنجامدانی رۆڵەکانیدا، جا لێرەدا با بەخێرایی چاوێك بەو سێ فیلمەدا بگێڕین کە لە سالانی هەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا خەلاتی یەکەمی تورکیایان وەرگرتووە.

بۆ وێنە فیلمی شیوەن، دیمەن و رووداوەکانی لەسەر سنووری نێوان تورکیاو سوریایە، لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندایە، هەر پێنج قارەمانەکەی خەڵکی جووتیاری هەژارو دەستکورتن، ناچارو بۆ وەدەستهێنانی بژێوی خۆیان پەنا دەبەنە بەر قاچاغ و قاچاغچێتی. دەرهێنەری فیلمەکە لە رێگەی وێنەگرتنی رووداوەکانەوە، رادەی پاشکەوتووی ناوچەکەو خەڵکی ناوچەکە پیشان دەدات، زیاد لە جارێك ئاماژەی بۆ بوونی سوپایی بەردەوام لەو ناوچانەدا کردووە کەخۆی لە خۆیدا هۆیەکە لە هۆیەکانی نا سەقامگیری لەو دەڤەرەدا، هەروەها ژیانی ئەو خەڵکە ساکارانەمان پیشاندەدات کە بوون بە قوربانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ستەمی کۆمەلایەتی، گۆنای لێهاتووانە پەیامی فیلمەکەی گەیاندووە کە بریتییە لە ریسواکردنی واقیعی نالەباری ئەو خەڵکەو چەوساندنەوەی راستەوخۆیان و بە جورئەتەوە پەردەی لەسەر ژیانی نالەباری ئەو دەڤەرانە هەڵداوەتەوە..

لە فیلمی ستەمدا گۆنای پەردە لەسەر ئەو کارەسات وماڵوێرانیانە دادەماڵێ کە لە داب و نەریتانی کۆن و پاشکەوتوو دەکەونەوە، لە کوردستاندا (باشووری رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ) سالانە دەیان خەڵکی بێتاوان دەبن بە قوربانی دابی نالەباری تۆڵە کردنەوە...

قارەمانی فیلمەکە (جیجك عەلی) پازدە سالی تەمەنی، لە ئەنجامی مەسەلەیەکی خوێنداریدا لە زیندان بەسەر دەبات. کە لە زیندان بەر دەبێ زۆر بە زەحمەت دەتوانێ جارێکی دی بوونی خۆی وەکو پیاوێکی باش لە ناو خەڵکی گوندەکەیدا بسەلمێنێ. عەلی جیجك بە دڵ و بەگیان دەکەوێتە خزمەت و یاریدەدانی کەسوکارو ماڵباتی کەسە کوژراوەکە، کە خەڵکی دەبینێ ئامۆژگارییان دەکات واز لە دابی نالەباری تۆڵەو تۆڵە ئەستێنی بێنن و ئەو هەڵەیەی وی دووبارە نەکەنەوە، چونکە ئەو هێشتا هەست بە ئازاری دەروونی دەکات و زۆر پەشیمانە کە خوێنی مرۆڤێکی بێتاوانی رشتووە.

بە هەرحاڵ ئەنجامی عەلی جیجك بەوە دەشکێتەوە کە ئاگر لە بەروبوومی ماڵباتی کوژراوەکە بەردەبێ، دەچێتە یارمەتییان کە ئاگرەکەیان لەگەڵدا وەکوژێنێ، لە ئەنجامی سووتانی دەموچاویدا کوێردەبێ و ئەو ماڵەش دەستبەرداری دەبن و بە تەنیا لە برسانداو لە گۆشەگیریدا دەمرێت.

دەرهێنەر بە شێوازێکی هونەری بەرز ئەو حەقیقەتە بەرجەستە دەکات کە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا یەکسانی و داد بەدی نایەن و پاشکەوتن و هەژاری دوو دژمنی سەرسەختی گەلن و دەبێ بە هەموو شێوەیەك بەربەرەکانی بکرێن..

لە فیلمی نائومێدانـدا، گۆنای بەوپەڕی جورئەتەوەو بە تاقی تەنیا، دەیەوێ بابەتێکی هەرە هەستیار، بابەتی مافیای تورکی بە شێوازێکی هونەری بخاتەڕوو و ریسوای بکات، دیارە مافیای

تـوركی زادەی گــەلێك لــە خڵتــەو خاشــە كۆمەڵگەیــە، وەك: نایەكســانی، بێــدادی كۆمەڵایــەتی، گەندەڵی و داوەشینی ئـەخلاق لـە دامو دەزگا دەوڵـەتی و پۆلیسییەكان هـەموو ئەمانـە لـە فیلمـی نـا ئومێدانـدا پیشـان دراوە، (فـورات) قارەمـانی فیلمەكەیـە، گۆنـای بـە خـۆی دەورەكـەی دەبـینێ، ڕێبەراتی مافیای سەرانسەری توركیا دەكات، تاقە دۆستی ئەمینی، تەنیا دەمانچەكەیەتی.

گۆنـای، دوای ئـەو فیلمانـە، بـوو بـە دەرهێنـەرو ئەكتـەرو سیناریسـتی بـێ هـەڤركی ناوەنـدە هونەرییەكەو ئەستێرەی كەوتە بەرزی.. دیارە ئەم سەركەوتن و شۆڕەتە كەم وێنەیە دەسەڵات و حكومەتی تەواو نیگەران كرد، ئەمە جگە لەوەی كە حكومەت بە وابەستەگی نەتەوەیی و هەڵوێستە شۆڕشگێڕییەكانی و بایەخدانی بەگرفتی هەژاران، بە تایبەتی هەژارانی كورد قەڵس و ناڕەحەت بوو. ئیدی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە بەرەبەرە بوو بە دژمن لەلای حكومەت، زۆرجار بەبێ هیچ هۆیەك بۆ لێپرسینەوە بانگ دەكراو چەندین ڕۆژ هاتوچۆیان پێدەكرد... زۆرجار ئامۆژگارییان دەكرد كە بڕوات و وڵات بەجێ بێڵێ... یان زۆرجار پۆلیس هەڕەشەی كوشتنی راستەوخۆیان لێدەكرد: لە ناوەندی شەقامدا وەكو سەگ دەتتۆپێنن، بێ ئەوەی كەس بزانێ كێ كوشتووتی.

گۆنای لەوە بوێرتر بوو ئەو هەڕەشانە لە كارەكەی دووری بخەنەوە، زۆر زیرەكانە هەڵس وكەوتی دەكرد، بە شێوەیەكی یاسایی رەفتاری دەكرد.. دەوڵەمەندەكان دەیانویست گۆنای بێننە ریزی خۆیانەوەو ڕێگەی ئەوان بگرێتەبەر، بەڵام هەرگیز ئەوەی نەكرد.. بە تاقی تەنیا رووبەڕووی ڕژێمی توركی دەبووەوە. بە خۆی لە مبارەیەوە دەڵێت: "ناكۆكی من لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حكومەتدا لەو كاتانەوە دەستی پێكرد كە كەوتمە نووسینی كورتە چیرۆكان، واتە لە ساڵی ١٩٥٦ەوە.

ئا بەمجۆرە جم وجۆڵ و ژیانی تایبەتی گۆنای خرایە ژێر چاودێری، ماڵەكەی لەلایەن بەكرێگیراوانی دەوڵەتەوە چاودێری دەكرا، ئیدی پیلانێكی بۆ ڕێكخراو حكومەت بەوە تاوانباری كرد كە گوایە یارمەتی قوتابییە ئاژاوەگێڕەكان دەدات و لە ماڵەكەی خۆیدا داڵدەیان دەدات. ئەمەش بیانوویەكی باش بوو بۆ حكومەت كە لە ١٩٧١/٣/١٧دا بیگرێ و بە قەرارێكی لام سەرلایی دادگا بۆ ماوەی دە ساڵ زیندانی بكرێ.

بەڵام فاشیستان ئەمجارەش بە هەڵەدا چوون و گۆنای لەو كەسانە نەبوو بە ئاسانی بێدەنگ ببێ یان بێدەنگ بكرێ و مل بۆ ویستی زۆرداران كەچ بكات. خۆشبەختانە دەنگی ئازاد نایەتە خنكاندن و بە ئاستەم دەرفەتی بۆ بڕەخسێت، شێوازی دەربڕینی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەوەتا لە نامەیەكیدا بۆ فاتیمەی هاوسەری، كە لە زیندانی سەلیمیەوە، لە ١٩٧٣/٤/١دا ناردوویەتی دەڵێت: "ئەمڕۆ یەكی نیسانە، ڕۆژی لە دایك بوونمە... هێشتا ئەو ڕۆژانەمان لە بەردەمدایە كە نەمان گوزەراندووە، ڕۆژانی پڕ لە ئازارو كوێرەوەری... كێ دەزانێ ئەو ڕۆژانە چەندیان ماوە؟ من هەرگیز بۆ خۆم نەژیاوم، لە ژیانمدا لە هیچ شتێك نەترساوم.... من دەزانم چ كارەسات و دەردی سەرییەك چاوەڕوانمە، بەڵام وێڕای ئەمەش دژی دژمنی خۆ دەخەبتین... سبەینێ هی ئێمەیە، ئێمە دەمرین، بەڵام منداڵەكانمان لە دوای ئێمە دێن و بەری ئەم خەباتە دەخۆن و دەی پارێزن، هەست بەترس ناكەن... ڕۆژێ دێ بەسەر چەوسانەوەو ترس و تیرۆردا زاڵ دەبین... بە زەبری بیروباوەڕی گەورەو بتەومان بەسەر ئەم زوڵمە دڕندانەیەدا سەر دەكەوین، ئەو ڕۆژە هەر دێت.. ئەوان بە تەمان

زیندانیکردنی مرۆڤێك لە نێو چواردیواری بەردینی شێداردا، کۆتکردن و بەندکردنی لە قەفەزی ئاسنیندا، ورەی پێ بەردەدا، ناچاری دەکات بابداتەوەو بیروبۆچوونی خۆی بگۆڕێ، بەڵام خەیاڵیان خاوە، نازانن کە ئەمە مەحاڵە... غافڵن لەوەی کە دەرگا ئاسنەکان و کۆتە پۆڵاییەکان، هەر دەبێ بشکێن."

بەڵام گۆنای، پیاوی تەنگانە بوو، پیاوی هەڵوێست بوو، رۆژ لە دوای رۆژ پتر بیروباوەڕی مرۆڤپەروەرانەی دەخەملێ و دەچەسپی و هەموو لاوی و ژیانی خۆی بۆ سەرەتا مرۆڤانییە بەرزەکانی، بۆ ئازادی گەلەکەی و هەموو گەلانی چەوساوەی سەر رووی زەمین تەرخان کردبوو، دڵنیا بوو لەوەی کەرامەت و سەربەرزی بە دەست دێنێ و ئەوەش بۆ کەسایەتییەکی وەکو ئەو بەس بوو.

گۆنای، لە کاتێکا بەنیاز بوو فیلمێکی تازە دەربێنێ، جارێکی دی رەوانەی زیندان کرایەوە، بەڵام گۆنای کۆڵێ نەدەدا، دوای دوو مانگ پاش زیندانیکردنی، رۆمانە بە ناوبانگەکەی (ماتوا واعناقهم ملویە) خەڵاتی ئۆرهان کەمالی ئەدەبی وەرگرت و لە بەر گرنگی داهێنانە ئەدەبییەکانی نازناوی باشترین کەسایەتی هونەری وڵاتی وەرگرت. هەروەها لە ئەیلولی ساڵی ۱۹۷۲دا، خەڵاتی قۆزاخەی زێڕینی فیستیڤاڵی سینەمای سەرانسەری تورکیای لەشاری ئەزەنە وەرگرت، ئەم خەڵاتەی لەسەر فیلمی (باوك) وەرگرت.

حکومەت، ئەنجامی فیستیڤاڵەکەی بەدڵ نەبوو، بۆیە لیژنەی هەڵسەنگاندنەکە ناچار کرا لە قرێرەکەی خۆی ژێوان ببێتەوەو خەڵاتی یەکەم بدات بە فیلمی (کارا دۆغان) و نازناوی باشترین ئەکتەر بدات بە جونیت ئەرکان. بەڵام جونیت ئەرکان ئەو قەرارەی رەفز کردو خەڵاتەکەی وەرنەگرت و بە رۆژنامەوانی راگەیاند کە: "ئەمە کارێکی نا بەجێیە، بە چ هەقێك خەڵاتەکە لە گۆنای وەربگیرێتەوەو بدرێ بە من. من ئەمە بە سووکایەتی بۆ خۆم دەزانم نەك بە شانازی.... منیش پێم وایە گۆنای مستەحقتری ئەو خەڵاتەیە..."

هەڵبەتە خەڵکانێکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندان ئەو بڕیارەیان مەحکوم کردو دژی وەستانەوە. مەسەلەکە لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی تورکیادا مشتومڕو گەنگەشەی زۆری نایەوە. تەنانەت بڵند ئەجاویدی سەرۆکی حیزبی گەلی کۆماریش دژی قەراری ناوبراو وەستا.

بە هەر حاڵ سەرکەوتنەکانی گۆنای، تەنیا سەرکەوتنی ناوچەیی نەبوون، بەڵکو مایەی سەرنجی هونەرمەندە جیهانییەکانیش بوو، لە هەمان ساڵدا، هەردوو فیلمی ئومێدو شیوەن-ی لە هەندەران پیشاندران و سەرکەوتنی زۆر گەورەیان بەدەست هێنا. تورکیا بۆ یەکەمجار لە مێژووی سینەمایی خۆیدا بە فەزڵی فیلمی شیوەن لە میهرەجانی بوندوقییەدا بەشداری کردو ئەم فیلمە زۆر بە گەرمی لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی کرا، ئەو جەماوەرەی بەدەم هو راکێشانەوە داوای ئازاد کردنی گۆنای و مەرگی فاشیزمی دەکرد.

سەرکەوتنەکانی گۆنای لە هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە، بە تایبەتی کە گۆڤاری هونەری "مللییەت" بە رەسمی رایگەیاند کەساڵی ۱۹۷۲ ساڵی گۆنایە، ساڵی سەرکەوتنی گۆنایە، حکومەتی زۆر قەڵس و نیگەران کرد. چونکەحکومەت دەیزانی کە گرتنی خۆشەویستی جەماوەر

کارێکی قورسەو جەماوەر بە تەواوەتی هەستاوەتە سەر پێ و بەرگری لە گۆنای دەکات، گۆرانی پێدا هەڵدەڵێ. جا گرتنی یەڵماز گۆنای تەنیا پێشکەوتوخوازانی تورکیای سەخڵەت نەدەکرد، بەڵکو لە هەر چوار نکالی دنیاوە پشتیوانی لێدەکرا، پاش ئەوەی کە گیرا بە ماوەیەکی کەم ناودارانی سینەمای جیهانی و هونەرمەندانی پێشکەوتوخوازی ئەوروپا یادداشتنامەیەکی نارەزاییان دا بە رژێمی تورکیاو داوای ئازادکردنیان کرد. حەوت کۆمپانیای سینەمایی و سەندیکای شانۆکاری لە وڵاتانی سوێدو ئەڵمانیای رۆژاوا ئەم یادداشتنامەیەیان ئیمزا کرد، ئەمە جگە لە لە ئیمزای ١٥٦ هونەرمەندی بواری شانۆو سینەمای جیهانی.

گۆنای نووسەرو هونەرمەند دوو ساڵ و نیو لە زیندانی سەلیمیەی جەنگیدا مایەوە. دیارە گۆنای ئەم دوو ساڵە بە بەدترین ساڵانی تەمەنی خۆی دەزانێ. کتێبێکی تایبەتی بە ناوی (ژوورەکەم) لەسەر خەم و پەژارەو کول و کۆڤان و تورەیی ئەو ماوەیە نووسیوەو داخی خۆی تێدا هەڵرشتووە. هەروەها لەو نامانەشدا کە لەو زیندانەوە بۆ فاتیمەی خێزانی نووسیوە، ئەو بارودۆخە نالەبارەی ناو زیندانی سەلیمیەی عەکس کردۆتەوەو نیشانی داوە. ژمارەی ئەو نامانەی ١٧٧ نامەیەو لە کتێبێکدا بە ناوی (کۆمەڵە نامەیەك لە سەلیمیەوە) کۆکراوەتەوەو یەڵماز پێشەکییەکی بۆ نووسیوەو لە ساڵی ١٩٧٥دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بە هەر حاڵ یەڵماز لە ئایاری ساڵی ١٩٧٤ لە زیندان دەرچوو. بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە: "مانەوەم لە زینداندا بەشێکە لە خەباتی کۆمەڵایەتیم... ئەرکی ئێستام بریتییە لە دانان و دەرهێنانی فیلمێن تازە."

هەر واش بوو هەر کە لە زیندان هاتە دەرێ کەوتە کارکردن، ئەوە بوو فیلمی (هاورێی) بەرهەمهێنا، سیناریۆی ئەم فیلمەی لە زیندادا نووسیبوو. بابەت و نێوەرۆکی ئەم فیلمە لە چاو سینەمای تورکییەوە زۆر تازە بوو. بریتییە لە مالیجەی دۆزو مەسەلە پەروەردەیی و رووحییەکانی ژیانی رۆشنبیران لە تورکیادا، کۆبوونەوەو گەنگەشەی توندی نێوان قوتابیان و لاوان زۆر بە روونی ئەو مەسەلانە بەرجەستە دەکەن و تەمەشاڤان هەست بەو گۆرانە چاوەروانکراوانە دەکات کە کۆمەڵگە پێیان ئاوسە. فیلمەکە ئەوە دەگێرێتەوە کە چۆن دوو هاورێ لە زانکۆدا، دوو هاورێ کە هەردووکیان لە دووماڵباتی جووتیاری دێهاتی هەژارن، لە کاتی خوێندکاریدا لە یەکترەوە نزیك بوون، بیروبیرکردنەوەیان وەکو یەك بووە، بەڵام پاش تەواوکردنی زانکۆ، لێکدی دادەبرێن و گۆرانی گەورە بەسەر ژیان و بیروبۆچوونی دوو هاورێیەکەدا دێت. عەزیم کە دەکاتە یەڵماز گۆنای، و جەمیل کە دەکاتە کەریم ئەفشار. جەمیل وەزعی باش دەبێ و تەنیا پارەو رابواردنی بەلاوە گرنگەو گوێ بە هیچی تر نادات. بەڵام عەزیم وەکو جاران دەمێنێتەوە، هەموو ئامانجێکی لە ژیاندا ئەوەیە خزمەتی مرۆڤایەتی بکات و بایەخ بە گیروگرفتەکانی گەل بدات و ببێ بە شەریکی خۆشی و ناخۆشی خەڵکی.

عەزیم دەیەوێ هاورێکەی بێنێتەوە سەر رێگەی راستی و زۆری هەوڵ لەگەڵ دەدا. بەڵام بێهودەیە، جارێکیان لە موقەشەیەکدا ژنی هاورێکەی بە بەرچاوی جەمیلی مێردییەوە زللەیەك لە عەزیم دەدات... ئیدی عەزیم بۆی دەردەکەوێ کە هاورێکەی لە دەست داوە. بۆیە هەڵدەستێ و ماڵەکە بە

جیّ دیَلیّ. دوای وەدەرکەوتنی بە چەند ساتیَکی کەم لە پشت شاشەوە دەنگی تەقەیەك دەبیستریّ کە ئاماژەیە بۆ لیَکدابرانی یەکجارەکی ئەو دوو هاوڕێیە.
یەلْماز گۆنای بەشیَوەیەکی هونەری بالاْ دەری بڕی کە چۆن دوو بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ژیان ئامبازی یەکدی دەبنەوە، بۆچوون و روانینیَکی مرۆڤانی نەمر، و بۆچوون و روانینیَکی گەندەلْی مردوو...
ئەوەی مایەی سەرنج بوو گۆنای یەجگار سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی کارو پرۆژە هونەرییەکانی، لە تۆ وایە هەست بەوە دەکات کە زۆر ناژیّ و فریا ناکەویّ، ئەوەتا لە هەڤپەیڤینیَکی رۆژنامەوانیدا دەلْیَت: "لە ئایاری سالْی ١٩٧٤دا، بەپیَی بوردنی گشتی لە زیندانییانی ولاْت، لە حەپسخانەی سەلیمیە بەر بووم... لەو ماوەیەدا کە لە زیندان بووم، شەش حیکایەتم نووسین دەربارەی بابەتی جیاواز. یەکیَك لەو حیکایەتانە دەربارەی گیروگرفتی رۆشنبیران بوو لە کۆمەلْگەی بۆرژوازیدا – مەبەست لە حیکایەتی فیلمی هاوڕێیە– بەلاْم حیکایەتی دووەم، کە یەکسەر دوای فیلمی هاوڕیّ دەستم بە ویَنەگرتنی کرد، چیرۆکی فیلمی نیگەرانییە... دەمویست لەم حیکایەتەدا، ژیانی ئەو وەرزیَرە کوردانە پیشان بدەم کە خەریکی لۆکەچنی بوون... هەموو قارەمانانی فیلمەکە کوردن. هەروەها فیلمەکە لە ناو سروشتدا ویَنەگیراوەو لە ستۆدیۆدا کاری بۆ نەکراوە.... بەلاْم وەکو دەزانن نەمتوانی بەخۆم فیلمەکە تەواو بکەم، بەهۆی ئەو بوختانەوە کە حکومەتی کۆنەپەرست بۆی هەلْبەستم گوایە دادوەرم کوشتووە... بە هەر حالْ ئەوە چیرۆکیَکی دوورو دریَژە..."
رووداوێن فیلمەکە لە ژینگەیەکی واقیعیدا روو دەدەن، هەر کەسیَك فیلمەکە ببینیّ. چ کوردبیّ چ کەسیَك بیّ کە کوردبناسیّ و لەگەلْ کوردا ژیابیّ، دەزانیّ کە ئەم کارە فیلمیَکی تەواو کوردییە، جگە لە زمانەکەی، چونکە زمانی کوردی لە تورکیادا قەدەغەیە!..
بەهەر حالْ بابیَینەوە سەر رووداوی کوشتنی کابرای دادوەر. لە سەرەتای پایزی سالْی ١٩٧٤دا، یەلْماز گۆنای پاش ئەوەی لە ویَنەگرتنی فلیمی (هاوڕیّ) دەبیَتەوە، لە گەلْ گروپی ویَنەگرتندا دەچیَت بۆ (یومورتالی) سەر بەشاری ئەزەنە، تا دەست بە ویَنەگرتنی فیلمی(نیگەرانی) بکات، لە شەوی ١٤ئەیلول دا و پاش ئەوەی لە ویَنەگرتنی هەندیّ دیمەنان دەبنەوە ، یەلْماز بڕیار دەدا کە لەگەلْ گروپەکەی خۆیو ژنەکەیو عەبدوللا بوتون–ی خوارزایدا نانی ئیَوارە لە گازینۆکەی ئەو گوندە کە کەوتبووە سەر دەریا بخۆن. سەفا موتلۆ، کە نویَنەری گشتی شار بوو، لەگەلْ چوار پیاوی خۆیدا، ریَك لەو کاتەدا لەویَندەر بوونو شیویان دەخوارد، کاتیّ گۆنایو هاوکارەکانی وەژوور کەوتن، نویَنەری گشتی دەکەویَتە گالْتە پیّ کردنیو، هەڕەشەی لیَدەکاتو تەوسی پیَدەکات: :چەند لووتبەرزە، هەر سەلامیش ناکات... پاشای شاشەیە ها؟... منیش پاشای ئەم دەڤەرەم... لە هەر شویَنیّ بم، دەبیّ هەمووان گویَڕایەلْم بنو کڕنۆشم بۆ بیَنن... ئەگەر ئەمەیان بە دلْ نەبیّ بابڕۆن بۆ شویَنیَکی دیکە...، بە هەر حالْ بەدەم دەمڕیَژی جنیوٚو قسەی ناشیرینەوە قاقای لیَدەدا. کە لە قاقاکەی دەبیَتەوە گۆنای خۆی پیَناگیریّو وەلاْمی دەداتەوە: "پیف لەم نویَنەرە گشتییە" ئەوسا کابرای نویَنەر وەکو ئەوەی بۆ بیانوویەك بگەڕیّ، پەلاماری گۆنای دەدا، گۆنای–ش بەرگری لە خۆی دەکاتو بە دەست دەلْەکی دەداتو نویَنەری (مەست) دەکەویَت. بەلاْم

زوو هەڵدەستێتەوەو پەلاماری گۆنای دەداتەوە. گۆنای دەمانچەکەی (کە مارکەی بیریتا) بوو دەردێنیٚو بۆ ترساندنی تەقەیەك بە ئاسماندا دەکات. کابرای نوێنەریش، دەمانچەکەی دەردێنیٚ کە تەقە لە گۆنای بکات، کە دەیەویٚ پل بە پەلە پیتکەوە بنیٚ، یەکێك لە گروپەکەی گۆنای شەقێك لە دەستی کابرا دەدات و گۆنای رزگار دەکات. دوو فیشەك دەتەقن، ترس دەکەوێتە نێو دانیشتوانەوە. لەم کاتەدا تەقەی سێیەم دەکریٚ، فیشەکەکە بەر چاوی راستی نوێنەر دەکەویٚو مێشکی دیوەودەر دەکات و هەر لەویٚ دەمریٚ. ئەم فیشەکە، فیشەکی دەمانچەی (ئیدمان) دەبیٚ، کە بە عەبدوڵلا بوتون دەناسریٚ. (کە کابرای نوێنەری گشتی بۆیە دەکوژیٚ تا خاڵی نەکوژریٚ.) ئەوجا هەڵدیٚ بۆ چیا تا خۆی بشارێتەوە. بەڵام بەیانی زوو، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر کە رەنگە ئەم کارە دەردی سەرییەکی زۆر بۆ خاڵی بنێتەوە، خۆی تەسلیم بە مەخفەرێکی پۆلیس دەکات و دان بە هەموو شتێکدا دەنیٚ. وێڕای ئەوەش حکومەت گۆنای بەرنەدا، وەکو ئەوەی لە بیانوویەك بگەڕیٚ بۆ حەپس کردنی... پاشان عەبدوڵلا بوتون لە حەپسخانەداو بە شێوەیەکی نادیار کوژرا.

بەیانی رۆژی ١٥/ئەیلولی ١٩٧٤ پۆلیس یەڵماز گۆنایان گرت، تۆمەتی کوشتنی درایە پاڵ و، یەکسەر درایە دادگا. دادگا ٤٠ کەسی وەکو شایەد بۆ دادگا بانگ کرد، ٣٣ کەسیان بیٚ تاوانی یەڵمازیان دووپات کردەوە. خاوەنی چاخانەکە وتی کە یەڵمازی دیتووە تەقەی بە ئاسماندا کردووەو نازانیٚ کیٚ بکوژی راستەقینەیە. پێنج شایەدی دیکە گوتیان سیٚ فیشەك تەقێنرا، بەڵام نازانن کیٚ بکوژە. تاقە کەسێك کە لە دادگادا گوتی یەڵماز بکوژە، فەوزی ئەسلان بوو (کە یاریدەدەری دەستە راستی نوێنەری گشتی بوو)و گوتی: یەڵماز لەگەڵ گروپی وێنەگرتندا بۆ شامکردن نەهاتبوو، بەڵکو هاتبوو تا چەند دیمەنێك بۆ فیلمەکە بگریٚ. هەروەها نوێنەری گشتی بۆ خواردنەوە نەهاتبوو بۆ چاخانەکە، بەڵکو بەکاری وەزیفی خۆی هاتبوو، دەقاو دەق بۆ ئەوە هاتبوو کە نەیەڵیٚ یەڵماز لەو ناوچەیەدا وێنە بگریٚ.

ئیدی بەو بیانووە دادگا بە زوڵمێکی زۆرەوە حوکمی ١٩ ساڵ حەپسیاندا. جا لە ئەنجامی ئەم رووداوەوە گۆنای نەیتوانی فیلمی (نیگەرانی) تەواو بکات و ئیدی بە هاوڕیٚو یاریدەدەری خۆی (شەریف گورین)ی دەرهێنەری سپارد، کە زۆر لێهاتووانەو دڵسۆزانە وێنەگرتنی فیلمەکەی ئەنجامدا. دیارە ئەمە یەکەم کارو دوا کاری هاوبەشی نێوان ئەو دوو هونەرمەندە نەبوو.

بەو جۆرە، گۆنای بۆ جاری سێیەم رەوانەی زیندان و بەندیخانە تاریك و نوتەکەکان کرا، تا قۆناغێکی دیکە لە ئازارو ئەشکەنجەی ناو زیندانانی فاشیستان بچەڕێنیٚ. بەو جۆرەو بە ناهەق ١٩ ساڵ حوکمدرا. بەڵام یەڵماز لەو کەسانە نەبوو ورە بەربدات یان کۆڵبدات.. لە هەر شوێنێك بوایە درێژەی بە خەباتی خۆی دەدا، شێوازێکی تایبەتی بۆ خەبات دادەهێنا. کارو بەردەوامی کار، بە تایبەتی کاری هونەری رازو نهێنی خۆراگری یەڵماز بوو، بۆیە لە ناو زینداندا پەنای وەبەر چەکی نووسین برد، نووسین بەلای ئەوەوە گونجاوترین چەك. شارستانی ترین چەك بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی ترسنۆکان، ئەوانەی نەیاندەویست خەڵکانێك بە دروستی واقیع بخوێننەوە، حەقیقەتەکانی ژیانی خەڵکی کەشف بکەن، چارەی دزێوی هەژاری و زوڵم لە ناو کۆمەڵگەی تورکیدا بخەنە روو... کە لە نووسینەوەی سیناریۆیەك دەبووەوە، دەستی بە نووسینی رۆمانێك

دەکرد، کە لە نووسینی چیرۆکێك دەبووەوە، سەر لە نوێ دەچووە سەر سیناریۆیەکی دی. ئیدی ئەو کارانەی دەنێردرانە دەرەوەی زیندان و دەخرانە سەر شاشەی سینەما، هەڵبەتە ئەمە بە هاوکاری دوو دەرهێنەری هاوڕێی خۆی دەکرا، ئەوانیش هەردوو دەرهێنەر (شەریف گورین) و (زەکی ئوکتان)و هەندێ جار خەڵکانی دیکەش بوون. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٧٥دا فیلمی (مۆڵەت) کە سیناریۆی گۆنای و دەرهێنانی سینەماکاری ناشی (ئەرتیم کوراج) بوو کەوتە سەر شاشەی سینەماکان. هەر لە هەمان ساڵدا (زەکی ئوکتان) ڕۆمانی (تاوانبارانی) گۆنای کرد بە فیلمی سینەمایی. لەساڵی ١٩٧٦دا (بیلجی ئیولکاج) فیلمی (هەر ڕۆژێك دێت)ی کە سیناریۆی گۆنای بوو دەرهێنا. هەروەها (عاتف یەڵمان) فیلمی (کڵۆڵان)ی دەرهێنا کە سیناریۆی گۆنای بوو. هەروەها (زەکی ئوکتان) فیلمی (دژمن)ی دەرهێنا کە یەڵماز گۆنای سیناریۆی بۆ نووسی بوو.

هەر هەموو ئەو فیلمانە نەك هەر لە ئاستی تورکیادا، بەڵکو لە هەندەرانیش سەرکەوتنی گرنگیان بەدەست هێنا. بەڵام هیچیان لە ئاستی (مێگەل) و (ڕێگا)دا نەبوون کە بێ چەندو چوون دوو توحفەی هونەری هەرە گەورەی جیهانی سینەمایی بوون و کەلەپورێکی هونەری و ڕۆشنبیری نەك هەر گەلی کورد بوون بەڵکو هی هەموو مرۆڤایەتی بوون...

بە هەر حاڵ گۆنای لە زینداندا تا ڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هات و هەڵوێستی سەبارەت بە گەلی کوردو دۆزە ڕەواکەی گۆڕا. ئەمجارەیان کوردەواری، گیروگرفتەکانی، کارەساتە نەتەوەییەکانی کورد زۆر بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ لە کارە هونەری و نووسینەکانیدا ڕەنگی دایەوەو کوردو کوردستان پانتاییەکی گەورەی لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانیدا، بۆ تەرخانکراوە.

ئەم هونەرمەندە سەرسەخت و بە هەڵوێست و بوێرە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی دەکرا، دەوڵەتی تورکیا بە ئاشکراو بە زۆر شێوەی جیاواز هەڕەشەی لێدەکرد و گوشاری لێدەکرد تا ناچاری بکات مل کەچ بێ یان لە زیندان هەڵێت و پاشان لە زیندانە گەورەکەی دەوڵەتی تورکیا بڕەڤێ و بەرەو هەندەران کۆچ بکات و لە کۆڵیان ببێتەوە. ئەوە بوو پاش ماوەیەك، گۆنای هەر چەندە حەزیدەکرد لە ناوەوەی وڵاتدا بمێنێ و لە نزیکەوە لەگەڵ گەلی خۆیدا بژی و تا دوا هەناسە بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەی بخەبتێ. لە زیندان هەڵات و وڵاتی بەجێ هێشت... کە گەییە هەندەران، لە یەکەم دیمانەی ڕۆژنامەوانیدا لێیان پرسی:

- ئەدی تۆ نەتدەگوت خۆم دەگرم و وڵات جێناهێڵم و لە نێو گەلی خۆمدا تێدەکۆشم؟!

+ هێشتا زۆر زووە کە باسی هەڵاتنەکەم بکەم. من لە پێناوی وەدەست هێنانەوەی ئازادی خودی خۆم هەڵنەهاتووم، بەڵکو لەبەر ئەوە هەڵاتم تا دەرفەتم بۆ بڕەخسێ کە لە پێناوی ئازادی زەوتکراوی وڵاتەکەمدا بخەبتم... پاش ئەوەی دیکتاتۆریەتی فاشی لە ١٢ /ئەیلولی ١٩٨٢ هاتە سەر حوکم، لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە هەواڵیان دامێ کە حکومەت خەریکی پیلانێکە بۆ کوشتنم. ئەوسا قەناعەتی تەواوم کرد، کە مانەوەم بە سەلامەتی لە سایەی حکومەتی ئاوهادا مەحاڵە..."

* * *

با بێینەوە سەر پێکهاتەی فیلمی (مێگەل) ئەم شاکارە چەوسانەوەو دواکەوتوویی و ئازاری گەلێك لە میانەی ژیانی خانەوادەیەکی هەڵقولاوی ناو جەرگەی ئەو گەلەوە دەگێڕێتەوە. مێگەل فیلمێکی ناسکە، لە رووی هزرو بیرەوە زۆر قووڵە، لە باری بابەت و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندە. بیری سەرەکی فیلمەکە برتییە لە داڕوخان و هەرەسهێنانی داب و نەریتی کۆن لە ژێر گوشاری داب و نەریتی هاوچەرخدا.. شێوەی کۆنی ژیانی روو لە نەمانە، بەڵام دەرهێنەر بەو ژیانە تازەیەی تورکیاش رازی نییە، بە راشکاوی ژیانی سەختی شارو چاو برسێتی بازرگانان و گەندەڵی فەرمانبەران و فێڵ دەهۆوی هەزارو یەك تویی بۆرژوازیەت پیشان دەدات. هەروەها لە فلیمەکەدا چیرۆکی ئەڤینییەکی هێدی و گەرم و گوڕ، خەمین و کاریگەریش پیشاندراوە، کە یەکێك لە رەخنەگرانی سینەمایی ئەوروپایی لە بارەیەوە دەڵێت: "ئەمە هەمان ئەشقی نەمری رۆمیۆو جولیتە بە شێوەو شێوازی رۆژهەلاتی...

ئەم شاکارە هونەرییە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: لە سەرەتادا ئاشنای ژیانی عەشرەتێکی کوردی دەبین بە ناوی (وایسکان) ئەم عەشرەتە لە ناوچەیەکی شاخاوی دوورە دەستدا دەژی. داب و نەریتی خێلایەتی خۆی پاراستووە، ئەو داب و نەریتانەی لە پێشینانی خۆوە بۆ ماوەتەوە، لەو نەریتانە: دەسەلاتی بابسالاری (حەمۆئاغای سەرۆکی عەشرەتە) وردو درشتی ژیان و کاروباری عەشرەتەکەی بەدەستە. هەموو ئەندامانی عەشرەت پابەندی ئەو دەسەلاتەن و کەس ناتوانێ بە موو لێی لابدات. دژمنایەتی و خوێنداری و تۆڵە و تۆڵەئەستێنی لەگەڵ عەشرەتێکی دیکەی کوردا بەناوی (خەلیلیان).

فیلمەکە بە ئاشکرا ئاماژە بۆ هەرەسهێنانی ژیانی خێلایەتی لە سایەی رژێمی فیودالی – بۆرژوازی باودا دەکات. ئەویش بە ئاماژەکردن بۆ ئەو تراکتۆرانەی کە زەوی دەکێڵن کە خۆی لە خۆیدا هێمایە بۆ سەر هەڵدانی بۆرژوازیەت و سەرمایەداری لە ناوچەکەدا. حەمۆ ئاغا کە رەمزی رژێمی خێلایەتییە بە رقەوە دەڕوانێتە ئەو ئامێرانەو لە تۆ وایە دەیەوێ بە نیگای تیژی تێك و پێکی بشکێنێ. دەرهێنەر لەلایەکی ترە وەو لە میانەی بیرو بیرکردنەوەو قسەکانی شڤانی کوڕە گەورەی سەرۆك عەشرەتەکەشەوە حەتمیەتی هەرەسهێنانی ژیانی کۆنمان پێ رادەگەیەنێ. شڤان کوڕێکی تۆکمەو دڵپاکە، بە تەواوەتی باوەڕی بە حەتمیەتی گۆڕان هێناوەو ئەوەتا لەگەڵ کابرای چەرچیدا دەئاخفێ و دەڵێت: ئەم ژیانە بەکەڵك نەماوە. تراکتۆر لە هەموو شوێنان پەیدا بووە.... رۆژ بە رۆژ رووبەری پاوان و لەوەڕگەکان کەم دەبێتەوە... کەواتە گۆڕان بەر دەرکەی پێگرتوون، بەڵام ئەم گۆڕانە چۆن دەبێت؟ شڤان پێی وایە چار ئەوەیە بار بکەن بۆ شارو لەوێندەر کاری بدۆزنەوە، غافڵە لەوەی کە چ یاساو رێسایەکی توند ژیانی شاری کۆنتڕۆڵ کردووە، هەروەها بەرەبەرەو بەشێوەیەکی زیرەکانە شیرازە پچڕانی پەیوەندییە خانەوادەییەکان–یش دەردەکەوێ، ئەوەتا (سلۆ)ی کوڕە بچووکی حەمۆ ئاغا هەندێ میدال و عەنتیکەی کۆن لە شکەفتێکدا دەدۆزێتەوەو دەیانفرۆشێت و پارەکەی دەشارێتەوەو بۆ خۆی هەڵیدەگرێت و ئەمەش هێمایە بۆ دەرچوون و لادان لە دابی گوێڕایەڵی (هەڵبەتە بەپێی یاسای بابسالاری نەدەبوو بیشارێتەوە، چونکە ئەوە موڵکی هەمووماڵباتەکەیە. یەکەمین هەنگاوە بۆ جیابوونەوەو خۆیبوون. هەڵبەتە پێویستە لێرەدا

ئەوەش بگوترێ کە دیمەنی فرۆشتنی ئەو عەنتیکانە لەلایەن سلۆوە هێمایە بۆ ئەوەی کەخاکی کوردستان پڕە لەو بابەتە شوێنەوارو عەنتیکانە کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی شارستانیەتە، لێ مەخابن لەلایەن بێگانانەوە، لەلایەن داگیرکەرانەوە دەدزرێ و بە تالان دەبرێ.
هەر لەم بەشەدا ئاشنای بەها روحییەکانی ئەندامانی خێزانەکەی حەمۆ ئاغا دەبین، بە تایبەتی لە میانەی رەفتارو هەڵس و کەوتیاندا لەگەڵ (بیریڤان)ی هاوسەری شڤاندا هەموو هەر دەیبوغزێنن (هەڵبەتە داب و نەریتی بابسالاری وا دەخوازێ). چونکە لە خێڵی خەلیلیانی دژمنیانەو لە بری خوێن وەرگیراوە.. جا کارەساتی ئەم بووکە کە یەکەم منالی لەبار دەچێت، قورستر دەبێ... بۆ نەگبەتی منالی دووەم و سێیەمیشی هەر لەبار دەچن. بۆیە هەموو ئاغاو خەڵکانێکی دیکەی سەر بە خێڵەکەی دەکەونە گومانێکی شێتانەی نا مەنتیقییەوە. حەمۆ ئاغا لە شڤانی کوڕی دەپرسێت: پێت وایە نەخۆشە؟ ها؟ بەڵام ئەمەشت لەبیر نەچێ کە لەخێڵی خەلیلیانە.. منداڵەکانی خۆی لە بێشکەدا دەکوژێ تا گەورە نەبن و دژایەتی خێڵەکەی ئەو نەکەن!... شڤان بە گوێم بکەو دەری بکە، ئەمە دژمنە دژمن... مەحاڵە خێر بۆ ئێمە بداتەوە..
ژارۆ شڤان، هیچ چارێکی نییە، منداڵەکانی لەبار دەچن. ژنەکەی لە ئەنجامی لەبار چوونی منداڵەکانی زمانی دەبەسترێ. زیارەتی مەزارو دوعای پیاوانی ئاینی دادی نادات. چار چییە؟ شڤان لەبەر خۆیەوە: تۆ بڵێی بابم راست بکات، ماقووڵە ئەم ژنە منالەکانی خۆی بکوژێ؟! نەخێرو هەزارجار نەخێر، شڤان بۆ یەکەمجار بە رووی بابیدا هەڵدەشاخێ: نەخۆشە نەخۆش باوکە... گوناحە وا بیر دەکەیەوە.. چۆن دەچێتە ئەقڵەوە ژنێك بە ئانقەست منالی خۆی بکوژێت؟ پێویستی بە دکتۆرە باوکە... نەخۆشە.. نەخۆش."
بەم شێوەیە شڤان لێدەبڕێ کە پشتی بیریڤان بەر نەدات. ئەم دوو کڵۆڵە وێڕای ئەو وەزع و حاڵە نالەبارەیان، ئەڤینێکی راستگۆو بەهێز پێکیانەوە دەبەستێ... ئەمەش لەو کاتەدا دەردەکەوێ کە براکانی بیریڤان داوای لێدەکەن لەگەڵیاندا بچێتەوە تا یارمەتی بدەن و ببیەنە لای دکتۆر، کەچی بیریڤان لەگەڵیاندا ناچێ، بە بێدەنگییەکی سامناك، نیگای خەمین و پڕژانیان تێدەبڕێ، وەکو ئەوەی پێیان بڵێ من موڵکی خۆم نییە، بەڵکو بوون و هیوای ژیانم لەوێندەرە، ئاوڕ بۆ لای شڤان دەداتەوەو بەرەو پیری رادەکات و خۆی لە پشتییەوە مەڵاس دەدات. شڤانیش پیاوانە گوزارشت لەو ئەڤینە راستگۆیە دەکات و هەموو خوتەو بۆڵەبۆڵ و لێدانێکی باوکی بە بێدەنگی قەبوول دەکات وەکو ئەوەی بڵێ: من ئامادەم واز لە هەموو عەشرەتەکە بێنم، بەڵام دەستبەرداری بێریڤان نابم و بەتەنێ جێیناهێڵم... هەڵبەتە بەشێکی سەرکەوتنی فیلمەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەورە جوانەی ئەکتەرەکان بینیوویانە، تاریق ئەرکان، دەوری شڤان دەبینێ و مەلکادە مراغ دەوری بێریڤان دەبینێ، ئەو بێریڤانە داماوەی بە درێژایی فیلمەکە تاقە قسەیەکی لە زار نایەتە دەر، هەر چییەك دەڵێ بە نیگا دەیڵێ...
جێی خۆیەتی لێرەدا هەندێك قسەی مەلکادە مراغ-ی ئەکتەر، دوای مەرگی یەڵماز گۆنای بە نموونە بێنینەوە: "لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا، لە ئەنتاکیاوە دەچووم بۆ ئەستەموڵ، دەبوایە بە ئەزمیردا تێپەڕم. ئیدی بڕیارمدا بۆ ماوەیەکی کورت لەوێندەر لابدەم و سەرێکی یەڵماز بدەم لە

زینـدان... پێکـەوە لـە ژوورێکـی بچووکی پێشـوازیدا دانیشـتین، زۆرمـان باسـی هونـەری سـینەماو گرنگی ئەو هونەرە کرد... یەڵماز بە دوورو درێژی باسی پرۆژەو بەرنامەکانی ئایندەی خۆی بۆ کردم، بە تایبەتی باسی بیرۆکەی فیلمی مێگەلی بۆ کردم. زۆرم پێ سەیر بوو کە داوای لێکردم دەوری سەرەکی لەو فیلمەدا بدینم، چونکە من پاش فیلمی (هاوڕێ) کە لەگەڵ یەڵمازدا تەمسیلم تیا کرد، هیچ دەورێکی دیکەم نەبینی و هەر وازم لە نواندن هێنابوو... کەچی سوور بوو لەسەر ئەوەی بەشداری لە فیلمەکەدا بکەمو، دەیگوت زۆر لە توانای هونەری من دڵنیایە، هەر چەندە من چ شارەزاییەکم لە ژیانی کوردو کوردەواریدا نەبوو... بەڕاستی من قەرزارباری ئەومو لە میانەی ئەم فیلمەوە ئاشنای ژیانی کوردەواری بەگشتی و بارودۆخی ئافرەتی کورد بە تایبەتی بووم. هەروەها شارەزای ژیانی گەلی خۆم گەلی تورك بووم. لە ڕێگەی ئەم فیلمەوە زۆر شتم زانی کە پێشتر نەمدەزانی... یەڵماز نەمردووە، بەڵکو لە ناوماندا دەژی..."

دەرهێنەر لە بەشی یەکەمی فیلمەکەدا ئەوەمان نیشاندەدات کە ئەو ژیانە لە جەوهەرو کرۆکدا هۆڤیانەیە، سامناکەو مەحاڵە بەو شێوەیە بەردەوام بێ.

بەشی دووەمی فیلمەکە کارەساتی خانەوادەکەی حەمۆ ئاغامان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن لە شاردا گیرۆدە دەبێ. خودانی خێزانەکە حەمۆ ئاغای پیرەمێرد ڕێکەوتننامەیەك مۆر دەکات، بەپێی ڕێکەوتننامەکە مێگەلە پەزەکەی دەفرۆشێت، بەلام دەبێ بە خۆیو لەسەر حیسابی خۆی مێگەلەکە بەرێ بۆ ئەنقەرە. مێگەلەکە لە قیتار بار دەکاتو ئەنقەرە خۆت بگرە وا هاتم. هەرگیز ئەوەی بە بیردا نەهاتبوو کە گواستنەوەی مێگەلەکە ئەو هەموو گۆبەندەی لێدەکەوێتەوە.

ڕۆژی سەفەر نزیك دەبێتەوە، پێنج پیاوو ژنێکی نەخۆشی بێ هێزو هەناو مێگەلی گۆرین وەپێش دەدەنو دەکەونە ڕێ. حەمۆ ئاغای پیرو داماو لە کوڕەکەی دەپاڕێتەوە: "شڤان بە قسەم بکەو بێریڤان لەگەڵ خۆتدا مەبە، شوومە شووم... کوندە پەپووە، کوێرەوەریمان دێتە ڕێ،..."

بەلام شڤان قایبل نەبوو، دەیگوت یان بیریڤان لەگەڵ خۆیدا دەباتو لە ئەنقەرە چارەسەری دەکات، یان ئەویش ناچێت... ئیدی بەو جۆرە سەفەری ئازارو داڕوخان دەستی پێکرد. کە مێگەلەکە دەگاتە یەکەم گوندی ڕێگا، حەمۆ دەکەوێتە داوەوە، دزەکان وا دەنوێنن کە بە شەڕ هاتوون، دەست بە تەقە دەکەن تا پەزەکان پەرتو بڵاوببنەوەو بە ئاسانی بدزرێن، بەو جۆرە هەندێ لە مەڕەکان لە دەست دەدات، ئەوجا کە دەگاتە وێستگەی قیتار تووشی دەبێ بە تووشی دەزگای گەندەڵی دەوڵەتەوە، ئیدی هەر کەسەو بە جۆرێ داوای بەشە بەرتیلی خۆی دەکات، لە سەرۆکی وێستگەوە بیگرە تا دەگاتە شوفێری قیتار. دیارە هەر کەسەو بەپێی پلەو پایەی خۆی. هیچ چارێك نییە، ئەمە یاسا باوە —نەنووسراوەکانە— لەم دەوڵەتەدا.

جا لەوە خراتر، ئەوەیە کە پەزەکان لە ریزە فارگۆنێکی لەوتاو بە ماددەی (دی دی تی) ژەهراوی، کە پێشتر گواستوویەتیوە، بار دەکرێنو کۆمەڵێك مەڕی دی مردار دەبنەوە، ئەمە جگە لە دزینی کۆمەڵێك پەزی دی لە لایەن دزو چەتەو ڕێگرانی سەرانسەری ڕێگەکە... فیلمساز لە ڕێگەی ئەو سەفەرە ترسناکەوە پانۆرامایەکی تێروتەسەلی ژیانی هاوچەرخمان لە هەردوو کۆمەڵگەی تورکی و کوردیدا نیشاندەدات، لەلایەکەوە گەندەڵی دەزگاکانی دەوڵەتو دزیو دەستبڕیو، بەدڕەوشتیو

لەشفرۆشی، -کە سۆزانییە شەلەکە سلۆی کوڕە بچووکی حەمۆ ئاغا دەخەڵەتێنیٚ و پارەکەی لێدەدزیٚ- وێنەدەگریٚ و لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بۆ ژیانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆن و سەرکوتکردنی ئازادیخوازان دەکات -گرتنی ئەو مۆسیقارەی گۆرانی بۆ ئەنتەرناسیونالیزم و مرۆڤایەتی دەڵێت، هەروەها کوشتنی قوتابییەکی شۆڕشگێڕ کە بڵاوکراوەی سیاسی لە ناوەندی شاردا بڵاودەکاتەوە- بەڵام دەرهێنەر هیوا بڕاو نابیٚ، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرگری هەیە، هێزێن پێشکەوتووخواز هەنەو دژی رژێمی وەخت، دژی گەندەڵی دەخەبتن، ئەویش لە رێگەی هاواری ئەو کوڕیژگە رۆژنامە فرۆشەوە، کە لە ناوجەرگەی رێبوارانی سەر شەقامەکەوە بانگ دەکات: "رۆژنامە.. وەرە بۆ رۆژنامە.. فاشیستان ریسوا دەکات... ئیمپریالیزم و تاوانەکانی لە وڵاتەکەماندا ریسوا دەکات..."

بەشی سێیەمی فیلمەکە داڕوخانی عەشرەتی ویسیکان و هەرەسهێنانی سیستەمی فیودالی داتەپیومان پیشان دەدات.

پاش سەفەرێکی ناڕەحەت، پاشماوەی مەڕە لاتەکان دەگاتە شار، بەو ئومێدەی بازرگانەکان بەڵێنی خۆبەجیٚ بێنن، لیٚ حەمۆ ئاغای پیرەمێرد جارێکی دی رووبەرووی یاسا بازاڕییەکان و چاوچنۆکی بازرگانەکان دەبێتەوە... لە ئەنجامدا مل بۆ مەرجەکانی ئەوان دەدا، مێگەلەکەی بە هەرزانترین نرخ دەفرۆشێت و، دەیان پرسیار لە مێشکی دەوڕوکیٚ... چۆن قەرزەکانی بداتەوە؟ چ بەو رەشە خێزانە برسییە بڵیٚ کە لە گوند چاوەڕوانی دەکەن؟ عەشرەت چۆن ئەم زستانە تووشە بقەتێنیٚ؟ بۆیە رازی نابیٚ پارەیەکی زۆر بداتە شڤان کە بیریڤان بباتە سەر دکتۆر. هەڵبەتە حەمۆ ئاغا کە بەرپرسی یەکەمی کاروباری عەشرەتەکەیە، لەبەر رژدی و رەزیلی نییە کە پارەیەکی زۆر نادات بەشڤان، بەڵکو خەمی ئایندەیماڵباتەکەی و نەپچڕانی شیرازەی عەشرەتەکەیەتی.

بە هەر حاڵ بە هەر جۆریٚ بوو شڤان بێریڤان دەباتە لای دکتۆر، بەڵام بێریڤان بە هیچ جۆریٚ قاییل نەبوو کە جلەکانی دابکەنیٚ تا دکتۆر بیپشکنیٚ... بەڵام حاڵی زۆر خراپ بوو، هیچ دکتۆریٚ نەیدەتوانی فریای بکەویٚ و رزگاری بکات.

بێریڤان، لێرە، لە ئەنقەرەدا تەواو هێزی لەبەر دەبڕیٚ، ناتوانیٚ بڕوات. شڤان ناچار دەبیٚ لە کۆڵی بکات کە بەڕاستی دیمەنێکی یەجگار کاریگەرەو بە دەگمەن لە کارە سینەماییە هاوچەرخەکاندا دەبینریٚ... شڤان دەیەویٚ خۆی بگەیەنێتە ماڵی ناسیاوێکی، کە لە سەردەمی خزمەتی سوپاییدا یەکتریان ناسیوە، ماڵی ئەم ناسیاوەی لە قەراخی شاردایەو بە کرێیەکی کەمی مەژی و مەمر پاسەوانی ئەپارتمانە گەورەکان دەکات. ماڵەکە، نیمچە کەلاوەیەکە، ئاوی نییە، کارەبای نییە، پەنجەرەی نییە، شڤان بە جۆریٚ چاو بە ناو ژوورەکەو کەلوپەلە شڕو شەپڕێوەکانی ناویدا دەگێڕیٚ، لە تۆوایە خۆزیای پێدەخوازیٚ، چونکە ئەو ئەوەشی دەست ناکەویٚ، نێگای دەکەوێتە سەر وێنەیەکی مارکس، کە بەبیٚ موبالاتییەوە بە دیواری ژوورەکەوە هەڵواسراوە، ئەوجا سەری وڕوکاس و تەژی خەم و پەژارەی دادەخات.

ئالێرەدا، لەم کەلاوەیەدا، بێریڤان بە بێدەنگی دەمریٚ، وەکو چۆن بە خامۆشی ژیا، بیٚ ئەوەی کەس هەست بە بوونی بکات.

هەڵبەتە بە زۆری وا باوە مردوو لە زێدو مەفتەنی خۆی بنێژرێ، شڤان پێویستی بە پارە دەبێ کە جەنازەی هاوسەرەکەی بەرێتەوە. ناچار روو لە بابی دەنێ. بابی قاییل نابێ، دەڵێت ئەو چاتر کە مرد، بە زندوویەتی زۆرمان خێر لێ بینی، نۆرەی مردوویەتییە؟ شڤان زۆری لەبەر گران دەبێ، لەگەڵ بابیدا دەبێ بە دەمبۆڵەی و کابرایەکی بازاڕی دەکەوێتە نێوانیانەوەو بە تەوەسەوە دەڵێت: ئەوە چتان لێقەوماوە برادەرینە؟ لەسەر ئافرەتێکی مردوو شەڕتانە؟ رۆژی دەیان کەس دەمرێ با ئەمیش یەکێك بێ لەوانە، مردوو لە هەر شوێنێ بنێژرێ دەنێژرێ ئیدی ئەمەی بۆ چییە. شڤان زۆر تووڕە دەبێ پەلاماری کابرا دەدات و دەیەوێ هەرچی داخی دڵییەتی بەوی بڕێژێ.. لە پڕ کابرا دەکەوێ و سارد دەبێتەوە.

بەمجۆرە بێریڤان دەمرێ و شڤانیش بۆ زیندان. (سلۆ)ش بەڕەڵای ناو شار دەبێ و نایەوێ بگەڕێتەوە. حەمۆ ئاغای داماویش بە دووی سلۆدا بانگە بانگ: سلۆ، هۆ سلۆ بەناو شار دەکەوێ بێ ئەوەی کەس گوێی بداتێ.. ئا بەو جۆرە دەرهێنەر، بە شێوازێکی واقیعی و بە گێڕانەوەیەکی روون و رەوان ئەنجامی حەتمی هەرەسهێنانی عەشرەتەکەی حەمۆ ئاغامان نیشاندەدات. هەڵبەتە ئەم فیلمە لە زۆر وڵاتی ئەوروپاییدا سەرکەوتنی باشی وەدەست هێناوەو پێنج خەڵاتی هونەریی باڵای لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتییەکانی سینەمادا بردۆتەوە کە گەورەترینیان خەڵاتی میهرەجانی ((فالینسا)) بوو لە ئەسپانیا، ساڵی ١٩٨٠.

رێگا:

گۆنای، بە تایبەتی پاش فیلمی مێگەل: ئەستێرەی کەوتە بەرزی و ناوی کەوتە ریزی گەورە دەرهێنەرانی جیهانەوە. ئیدی گۆنای، بەرە بەرە لە مەسەلەی کوردی نزیك بووەوەو کەوتە ئەوەی سەربووری ئەم گەلە بهونەرێنێ و کارەساتەکانی بەرجەستە بکات و تاسەیان بۆ ئازادی بنوێنێ. هەڵبەتە ئەمەش هۆیەك بوو بۆ ئەو سەرکەوتنانەی کە فیلمەکانی دوایی بە دەستیان هێنا... ئەوەتا بە خۆی لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا بۆ رۆژنامەوانەکان دەدوێ: "ئەگەر کوردیش نەبوایەم، هەر بایەخم بە دۆزی گەلی کورد دەدا، تەماشاکە تا رۆژگاری ئەمڕۆکەش ١٢ ملیۆن کورد، لە تورکیادا بێبەشن لە کەمترین مافی مرۆڤانی. تەنانەت مافی ئەوەیان نییە بە ئازادی بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن، ماقووڵە چاوپۆشی لەوە بکرێ؟!".

ئیدی لەو پێودانگەوە گۆنای لە زینداندا کەوتە نووسینی سیناریۆی فیلمی (رێگا). هەر لە زیندانەوە پرۆسەی دەرهێنانەکەی بەرێوەدەبرد، ئەوە بوو لە پڕ لە میهرەجانی (کان)ی سینەمایی نێو دەوڵەتی (٣٥)دا، لە فەرەنسا پیشاندراو دەنگێکی گەورەی دایەوەو خەڵاتی یەکەمی میهرەجانەکەی (گەڵای ئاڵتوونی– السعفة الذهبیة)ی وەرگرت کە لە رووی بایەخی هونەرییەوە هاوتای خەڵاتی (ئۆسکار)ی ئەمریکییە. دەربارەی ئەم کارە هونەرییە، گۆنای دەڵێت: "... لە زینداندا سیناریۆی ئەم فیلمەم نووسی... لە زینداندا خەڵکانێکی زۆرم ناسین، دۆستایەتیم لەگەڵ زۆربەیاندا پەیدا کرد... ناو بەناو گوێم لە حیکایەت و بەسەرهاتی گرتنی ئەو دۆستانە دەگرت و بە ئەمانەتەوە لای خۆم تۆمارم دەکردن، ئیدی بەرە بەرە ١٢ چیرۆکم لەلا خڕ بووەوە... پێنج چیرۆکم

لەو ١٢یە هەڵبژارد، ئەوانەی کە واقیعی بوون و لەگەڵ مەبەستی مندا دەگونجان... مەبەستەکە وێنەگرتنی ژیانی واقیعی ئێستای تورکیا بوو لە ڕێگای چارەنووسی ئەو پێنج زیندانییەوە کە بۆ جەژنی قوربان یەکی تەنیا یەك هەفتە مۆڵەت درا بوون..."

گۆنای، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، ڕووی لە (شەریف گورین)ی دەرهێنەر نا، کە فیلمەکە دەربێنێ و جێبەجێی بکات. هەڵبەتە بۆیە شەریفی هەڵبژارد، چونکە کەسێك بوو بە باشی لە دنیای هونەریی و سیاسی گۆنای حاڵی دەبوو، و پێشتریش وەکو یاریدەدەر کۆمەڵێك کاری هونەری لەگەڵ گۆنایدا کردبوو، لەو کارانە: فیلمی ئومێد، پەند، نیگەرانی و... هەروەها چونکە شەریف گورین بەرەگ و ڕەچەڵەك کورد بوو، لە خەڵکانی دی زیاتر شارەزای داب و نەریت و خوو خدەو تەبع و تەبیعەتی کوردەواری بوو.

بە هەر حاڵ فیلمەکە زۆر بە سەرکەوتووی جێبەجێ کرا، جێدەستی هەم گۆنای و هەم گۆرینی پێوە دیار بوو. ئەمەش پرسیارێکی لە نێو ناوەندە ڕەخنەوانییەکەی سینەمادا ورژاند کە کێ لەو دووانە دەرهێنەری ڕاستەقینەی فیلمی نێو براوە؟ تا شەریف هاتە وەڵام و مەسەلەکەی یەك لایی کردەوەو بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند کە: "گۆنای دەرهێنەری ڕاستەقینەی فیلمەکەیەو، هەر ئەویش شایستەی ئەو ناوەیە، من و خەڵکانێکی دی جێبەجێکاری ئەو دەستوورانە بووین کە ئەو لە زیندانەوە پێی ڕادەگەیاندین."

ئەدی گۆنای چۆن توانی لە زیندانەوە ئەم شاکارە بەڕێوەبەرێ؟ ئەمە پرسیاری ڕەخنەگران و ڕۆژنامەوانان و ئەهلی بوارەکە بوو... گۆنای لە وەڵامدا دەڵێت: ".... لەو سەردەمەدا —واتە لە کۆتایی سالانی هەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا— حیزبی گەلی کۆماری بە ڕێبەرایەتی بلند ئەجەوید حوکمی وڵاتی دەکرد، حکومەت ڕێی بە خەڵکی دەدا بە بەردەوامی سەردانی زیندانەکان بکەن، ئێمەش ئەم دەلیڤەیەمان دەقۆستەوە، تیپی وێنەگرتن بە تەواوەتی سەردانیان دەکردم، جا لەو دیدارانەدا، دەیان پارچە کاغەزم دەدانێ کە بە وردی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکەیان، بە چۆنیەتی وێنەگرتنیشەوە، تێدا تۆمار کرابوو، هەروەها داوام لە وێنەگران و ئەکتەرەکان دەکرد کە سەردانی هەندێ ناوچەی تایبەتی بکەن و شارەزای خەڵکەکە و داب و نەریتیان بن و بە فۆتۆگراف وێنەی ناوچەکەو خەڵکی دەڤەرەکە بگرن، تاوەکو هەموو وردو درشتێکی واقیعەکەیان لەبەر چاو بێ..."

یەکێك لە هاوڕێکانی گۆنای لەم بارەیەوە دەڵێت: ".... گۆنای هەموو گروپی کارەکەی بۆ زیندان بانگ دەکرد، تەنانەت کرێکاری ڕوناکیشی داوا دەکرد، جا لە ماوەی ئەو دیدارانەدا لەبەر چاوی ئەکتەرەکان، چۆنیەتی دەور بینینەکەی ئەوانی دەنواند... بە وێنەگرەکانی دەگوت کە چۆن کامیراکانیان بجوڵێنن و چۆنی بەکار بێنن و، چ عەدەسەیەك بەکار بێنن، لە تۆ وایە بە درێژایی تەمەنی خۆی وێنەگری سینەمایی بووە. یانی دەشێت بڵێین کە ژووری دیداری ناو زیندانەکەی دەکرد بە ستۆدیۆیەکی سینەمایی.. دوای دیدەنییەکان یەکسەر دەچووین بۆ مەیدانی وێنەگرتن، چونکە زۆربەی گرتەو دیمەنەکانی فیلمەکە لە دەرەوە دەگیران... هەر کەسەو کاری خۆی دەزانی و بە گوێرەی ڕێنماییەکانی گۆنای جێبەجێی دەکرد..."

هەڵبەتە هاوڕێیانی گۆنای، گەرچی ژمارەیان کەم بوو، دەوری یەجگار گەورەیان لەسەر خستنی ئەو کارانەیدا گێڕا کە لە زیندانەوە بەڕێوەی دەبردن و ئاراستەی دەکردن. هەڵبەتە بە خۆیشی زۆرجار بەمنەتباری و پێزانینەوە باسی ئەوەی کردووەو خۆی بە قەرزارباریان زانیوە: "من قەرزارباری ئەو دۆستانەم کە" کاریان لەگەڵدا کردووم و بەدڵسۆزییەوەو بێ کەموکوڕی ڕێنماییەکانیان جێبەجێکردووم..."

هەڵبەتە هەر سەرکەوتنێك، هەر ناووناوبانگێك کۆمەڵێك رازو نهێنی خۆی هەیەو دەبێ بە خولیاو پرسیاری خەڵکانێك، گۆنای و سەرکەوتن و نێوبانگی گۆنای لای زۆر کەس بووە بە خولیاو پرسیار، پرسیار لە وەڵام گەڕاوە... ئەوەتا دمیتریس زانیاکیس-ی رەخنەگری سینەمایی بەناوبانگی یونانی دەربارەی گۆنای دەڵێت: "... یەکێك لە رازە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی گۆنای ئەوەیە لە ناو گەلدا دەژی نەك لە تەنیشتی، هەرچییەکی وێنەگرتووە، بەڵگەو گەواهی زیندووە لەمەڕ هەژاری و دواکەوتووی و چەوساوندنەوەی گەلی کورد... سەرچاوەی هێزی فیلمەکانی وێنەگرتنی ژیانی واقیعییە بە هەموو حەقیقەتە تاڵەکانییەوە، ئەوەی گۆنای وێنەی دەگرت و نیشانیدەدا بەلای تەماشاڤانی رۆژئاواییەوە خەوی سامناکە، لێ مەخابن ئەوە واقیع بوو نەك خەیاڵ... تایبەتمەندییەکی دیکەی کارەکانی گۆنای، کە بێ چەندو چون بەڵگەی بلیمەتییەکی خالیسەیە، ئەو گونجانە هەرە سەرکەوتووەیە کە لە نێوان لایەنی دیکۆمێنتی و لایەنی چیرۆکەوانی فیلمەکانیدا هەیە..."

جێی خۆیەتی لێرەدا بەخێرایی ئاماژە بۆ پێکهاتەی فیلمی (رێگا) بکرێ کە بە شاکارێکی گۆنای دەژمێردرێ.

((پێکهاتەی فیلمی رێگا))

قارەمانانی (رێگا) پێنج زندانی بەناو (ئازاد)ن، بۆ جەژنی قوربان حەوت رۆژ مۆڵەتیان دەدرێتێ کە سەردانی کەس و کاریان بکەن. کامیرای گۆنای بەگەڵیان دەکەوێ بۆ ناو ماڵ و کەس و کاریان. قارەمانەکان بریتین لە: (یوسف، مەولود، سەید عەلی، محەمەد ساڵح و عومەر) ئەمانە لە زیندانێکی ئەستەمووڵدا حەپسن (زیندانی ئیمرالی، کە گۆنای بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێندەر حەپس بوو) ئەمانە بەرەو ماڵی خۆ وەڕێدەکەون بەو ئومێدەی ماڵ و منداڵ و کەسوکاری خۆ بدینن، ئەم بەناو (ئازاد)انە لە رێگەدا لووتیان دەتەقێ بە واقیعی ئیرهابی باوی وڵاتەوە (رووداوی فیلمەکە پاش کودەتا سوپاییەکەی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠)یە. هەر چەند کیلۆمەترێك و وێستگەیەکی پشکنین و ناسنامە داوا کردنە، یوسف، لە خۆشیداو بەدەم سوعبەت و گاڵتەو گەپی ناو ئەو پاسەی کە سواری بوون، مۆڵەتنامەکەی ون دەکات، پاش تۆزێك پاسەکە دەوەستێ و پۆلیسێك بۆ پشکنین سەردەکەوێ. یوسف لە مۆڵەتنامەکەی دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە. ئەمە بۆ خۆی دەبێ بە کارەساتێك ئەوسەری دیار نەبێ، سوێند بۆ کابرای پۆلیس دەخوات کە ئێستا ونی کردووە، ئەویش وەکو هاوڕێکانی لە مۆڵەتی هەفتانەدایە... پۆلیسی تورکیا ئەمە نازانێ، پاڕانەوەی یوسف دادی نادات، رێ و رێ دەیگەڕێننەوە بۆ حەپسخانە... مەولود بەرەو شاری قۆنیا وەڕێدەکەوێت تا دەزگیرانەکەی بدینێ،

بەڵام داب و نەریت ڕێی نادات بە تەنیا دەزگیرانەکەی ببینێ و... ئیدی مەولود ناچار دەبێ ڕوو بکاتە سۆزانیخانەکان و مەیلە سێکسییەکانی دابمرکێنێتەوەو بەو جۆرە بارە دەروونی و سایکۆلۆژییەکەی وای لێدەکات زۆربەی کاتەکانی لە مەیخانان و مەلهاکاندا بەسەر بەرێ...
واقیعیەتی گۆنای هەر لەوەدا دەرناکەوێ کە ناکۆکییەکانی نێو سیستەمی باو دەردەخات و بەرجەستە دەکات، بەڵکو لەوەشدایە کە ناکۆکی و دژەکانی ناو ناخی قارەمانەکانیشی لێهاتووانە بەرجەستە دەکات.. ئەوەتا مەولود لە دیمەنێکدا لە وەڵامی داوایەکی دەزگیرانەکەیدا کە لەسەر ئەدرەسی پوری نامەیەکی بۆ بنێرێت دەڵێت: "گوێ مەدەیێ، ئەوە واقیعی ئێمەیە... ئەوانە (واتە کەسوکارەکەت) خەڵکانێکی پاشڤەڕۆن، هێشتا لە سەدەکانی ناڤینداندەژین..." ئەوجا ئاوڕ لە دەزگیرانەکەی دەداتەوەو جارێکی دی پێی دەڵێتەوە: "گوێ بگرە، کە بووی بە هاوسەرم، لێت قەبووڵ ناکەم بە بێ ئیزن لە ماڵ بچیتە دەرەوە... نابێ لەگەڵ بێگانانندا پێ بکەنی، تەنانەت نابێ بڕوانیتە چاویان... قسەی من لە ماڵدا یاسایە... وا ڕاهاتووم، دەبێ هەمووان گوێڕایەڵی من بن... حاڵی بوویت..."
سێ قارەمانەکەی دی کەتەوە ری سەرەکی بابەتی فیلمەکەن، لووتیان دەتەقێ بە واقیعی سەخت و دژواری گەلی کوردەوەو باقی ڕووداوەکانی تری فیلمەکە لە کوردستاندا ڕوو دەدات. ئەو پاسەی هەر سێ زیندانییەکەی هەڵگرتووە (حەمە سالح و سەید عەلی و عومەر) دەچێتە ناوچەی کوردستانەوە (وشەی کوردستان، بۆ یەکەمجار لە مێژووی سینەمادا، لەسەر شاشە دەردەکەوێ) بەو شێوازە یەڵماز کوردستان لە تورکیا جیا دەکاتەوە، جا یەڵماز گۆنای لەو بارەیەوەو پاش ئەوەی لە زیندان دەرەڤێ، دەڵێت: ".... من قەناعەتی تەواوم هەیە کە لە ناو تورکیادا کۆلۆنییەك هەیە کە پێی دەگوترێ کوردستان... هەوڵم داوە، لە ڕێگەی قارەمانە سەرەکییەکانمەوە، چاوێك، ئەگەر سەرپێیانەش بێ، بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری ناو ئەو کۆلۆنییەدا بگێڕم..."
ئیدی ئەو سێ قارەمانە لێکدی جیا دەبنەوەو هەر یەکەیان بەرەو شوێنی خۆی دەڕوات و هەر یەکەیان تووشی دەبێ بە تووشی کۆمەڵێك ئاریشەو گرفتەوە کە لە پاش ئەوان ڕوویان داوە. بەڵام یەڵماز هەموو ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هونەرییانە لێك دەدات و لە کۆتاییدا تەماشاڤان ڕووبەڕووی ئەو کارەساتانە دەکات کە بەرۆکی کوردی گرتووە، ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسەی دەکات کە لە سایەی داگیرکەری تورکدا چاوەنۆڕی گەلی کوردە.
سەید عەلی، بەرەو ماڵ پێ هەڵدەگرێ، تامەزرۆی دیداری هاوسەرەکەی و کوڕەکەیەتی، بەڵام کە دەگاتە ماڵەوە سەیر دەکات ژن و کوڕەکەی لەوێ نین. ژنێکی تازە لە ماڵەکەیاندایە، تومەز بابی بە گوێرەی دابی فرە ژنی لە کوردستاندا، ژنی دووەمی هێناوە، دەچێت بەلای دایکیدا کە لە ناو جێگەدا کەوتووەو بە خەمینی لە ژن و کوڕەکەی دەپرسێت. دایکی وەڵامی دەداتەوە: "خیانەتی لێکردی کوڕەکەم... ها لە حەپسدایە لە ماڵی کەسوکاری... ویستی شوو بە کەسێکی دی بکات..."
بەڵێ لە ماڵی بابی، لە گوندێکی دوورە دەستی چیاییدا، زیندانەو چاوەنۆڕی مەرگی خۆیەتی، کە بە پێی داب و نەریت دەبێ بەدەستی مێردەکەی ئەنجام بدرێ، چونکە بە موڵکی مێردەکەی

حەساوە. ژن برا گەورەکەی پێی دەڵێت: ".... گوێ بگرە سەید، ئێمە سوورین لەسەر کوشتنی، بەڵام مادام خۆت هاتیتەوە، بەخۆت ئەو کارە بکە... شەرەفی تۆ شەرەفی ئێمەشە، ئێمە ئامادەین یارمەتیت بدەین ئەگەر پێویست بکات..."
سەید عەلی، لێدەبڕێ تۆڵەی خۆی بسەنێ، بەناو بەفرو زریاندا وەڕێ دەکەوێ بۆ ماڵ خەزوری... ئەسپەکەی لە ناو چڕە بەفردا، بەرگەی سەرما ناگرێ، پەکی دەکەوێ و دەکەوێ، سەید عەلی بۆ ئەوەی لەو عەزابەی رزگار بکات فیشەکێکی پێوە دەنێ و دەیکوژێ... دیمەنێکی زۆر سامناکە، خوێنی گەرم ئاوێتەی بەفری سپی دەبێ و، لە تۆ وایە لە خودی بەفرەکەوە هەڵدەقوڵێ. یەڵماز تیشك دەخاتە سەر وڵاتی شاخاوی کوردان و ژیانی سەرەتایی کوردەواری و دابڕانیان لە جیهان، بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا. سەید دەگاتە ماڵی خەزوری، خەزوری (بابی ژنەکەی) بەدەم وێردو قورئان خوێندنەوە پێشوازی دەکات، باوەڕی وایە ئەو کارە وەسوەسەی لە دڵ دەرەوێنێتەوە: "کوڕی خۆم گەر دەتەوێ ژنەکەت بدینی ئەوەتا لەو زنجەدایە، وەکو کسۆکان دەژی... ئەوە هەشت مانگە تەنیا نانی وشك و ئاو دەخوات.... پیاو بەو سۆزو بەزەیی وەڵاوە بنێ... گلاوە..."
سەید عەلی چاوەڕوان ناکات بەیان بدات، لە نیوە شەودا قرێر دەدات ژنەکەی و کوڕەکەی هەڵگرێ و بچێ بۆ ماڵی ژنبرا گەورەکەی، تا لەوێندەر، بە بەرچاوی هەمووانەوە فەوت و فەنای بکات، ژنەکەی لەبەر لاوازی و بێهێزی بەرگەی رێگەوبان و سەرمای کوشندە ناگرێ، پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ خۆی و سروشتدا لە هەمان ئەو شوێنەدا کە پێشتر ئەسپەکەی تیا کەوت دەکەوێ و دەمرێت، ئەمەش دەلالەتی خۆی هەیە. جا سەید عەلی وێڕای رقی زۆری لە ژنەکەی، هەست بە جۆرە گوناح و بەزەییەك دەرهەق بەو زەعیفەیە دەکات. دەیکاتە کۆڵ، داوا لە کوڕەکەی دەکات لە پشتەوە بەر قایشەکەی پشتی بدات، بەڵکو خوێن لە دەمارەکانیا بجمێ... بەڵام هەوڵەکانی، هاوارو پاڕانەوەی: "زێنێ... زێنێ... رابە، هۆشت بێتەوەبەر"، مەنوو زێنێ... (وەکو ئاماژەیەك کە دەیبەخشێت) بە فیڕۆ دەچێت و دادی هیچ نادات...
بەڕاستی دیمەنی دڵتەزێن بەرجەستەکراوەو روونده لە چاڤان دەفڕێنێ.... ئەوەتا خاتوو سەما بوراس-ی دەرهێنەر دەربارەی فیلمی رێگا لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (پاشای ناحەز هیوامان بۆ دێنێ) دەڵێت: ".... لەگەڵ دەستە خوشکێکدا لە بەرلین خۆم بە هۆڵی سینەمایەکدا کرد تا فیلمی رێگا بدینین کە دەمێك بوو چاوەڕێی بووین... هۆڵەکە تەژی خەڵکی بوو، خەڵکی جیاواز لە رووی نەژادی نەتەوەییەوە، هەراو ژاوەژاوێکی زۆر لە هۆڵەکەدا هەبوو، بە تایبەتی لە دەوروبەری ئێمە، چەند جارێك داوای بێدەنگیم لێکردن... لە پڕو بە شێوەیەکی نا ئاسایی بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو هۆڵە گەورەیەدا کێشا... پاش ماوەیەك گوێم لە دەنگی گریانی ئەو خەڵکەی دەوروبەرم بوو، بە تایبەتی دەستە خوشکەکەم، بەڵام من بە حوکمی ئەوەی دەرهێنەرم خۆم گرت... کەچی بێ ئەوەی بە دەستی خۆم بێ فرمێسك لە چاوانم هەڵوەری.... فیلمەکە تەواو بوو، خەڵکەکە بە کڕی لە هۆڵەکە دەرکەوتن و سەری رێزیان بۆ فیلمسازەکە دادەنەواند...."
هەڵبەتە گۆنای زۆر هونەرمەندانە واقیعی دواکەوتووی کوردەواری، لە سایەی داگیرکەری تورکدا نیشانداوە، ئەوەی دەرخستووە کە پەیوەندییە فیودالی و خێڵایەتییە باوەکان هەموو لایەنەکانی

ژیانی کوردەواری گرتۆتەوەو ئیفلیجی کردووە، بە تایبەتی ئافرەت کە هەم لە رووی نەتەوەییەوەو هەم لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەچەوسێنرێتەوە.. ئەمە لە کاتێکدایە، کە هەر کۆمەڵگەیەك ئازادی ئافرەتی تێدا نەبێ، مەحاڵە کۆمەڵگەیەکی ئازاد بێ.

قارەمانی دووەم مەمەدە (بچوککراوەی ناوی محەمەد)ە بەرەو دیاربەکر دەچێت، ژنەکەی و مناڵەکانی لەوێن لە ماڵی خەزوری... بەدەم ڕێوە خەمو پەژارەکانی کاوێژ دەکاتەوە چ شتێك چاوەڕوانی دەکات؟ کاردانەوەی کەسوکاری ژنەکەی بەرانبەر بەم چ دەبێ؟ بە تایبەتی کە پێیان وایە ئەو بووەتە هۆی مردنی (عەزیز)ی ژن برای، کاتێ کە لەگەڵ پۆلیسدا بەشەڕ هاتووەو ئەم بە تەنێ بەجێی هێشتووە... بەڵام تاسەو ئارەزووی دیداری ژن و منالەکانی هەموو شتێکی لەبیر دەباتەوە.. بەڵام کە دەگاتە جێ و دەیەوێ ژن و منالەکانی بەرێ، کەس قاییل نابێ و دەریدەکەن. خەسووی پێی دەڵێت: "گومبە لەبەر چاومان خوێڕی بێشەرەف. منالەکانی لە باوەشی دەردێنێ و بە زمانێکی کوردی پەتی بانگیان دەکات (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زمانی تورکی نازانێ)... وەرن رۆلەکانم.... بابتان خوێڕییە، ترسنۆکە، کوڕە لاوەکەمی لەبەر دەستیاندا جێهێشت و هەڵات تا خۆی رزگار بکات..."

بەڕاستی زۆر جار داب و نەریت جێی یاسا دەگرێتەوەو گەلێك سەختگیرترو دژوارتریشە، ئەمە چ حوکمێکە دوای ماوەیەکی زۆری دووری نەتوانی ماڵ و منداڵی خۆت لە ئامێز بگری و بیانلاوێنی... بە هەر حاڵ مەمەد فرسەت دێنێ و دەمەو ئێواریێ ماڵ و منداڵەکەی هەڵدەگرێ و خۆشیان نازانن بۆ کوێ. ژن و مێرد لە نێو قیتارداو لە ئاودەستدا، ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام لێیان دەکرێ بە قوزەڵقورت و ژەهری مار، رێبوارەکان پێیان دەحەسن، هات و هاوارو جنێو بەرز دەبێتەوە، تێرو پڕ تێهەڵدان دەخۆن... پۆلیس قیتارەکە ئاگادار دەبێتەوەو دێت، ئەویش بەسەریاندا دەبۆڵێنێ: "بێ ئەخلاقینە... شەرمە بۆ ئێوە... خۆتان دەبیننەوە... چۆن زات دەکەن..." مەمەد بە دەمە لالکیوە پێی دەڵێت: "قوربان ئەمە ژنمەو ئەوانەش منالمن..." پۆلیسەکە پێیدا هەڵدەشاخێتەوە: "بە چیدا بزانم ژنتە... کوا بەڵگەتان..." مەمەدی داماو بێدەنگ دەبێت بەڵگەنامە لە کوێ بێنێ، ئەوان بە شێوەی لادێ مارە بڕاون، شێخ یان مەلایەك دێ و بە شایەتی دوو کەس لێکدییان مارە دەبڕێ.

پۆلیسەکە دڕ بە خەڵکەکە دەداو جارێکی دی دەڵێت: ".... بەڕاستی شەرمە، دوای تۆزێکی دی دەگەینە وێستگەو لەوێندەر دەتاندەمە دەست پۆلیسی تاوان..." لەم کاتەدا برا بچووکی ژنەکە لە ناو قیتارەکەدا بۆیان دەگەڕێ تا بیانکوژێ، کە ئەو دیمەنە دەبینێ، لە ترساندا هەڵدێ.

گۆنای لەو دیمەنانەدا جگە لە ریسواکردنی داب و نەریتە کۆن و سواوو پواوەکان، بوونی حکومەتی عورفیش لە کوردستاندا ریسوا دەکات، کە خۆی لەو هەموو سەربازخانەو جم و جۆڵە بەردەوامە سامناکانەی فڕۆکانی جەنگیدا دەبینێتەوە، هەروەها پاشکەوتووی شاری دیاربەکریش دەخاتە ئەستۆی داگیرکەری تورك...

قارەمانی سێیەم (عومەر)ـە کە بە ئیعتراف گۆنای خۆی هەڵگری هەمان بیروبۆچوونی گۆنایە سەبارەت بە دۆزی رزگاریخوازی گەلی کورد.

عومەر بەرەو گوندە بچووکەکەی خۆیان وەڕێدەکەوێ، گوندەکەیان کەوتۆتە سەر سنووری نێوان تورکیاو سوریاوە. ئیدی کە گوندی لێ بەدیار دەکەوێ بزەی شادی دیداری کەسوکارو ئازیزان دەکەوێتە سەر لێوانی. کە چاوی بەو خانووە قوڕانە دەکەوێ، لەو وایە مەزنترین کۆشك و تەلاری مێژوون.. بەڵام ئەو خەیاڵە خۆشانە زوو هەڵوەرین، هەر کە لە گوند نزیك بووەوە گوێی بە دەنگی تەقە زرینگایەوە. دوای تۆزێ هەمدیس بێدەنگی و خامۆشییەکی ترسناك باڵی بەسەر گوندا کێشایەوە، لە تۆ وایە دەمێ ساڵە چۆڵە. کەچی دەنگی سەربازێك بێدەنگییەکەی شڵەقاند: "ئەگەر تەسلیم نەبن، ماڵەکانتان بەسەردا دەڕوخێنم... تا سێ دەژمێرم.. یەك.. دوو..." ئەوجا دەنگێك وەك ئەوەی لە بنی بیرەوە بێ گوتی: "تەقە مەکەن.... تەقە مەکەن... تەسلیم دەبین...." هەر هەموو ئەمە لەبەرچاوی ئەو کڵۆڵەدا کە تازە گەیی بووەوە روویدا.. خەم و پەژارەیەکی کوشندە لە رووی نیشت، بوو بە شایەتی دەستگیرکردنی کۆمەڵێکی دی لە خەباتکارانی کورد.. بەنیگای خەمگین و مێشکی جەنجاڵەوە بەڕێی کردن. لە دڵی خۆیدا بۆ چارەیەك دەگەڕا.

هەر کە دنیا تاریك بوو، شەڕ دەستی پێکرد، گیز و هۆڕی گوللە نیشانەی بەرگری خەباتکاران بوو... بابی عومەر دەڵێت: ((ئاوا دەژین کوڕم. ژیانێکی دژوارە... کورد بوون بەسە بۆ ئەوەی بخرێیتە کەمینی مەرگەوە.)) عومەر دەزانێ کە (ئەبوزەید)ی براگەورەی لە چیایە، بۆیە خەم لە چارەی کەسوکاری نیشتوەو شەڕ بەردەوامە لە نێوان دایك و باوکیاندا لەسەر چارەنووسی کوڕەکەیان...

لەگەڵ گەردی بەیانیدا، دەنگی ژنان بە زمانی کوردی بەرز دەبێتەوە: "... دەی رابن... رابن... ئەوا جەندرمە جەنازەی شەهیدەکانیان بۆ هێناوینەوە... ئەوە ئەنجامی شەڕەکانی دوێ شەوە."

ئوتومبیلێکی جێبی عەسکەری، بە کۆمەڵێك جەنازەوە بۆ ناو گوند دێ، خەڵکی گوند لە مەیدانی گوندا بۆ پێشوازی جەنازەکان خڕ دەبنەوە. ئەفسەرێك دەچێتە سەر تاوێرێك و دەڵێت: "هاووڵاتیان.... ئەمە نیشتمانی هەموومانە... ئێمە رۆڵەی یەك وڵاتین و هیچ جیاوازییەکمان لە نێواندا نییە... لە ئەنجامی شەڕەکانی دوێنێدا (٥) کەس کوژراون... ئەمانە ناسنامەیان پێ نییە، هەر کەسێکتان دەیانناسێتەوە دەبێ قسە بکات.... ئەگەر دەربکەوێ دەیانناسن و بە درۆ خۆتان لە گێلی دەدەن، ئێوەش وەکو ئەوان لێدەکەین... حاڵی بوون؟ عەسکەر پیاوانی گوندیان ریز کرد، تا هەر یەکەیان سەیرێکی جەنازەکان بکات... چ داماوییەکە.... کێ دەوێرێ بڵێ من ئەمەیان دەناسم؟ ئەمە چ کارەساتێکە باب، یان برا حاشا لە ناسینەوەی کوڕ یان برا کوژراوەکەی بکات!! عومەر جەنازەی برا گەورەکەی دەناسێتەوە... بەڵام قسە ناکات... ناچارە دەبێ بێدەنگ بێ... دەنا ئەویش دەکوژن. تەگبیر؟ لێدانی دڵی زیاد دەکات، خوێن لە دەماریدا هەڵدەچێ: کە ئەفسەرەکە لێی دەپرسێت ئایا کەسیان دەناسێت؟ عومەر سەری بادەدا کە نەخێر. نیگاشی یەکپارچە تووڕەیی و تۆڵەیە... بەو جۆرە ریزی خەڵکەکە بە بەردەم جەنازەی شەهیدەکاندا رەت دەبێ و دڵیان تەژی حەسرەت و خەمە بۆ شەهیدەکانیان... هەموو حاشا لە جەنازەکان دەکەن... ئەم زوڵمە تاکەی؟ عومەر وێڕای تکاو پاڕانەوەی داك و بابی کە بگەڕێتەوە بۆ زیندان و حوکمەکەی تەواو بکات، یاخی

دەبێت و پێیان دەڵێت: "نەخێر جارێکی دی ناگەڕێمەوە بۆ زیندانەکانیان.... دەچمە چیا... تاکەی ئەم زوڵمە قەبووڵ بکەین...."

گۆنای، بوێرانە هەڵوێستە نەتەوەیی و شۆڕشگێرییەکانی خۆی لە فیلمی ڕێگادا بەرجەستە کردووەو لە ماوەی پەنجا دەقیقەیەکدا زۆر شتی نیشان داوین و فیلمەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتووەو ڕەخنەگران بە (ئەلیازەی تورکی)یان وەسف کردووە، دەڵێن لە هەوەڵییەوە تا کۆتایی مایەی سەرنجەو بە تەکنیکێکی هونەری بەرز ئەنجام دراوە. بە پارچە مۆسیقایەکی خۆش و ژان ئامێز شوبهێنراوە، ئامرازێکی فێرکردنە، وانەیەکی خەباتگێڕییەو لە خزمەتی کەرامەتی مرۆڤانی و ئازادیدایە.

بەڵام گۆنای، وەکو هەر هونەرمەندێکی ڕەسەن لە بارەی فیلمی ڕێگاوە دەڵێت: "من ناڵێم، لە فیلمی ڕێگادا گوزارشتم لە هەموو لایەنێکی وڵاتەکەم کردووە، باسی ئەڤین و سۆزم کردووە، باسی قوربانی دان و دڵسۆزیم کردووە، باسی تەمای ژیانی سەربەرزانەم کردووە، باسی مل کەچ نەکردن و یاخی بوون، باسی ترس و نیگەرانیشم کردووە.... بەڵام زۆر شتی دیکەش ماون کە نەم پەرژاوە باسیان بکەم.."

بەڵێ گۆنای نەیپەرژا زۆر شتان بڵێ و هەموو کول و کۆڤانی میللەتی خۆی دەربڕێ، چونکە کودەتا سوپاییە شومەکەی ١٩٨٠/٩/١٢ بە سەرکردایەتی کەنعان ئەفرین ژیانی لە ملیۆنەها خەڵکی وەکو گۆنای حەرام کرد... ژیانی گۆنای، کە لە زینداندا بوو، کەوتە مەترسییەوە. قەراری نەقڵی بۆ زیندانی (ئەسبارتا) دەرچوو، ئەسبارتا کەوتۆتە دوورگەیەکی دوورە دەستی ناو دەریای مەڕمەڕەوە. لەوێ ناچار کرا واز لە کاری سینەما بێنێ،... و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرا، بۆیە گۆنای ناچار بوو لە زیندان هەڵێ و ڕوو بکاتە هەندەران و لە غوربەتدا بە نەبەدڵی بژی..

دەربەدەری و غەریبایەتی

گۆنای، لە ٩/ت١٩٨١/٢، بە یارمەتی هەندێ دۆستی دڵسۆز لە زیندانی ئەسبارتا و لە تورکیا هەڵات و ڕووی کردە وڵاتی یۆنان کە زۆر بە گەرمی باوەشی بۆ گرتەوە و وەزیری ڕۆشنبیری ئەو کاتەی وڵات کە ئەکتەری ناودار (میلینا میرکوری) بوو وەکو هونەرمەندێکی گەورەو شۆڕشگێڕ پێشوازی لێکرد.

ڕاستە گۆنای لە چنگی ڕاستەوخۆی جەلادانی ڕژێمی تورکیا دەرباز بوو، بەڵام لە ئەورووپاشدا هەر نیگەران بوو، هەڕەشە لەسەر ژیان و مانی هەبوو، بەربەرەکانی کارە ئەدەبی و سینەماییەکانی دەکرا، جەنەراڵەکانی تورکیا هەوڵی زۆریان دا کە فیلمەکانی لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆدا نیشان نەدرێن و هەڕەشەی لێدەکردن کە ئەگەر ڕێ بە نیشاندانی فیلمەکانی گۆنای، لە وڵاتەکانیاندا بدەن، ئەوا پەیوەندی دبلۆماسیان لەگەڵدا دەبڕێ. بەڵام ئەو دەوڵەتانە گوێیان بەو هەڕەشانە نەداو دەرگای هۆڵی سینەماکانیان بە هەفتەو دوو هەفتەو زیاتر بۆ نیشاندانی فیلمەکانی گۆنای خستە سەر پشت.

ژیانی گۆنای یەجگار دژوار بوو، تاپۆی ترس و مەرگ وەکو سێبەر بەدوایەوە بوو، هەڵاتن و خۆشاردنەوە بوو بوو بە بەشێکی سەرەکی ژیانی، نەك لەبەر ترسنۆکی، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەوە تاقە شێواز بوو بۆ بەگژاچوونەوەی رژێمی تورکیاو بەردەوام بوون لەسەر ریسواکردن و لەقاودانی.

ئەو قۆناغە، واتە قۆناغی سەفەری ناچاری بەناو وڵاتە ئەوروپییەکان و یۆنان و سویسراو فەرەنسادا، قۆناغێکی هەرە گرنگی ژیانی گۆنای بوو لەسەر هەردووك ئاستی سیاسی و هونەری ئەو ئازادییەی لە ئەوروپادا هەبوو، ریگەی بۆ خۆشکرد لە نزیکەوە ئاشنای خەباتی سیاسی و پرۆپاگەندەیی بزاڤی کوردی ببێ، ئامانج و ئاواتەکانی بناسێت و، تێکەڵی خەڵکانی کورد ببێ و لە هاماجێکی جیاواز لە هاماجی وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکات.

ئیدی ئەو فاکتەرانە کردیانە کارێك کە هەستێکی نەتەوەیی زیاتری لەلا بخوڵقێ و زۆرتر هەست بە کول و کۆڤانی گەلەکەی بکات و راستەوخۆ بەشداری لە خەباتی ئاشتیانەی ئەو گەلەدا بکات و بە راشکاوی بڵێ کە من لە پێناوی کوردستانی یەکگرتووی سەربەخۆو دیموکراتیدا دەخەبتم... ئەوە بوو لەگەڵ کۆمەڵێك رۆشنبیری کوردا بەشداری لە دامەزراندنی (ئەنستیتۆی کورد لە پاریس)دا کرد، مەبەستی ئەنستیتۆی نێوبراو بوژاندنەوەو پەرەپێدانی کەلتووری کورد بوو کە لە لایەن رژێمانی داگیرکەری کوردستانەوە هەرەشەی نەمان و نەهێشتنی لێدەکرا. ئەنستیتۆی نێوبراو لە ۱۹۸۳/۲/۲٤دا کرایەوە.

هەر چەند گۆنای نەخۆش بوو، بەڵام بەدەم ئازارەوە درێژەی بە کاروانی هونەری خۆی دەداو لە مانگی ۱۹۸۲/۱۰- ۱۹۸۳/٤دا لە وێنەگرتنی فیلمی (دیوار) بووەوە، لەم فیلمەدا هەوڵیداوە بە شێوازی هونەرییانە تاوانەکانی دیکتاتۆریەت لە تورکیادا ریسوا بکات، بە تایبەتی کە ئەمجارەیان دوور بوو لە دەستی سانسۆری تورکیا، فیلمەکە لە باکوری فەرەنساو بە کۆمەك و پشتیوانی حکومەتی فەرەنسی وێنەگیراوەو کڵێسایەکی فەرەنسی، چونکە لە رووی سیستەمی بیناسازییەوە گونجاو بووە، کراوە بە زیندانێکی تورکی و رووداوەکانی فیلمەکە دەربارەی ژیانی زیندانیانی تورکیایە، بە تایبەتی زیندانیانی منداڵ. وێرای مامەڵەی ناشیرین و بارودۆخی سەخت و دژوار، ئەم منالانە ((بونیاتنەرانی ئاینده)) بە پێچەوانەی هەموو یاساو دابێکی مرۆڤانی و پەیمانێکی نێو دەولەتی دەخرێتە بەر ئازارو ئەشکەنجەدان. هەڵبەتە گۆنای بۆ سازدانی ئەم فیلمە پشتی بە ئەزموون و سەرنجەکانی خۆی لە ناو ئەو زیندانانەدا بەستووە، گۆنای لەم فیلمەدا ئەو ئەشکەنجەدانە نیشان دەدا کە منالێکی لە ژووری بەرێوەبەری زیندانەکەی خراوەتە بەرو لە ژێر وێنەیەکی رەمزی گەورەی کەماڵ ئەتاتورکدا، ئەم منداڵە لە ژێر ئەشکەنجەدا دەمرێت... هەڵبەتە دیمەنەکانی ئەم فیلمە زۆر لە رەخنەگرانی سینەمای ترساندووەو بەکارێکی موبالەغە ئامێزیان لە قەڵەم داوە.

دیارە گۆنای ئەمەی لەبەر گران بووە، بۆیە لەو بارەیەوە بە کورتی گوتوویەتی: "... زۆر زەحمەتە بۆ ئەوروپییەکان باوەڕ بەوە بکەن کە لە تورکیادا روو دەدات، بەڵام ئەوەی من نیشانم داوە وێنەیەکی زیندووی واقیعی حەقیقی تورکیایە، من دڵنیام رۆژێك دێت ئەوروپییەکان دان بەو راستییەدا دەنەن..."

چالاکی و کارەکانی گۆنای لە هەندەران، جەنەڕاڵەکانی تورکیای تەواو هەراسان کردبوو، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە تۆڵەی لێ بکەنەوە، بەلای کەمەوە کاریگەری کارەکانی لەسەر کۆمەڵگای تورکی کەم بکەنەوە. ئەوە بوو دادگا عورفییەکان حوکمێکیان دەرکرد کە دەست بەسەر هەموو کارە هونەریو ئەدەبییەکانی گۆنایدا بگیرێو بسووتێنرێ، تەنانەت ئەو فیلمانەش کە تەنیا تەمسیلی تێدا کردوون، لە ١٩/١٠/١٩٨٣دا سەرکردایەتی بەشی ئاسایشی سیاسی حوکمی نێو براوی پەسند کرد.

رێك وەکو چۆن فاشییەکانی ئەڵمان لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیاندا ئەمەیان دەرهەق بە رۆشنبیریی پێشکەوتووخواز کردبوو، بە هەر حاڵ هەر هەموو ئەو شتانەی لە دوورو لە نزیك پەیوەندییان بە گۆنایەوە هەبوو سوتێنران...

دیارە ئەم رەفتارە ناشیرینە بووە مایەی ناڕەزایی ناوەندە ئەدەبیو هونەریو، تەنانەت سیاسییەکانیش، لێرەدا چەند نموونەیەك لە وتەی ئەو خەڵکانە دەخەینە ڕوو:

عەلی ئوزکونتریك: "..... باوەڕ بەم کارە هۆڤییە، ناشیرینە نامرۆڤانییە ناکرێ... زمان ناتوانێ ئەم تاوانە وەسف بکات..."

تاریق ئەکان (لە هەردوو فیلمی مێگەلو رێگادا تەمسیلی کردووە): ".... کارێکی سەیرە... لە وڵاتی ئێمەدا کتێبو فیلمان دەسووتێنرێن... بەڕاستی ئەم وەزعە تەحەموول ناکرێ... لە سایەی ئەم بارودۆخەدا مەحاڵە دیموکراسییەت لە وڵاتماندا بێتە دی...."

بیداد غونیول: ".... خودایە، ئەم هونەرمەندەی شۆڕەتی جیهانی پەیدا کردووە، لای ئێمە، لە تورکیا دەیانەوێ بیفەوتێنن...."

فیکری ساخلار (ئەمینداری گشتی حیزبی گەلی سوسیالیست دیموکراتی تورکی): ".... ئەم کارە جەزرەبەیەکی توندە لە هونەر... ئەم کارە پێوەرو پێوانەیە بۆ زانینی بیرو ئامانجێن رژێم لەلای ئێمە..."

پاش ئەوە تورکیا ناوی گۆنای لە سەرانسەری تورکیادا قەدەغە کرد، ناسنامەی تورکی لێ سەندەوە، لە ماڤ هاووڵاتیبوون مەحرومی کرد. لە پاشملە حوکمیدا، حوکمی پتر لە سەد ساڵ زیندانیکردنیدا، بە جددی کەوتە هەڕەشە لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتە هاوپەیمانانەی کە رێگەی گۆنایان دەدا بچێتە وڵاتەکانیان.

دیارە هەر هەموو ئەو کارە دزێوانە تینوێتی جەنەڕاڵە دڵڕەشەکانی رژێمی تورکیای نەشکان، بۆیە پەنایان بردە بەر شێوازی راوەدوونانو رەشەکوژی.. چەند هەوڵێکیان لەو بارەیەوەدا، کە ترسناکترینیان ئەوەی تونس بوو، گۆنای ماوەیەك لە تونس مایەوە، بەڵام بە زیرەکیو وریایی، خۆی لەو داوە لاداو هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە قەدەر داوێکی گەورەتری بۆ ناوەتەوەو لە ئاوارەییو غوربەتدا، دوور لە دارو بەردو تەیرو خاکی نیشتمان، لە ترۆپکی بەخششی هونەریدا، لە ٤٧ ساڵیدا گوڵی تەمەنی هەڵدەوەرێنێ.

ئەوە بوو بەیانی ١٩٨٤/٩/٩ رۆژنامەو بڵاڤۆکانی فەرەنسی و ئەوروپی، لەلاپەڕەی یەکەمیاندا، وێنەی گۆنایان لە چارچێوەی رەشدا بڵاوکردەوەو هەواڵی مەرگیان لە نەخۆشخانەیەکی پاریسدا، بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە بڵاوکردەوە...

دیارە هەواڵی مەرگی گۆنای لە سەرانسەری دنیادا دەنگی دایەوەو سوێی خستە دڵی ملیۆنان کەسەوەو راگەیاندن و رۆژنامەوانی جیهانی بایەخێکی یەجگار زۆریان پێداو فیلمەکانی لە تەلەفزیۆن و سینەماخانەکانی ئەوروپادا، هەر لە فیلمی (ئومێد)ەوە بیگرە تا دەگاتە فیلمی (دیوار) بە درێژایی هەفتەو دوو هەفتەو پتر لێدرانەوەو ملیۆنان کەس دیتیانن... شاعیری ناوداری یۆنانی تیودوراکیس بەمجۆرە دەیلاوێنێ: "…. بە هەواڵی مەرگی ئەم کەسە مەزنە زۆر خەمبار بووم…. بێگومان مەرگی ئەو خەسارەتێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەی پێشکەوتووخوازو هونەر لەم سەردەمەی ئێمەدا... بە هونەر ژیانی گەلە تێکۆشەرەکەی لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتن و مافی مرۆڤدا بەرجەستە کردووە…. ئا لەم ساتە کارەساتاوییەدا، لەم ساتی تەنگانەیەدا لەگەڵ هەموو گەلی یۆنانیدا پشتیوانی لە خەباتی گەلانی تورکیا دەکەم دژ بە رژێمی فاشی….".

ئەگەرچی رژێمی فاشیستی تورکی دەیویست هەواڵی مەرگی ئەو کەڵە پیاوە بخاتە بەر سێبەر، بەڵام زۆر رۆژنامەی تورکی هەواڵەکەیان بڵاوکردەوەو بە کورتی هەندێ شتیان دەربارەی هەندێ لە کارەکانی بڵاوکردەوە... بۆ وێنە گەورە رۆماننووسی کوردی، تورکی نووس وای وەسف دەکات کە لە هەموو ئەوانەی لە ژیانیا دیتوونی بەهرەدار ترو داهێنەر تر بووەو کارە ئەدەبییەکانی زۆر بەرز بوون و، دەڵێت: "…. یەڵماز هەر دەرهێنەرێکی چاك نەبوو، بەڵکو ئەدیبێکی گەورەش بوو…".

هەر ئەهلی ئەدەب و هونەر بە تەنیا یەڵمازیان نەلاواند، بەڵکو پیاوانی دەوڵەت و سیاسەتیش لاواندوویانەو ستایشی هونەرەکەی و خەباتی شۆڕشگێڕانەیان کردووە. ئەوەتا مەکسیم غریمیتس–ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی فەرەنسی، لە کاتی ناشتنی جەنازەکەیدا دەڵێت: "گۆنای ژیانی بۆ خزمەتی ئازادی گەلەکەی تەرخانکرد، لە هەمان کاتدا هونەرەکەی هونەرێکی شۆڕشگێڕانەیەو لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە..." لە ئاماژەیەکدا بۆ دیدارەکانی لەگەڵ گۆنایدا دەڵێت: "خاوەنی دڵێکی گەورە بوو، دڵنیا بوو لە سەرکەوتنی دۆزی رەوای گەلەکەی..."

بەو جۆرەو لەسەر وەسێتی خۆی جەنازەکەی برا بۆ ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، تا لەوێندەرەوە بەڕێ بکرێ بۆ گۆڕستانی (بییرلاشێز)ی (گۆڕستانی شۆڕشگێڕانی فەرەنسی).

جاك لانك–ی وەزیری رۆشنبیری فەرەنسی، لەبری حکومەتی فەرەنسا، لە رێورەسمی بە رێکردنی جەنازەکەدا بەشداری کردو لە ریزی پێشەوەی بەشداراندابوو، و بەمجۆرە دەیلاوێنێ: "گۆنای لە ریزی پێشەوەی سینەماکارانی جیهانیدا بوو، تێکۆشەرێکی بوێرو داکۆکیکارێکی دەگمەن بوو لە زۆرلێکراوان و چەوساوان... کارە هونەرییەکانی بۆ هەتا هەتایە بە نەمری لە بیرو بیرەوەرییەکانماندا دەمێنن…."

دیارە رێو رەسمی بە رێکردنی جەنازەکە چەند سەعاتێکی خایاند، هەزاران کەس بەشدارییان تێدا کرد، کە هزرڤان و کەڵە هونەرمەندانی جیهانی و نوێنەری رێکخراوە فەرەنسی و جیهانییەکان و گەورە سیاسەتوانانی فەرەنسیان تێدا بوو، لەوانە: (مەکسیم غریمیتس، جوی هیریز–ی ئەندامانی

مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی، لیونیل جوسبانی سکرتێری یەکەمی حیزبی سوسیالیستی فەڕەنسی، نوێنەری خاتوو دانیال میتران، سەفیری یونانی لە فەرەنسا لەبری سەرۆکی حکومەتی یۆنان ئەندریاس باباندریو)و (باتریك جیراو، و کوستاف گافراس و خەڵکانی دی لە کەڵە هونەرمەندان)و جەماوەرێکی زۆر لە رۆڵەکانی جالیەی کورد لە ئەوروپا، کە وەکو وەفاداری و رێز بۆ ئەو هونەرمەندەی کە زۆری خزمەت کردبوون، بۆ پاریس هاتبوون.
لە سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٨٤/٩/١٣دا جەنازەکەی لەناو خەرمانی گوڵدا خرایە سەر ئوتومبیلێکی فەرەنسی حکومەتییەوەو بۆ مەیدانی کۆماری لە ناوەندی پاریس، گوێزرایەوەو لەوێوە هەزاران فەرەنسی و بێگانە بەگەڵ کاروانەکە کەوتن بەرەو گۆڕستانی ناوداران وەڕێکەوتن.
ئەم رێو رەسمی بەڕێکردنە بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورە دژی دەسەڵاتی سەرکوتکاری تورکی و، بوو بە هاوسۆزییەکی جیهانی لەگەڵ خەباتی گەلی کوردستاندا، ئیدی دەنگی سرودی نێو نەتەوەیی بە هەموو زمانە جیاوازەکان وەکو رێزلێنان لە گیانی پاکی ئەم تێکۆشەرە بەرز بووەوە، ئەم تێکۆشەرەی ژیانی خۆی لە پێناوی سەرەتا مرۆڤانییەکاندا داناو بەڕاستی بوو بە یەکێك لە قارەمانانی شۆڕشی جیهانی، لە پێناوی ئازادی و نەهێشتنی زوڵم و زۆر، پاشان، دوای ناشتنی جەنازەکەی، وێنەکەی لە کەلێنێکی کۆشکی ناودارانداا لە پاریس لە پاڵ وێنەی قارەمانانی نەمری شۆڕشی فەرەنسیدا هەڵواسرا...
گۆنای بە هەموو هێزییەوە هاواری دەکرد: "ژیانم موڵکی گەلەکەمە، موڵکی گەلە چەوساوەکەمە، موڵکی گەلە تێکۆشەرەکەمە، موڵکی گەلە ئازادیخوازەکەمە، ئامانجی من لە ژیاندا هونەر نییە، بەڵکو رزگاری گەلەکەمە.
هەر بۆیەش ئەو هەموو رێزو قەدرەی هەبوو، نموونەی پیاوەتی و شەهامەت بوو، گۆنای وەکو چۆن رۆشنبیریی مرۆڤایەتی بە کارەکانی دەوڵەمەند کرد، بە هەمان شێوەش بە هونەرو ئەدەب و بەها روحی و ئەستاتیکییە بەرزەکانی رۆشنبیریی کوردی دەوڵەمەند کردووە. بۆیە گرنگیدان بە کەلەپووری گۆنای، بڵاوکردنەوەو پاراستنی لە فەوتان و شێوان، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە...
گۆنای لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا (٤٧ ساڵ) کە ١٤ ساڵی لە زینداندا بەسەر برد، توانی ٥ رۆمان و پتر لە ١٠٠ چیرۆك و سیناریۆی فیلم و ٢٣ فیلمی بە ناوەرۆك سیاسی- کۆمەڵایەتی رەخنەیی و، بە شێوەی هونەری بەرز بەرهەم بهێنێ و لە پتر لە ١٢٠ فیلمدا دەور بگێڕێ... یەکێك لە رەخنەگرەکان لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەوەی گۆنای بەو تەمەنە کورتەوە بەرهەمی هێناوە، یەکێکی دی بوایە بەسەد ساڵ بەرهەمی نەدەهێنا".

یەڵماز گۆنای-مان لە دەستدا

هونەرمەندو فیلمسازی دیارو شۆڕشگێڕی رەشیدو خەباتگێڕی بوێر، ئەو کەسەی لە دڵی ملیۆنان زەحمەتکێشدا دەژی، یەڵماز گۆنای هونەرمەندی مەزن لە ٩/سپتامبەری ١٩٨٤دا لە پاریس، لەو

شوێنەدا کە وەکو پەنابەری سیاسی لێی دەژیا، بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە مرد، پاش ڕێزلێنانی شۆڕشگێڕانەی هەزاران زەحمەتکێش لە گۆڕستانی (پیرلاشێز)، گۆڕستانی قارەمانانی کۆمۆنەی پاریس بە خاك سپێردرا. دوا داوای یەڵماز ئەمە بوو: سەرمامە، بە پەتۆی سەربازەکانی کۆمۆنە داپۆشن. لە ڕاستیدا مەرگی یەڵماز گۆنای کە تا دوا هەناسە دلێرانە لە پاڵ پرۆلیتاریای جیهانیدا ڕاوەستا. مەرگێکی ئاسایی نییە، مەرگێکی پڕ غروورو سەنگینە. هەم پرۆلیتاریاو خەڵکی تورکیاو، هەم پرۆلیتاریای جیهان و خەڵکانی چەوساوەی سەرانسەری دنیا بەڵێنیان داوە کە بە دڵ و بە گیان پارێزگاری لە کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی یەڵماز بکەن، بزاڤی شۆڕشگێڕی ئەنتەر ناسیونالیستی و بزاڤی کۆمۆنیستیی تورکیا، کە بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەنتەرناسیونالیستییە، دەبێ بزانن کە چۆن دەرس و پەندی پێویست لەم مەرگە پڕ شانازییە وەربگرن. لە کاتی مەرگی ئەوا، ئۆرگانی جیاوازی چاپەمەنییەکانی بۆرژوازی، گوتارو مانشێتی وەك "پاشای بێتەخت و تاج"یان دەربارەی یەڵماز گۆنای بە چاپ گەیان. لە ڕاستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵە نیشانەیەکی حەقیقەتی تێدایە. یەڵماز گۆنای، شۆرەتێکی چاکی لەسەر ئاستی تورکیاو جیهان هەیە، ملیۆنان کەس خۆشیانگەرەکە، هەر ئەمەش یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی پەلاماری دڕندانەی ئاشکراو نهێنی چینە دەسەڵاتدارەکانی تورکیاو نۆکەرەکانیان بۆ سەر یەڵماز گۆنای، چونکە نەیانتوانیبوو بە پارەو سامان ژیانی ئاسوودەو پلەو پایە بیکڕن، ئەوجا پەناپان بردە بەر بوختان بۆ کردنی بە ئومێدی ئەوەی هەندێ لەو زیانانە کەمبکەنەوە کە بە زەبری هونەرو خەباتی یەڵماز لێیان کەوتبوو.

یەڵماز گۆنای، زیاد لە هەموو شتێك هونەرمەندێکی گەورەبوو، هەروەها وەکو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی چاکیش جێ پێی خۆی کردبووەوە. یەڵماز گۆنای، پیاوێکە بە قووڵی لە حەقیقەتەکانی خەباتی چینایەتی لە تورکیا و لە جیهاندا تێگەییبوو. کەسێك بوو وەکو جەنگاوەرێکی بێباك لە پێناوی شۆڕشدا، هاو هەڵوێستی جەماوەری خەڵك و شۆڕش بوو، دژ بە ئیمپریالیزم و سوسیال ئیمپریالیزم و هەموو کۆنەپەرستان.

کەسێك بوو تا دوا هەناسە هونەرەکەی وەکو چەکێکی کاریگەر بۆ خزمەتی جەماوەری خەڵك تەرخانکرد.

یەڵماز گۆنای، بە ئاشکرا لە پێناوی پێشڤەبرنی خەباتی زۆرلێکراوانی تورکیا تێدەکۆشاو هاوبەشی خەباتی سەربەخۆیی و دیموکراسی خەڵکی بوو.

ئاشکرایە کە یەڵماز گۆنای ڕێبازێکی پرۆلیتاریایی شۆڕشگێڕی لە ئایدیۆلۆژیاو هونەرەکەیدا نەبووە. ئەوەی هونەرەکەی و ڕێبازی بنەڕەتی خەباتەکەی دیاریدەکات، ڕێبازی دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕی بۆرژوایە. یەڵماز ئیمپریالیست دژێکی سەرسەخت، نیشتمانپەروەر، دیموکرات و شۆڕشگێڕێکی شێلگیر بوو. واتە کۆمۆنیستێکی شێلیگیر نەبوو. گەرچی ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە پشتی بە هەندێ بنەمای مارکسیزم- لینینزم بەستبوو، بەڵام نەگەییە حەقیقەتە گشتییەکانی و نەوەکو پراتیکی دیاریکراوی شۆڕشی تورکیا پەرەی پێدەدا. لە ئەنجامدا نەیتوانی سنووری ڕێبازی وردە بۆرژوایی دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕ ببەزێنێ و لەگەڵ ڕەوتی ڕێبازی کۆمۆنیستی و

بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتیدا تێکـەڵ ببیٚو . لـە راسـتیدا کۆششـەکانی بـۆ بڵاوکردنـەوەی گۆڤـارێکی هونەری –سیاسی وەك "گۆنە، MAVIS , EKIM" و هەوڵدانی بۆ دامەزراندنی گروپێکی سـەربەخۆ لە هەوادارانی خۆی، رەنگدانەوەی هەمان رێباز بوون.
بەلاّم ویٚرای هـەموو ئەمانـە، لایـەنێکی گرنگـی دیکـەی یـەڵماز گۆنـای وەکـو هونەرمەنـدێکی مـەزن و مامۆسـتایەکی فیلمسـاز ئەمـە بـوو کـە لـە بـواری پراتیکـی کۆمەلاّیەتیـدا تـا رادەیـەکی زۆر لـە ژێـر کارتێکردنی کۆمۆنیزمدا بوو و، بە گەشەکردنێکی زیادەوە لـە سیاسـەت و ئایـدیۆلۆژیای کۆمـۆنیزم نزیکتر دەبووەوە. ئەگەرچی لە بارەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکییـەوەو رێکخراوەییـەوە پەیوەنـدی بـە حزبی کۆمۆنیستی "مارکسیست– لینینیست"ی تورکیاوە کە بەشێکی لـە جیابوونـەوە نـەهاتووی بزووتنـــەوەی شۆڕشـــگێڕی ئەنتـــەر ناسیونالیســـتییە، نـــەکرد، ئـــەم کـــارتێکردنی هەڵوێســـتی کۆمۆنیزمییە لە یەڵماز، لەو حەقیقەتەوە دەردەکەویٚ کە داکۆکی لەوە دەکرد کـە کەلـەپووری حیـزب مارکسیستی– لینینیستییە. لەوەوە دەردەکەوێت کە داکۆکی لە سووربوونی شۆڕشگێڕی دەکرد. تێدەکۆشـا داکـۆکی لـە کەلـەپووری مـاو دژ بـە هێرشـە جیاکـانی رڤیژنیسـتییەکان، بـە تایبـەتی هێرشەکانی حیزبی کاری ئەلبانیا بکات. لە راستیدا ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی کە هـەوڵ و رووداوە ئەنتی شۆڕشگێڕییەکانی پشت پـەردەی "سوسـیالیزم"و "کۆمـۆنیزم" لـە پـاڵ هەوڵـە جیاجیاکـانی ئۆپۆرتونیســتی وردە بــۆرژوایی نــەیانتوانی تۆمــەتی سیاســی و ئایــدیۆلۆژی بــۆ یــەڵماز گۆنــای هەڵبەستن، واتە تەنانەت لەو دەمەشدا کە بە تەواوی هەوڵیاندەدا گۆنای بۆ لای خۆیان راکێشن.
ئـەدی بۆچـی یـەڵماز گۆنـای هەڵوێسـتی دژ بـە ئیمپریالیسـتی، هەڵوێسـتی نیشـتمانپەروەری، شۆڕشـگێڕی و دیمـوکراتی خـۆی تـا دوا هەناسـە پاراسـت، کەسـێك کـە دژی هـەموو قـازانجێکی شەخسـی و پلـەو پایەیـەك بـوو، کەسـێك کـە هـەرگیز خیانـەتی لـە خـەڵك و شـۆڕش نـەکرد، کەسـێك هەرگیز سەر بۆ ئەو هێرشە هەمە جۆرانەی دەکرانە سەری شۆڕ نەکردو تەسلیم نـەبوو، نەیـدەتوانی تـەکانێکی چـۆنی بـەرەو تێکـەڵ بـوون لەگـەڵ بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتیدا بـە خـۆی بـدات؟! بێگومـان گەلـەك هـۆی مـەوزوعی و زاتـی هـەن. بـە هـەر حـاڵ یـەکێك لـە بەڵگـە هـەرە گرنگـەکان ئەمەیـە کـە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تورکیا، لەبەر ئەو هەڵەو لاوازییانەی لە ریزەکانیا هـەبوون، ئـەو ئەرکـە مێژووییەی کە دەبوا بیگرێتە ئەستۆ ئەنجامی نەدا، ئەمە فاکتەرێکی گرنگ بوو بـۆ تێکـەڵ نـەبوونی یـەڵماز گۆنـای لەگـەڵ بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتیدا. بێگومـان ئـەم لایەنـە سـەلبیە، واتـا پەیوەنـدی نەکردنی بە بزاڤی پرۆلیتێرییـەوە، بـە هـەر حـاڵ سێبەر ناخاتـە سـەر خـەبات و هونـەری شۆڕشـگێڕی یـەڵماز گۆنـای کـە بەشـێکی لـە جیابوونـەوە نـەهاتووی هونـەرو خـەباتی تورکیایـە، بۆیـە پاراسـتنی کەلەپوری میراتی شۆڕشگێڕانەی هەر کەسێك کە لایـەنگری خـەڵك و شـۆڕش بـیٚ ئـەرکی سـەرشـانی هەموو کەسێکە بە تایبەتی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست دەبیٚ ئـەو لایەنـەی کـارو ژیـانی یـەڵماز کـە بـە تـەواوی لـە خزمـەتی کۆمۆنیزمـدا بـوو، بپـارێزن و رازی نـەبن هـیچ جـۆرە دەسـتکارییەك بکـریٚ یـان بشێوێنریٚ.

بەڵێ یەڵماز گۆنای مردووە. بەڵام لە راستیداو ئێستا لە نێو دڵی کاروانی خەباتی خەڵکی تورکیاو میللەتە جیاوازەکاندایە، خەباتی ئەو لە پێناوی دیموکراسی جەماوەریو سەربەخۆییدا، ئەمرو زیندووە.

مەرگی یەڵماز، لەلایەنە هۆنتای فاشیستی تورکیاوە کە زۆر دڕندانە بەربەرەکانی گۆنایان دەکردو چەندین ساڵ زیندانییان کرد، بە شادییەکی زۆرەوە پێشوازی کرا. ئەلهەقی گۆنای-ش دەورێکی گەلەك گرنگی لە ریسواکردنو پەردە لە روو هەڵماڵینیان هەبوو.

لەلایەکی ترەوە ملیونان خەڵکی رەنجبەر کە بە دڵو بە گیان خۆشیان دەویست بۆی خەمبارو عەزابار بوون.

لە راستیدا، لە کاتێکدا چینە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا و قسەکەرەکانیان تەنانەت پاش مەرگی گۆنای-ش بوختان بە هونەرو خەباتی ئەو پیاوەدا دەکەن، گروپە نیشتمانپەروەرەکان، رێکخراوە دیموکراتو شۆڕشگێڕەکانو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تورکیا لە پێش هەموویانەوە بەشێوەیەکی فراوان لە تورکیاو لە شارەکانی ئەوروپادا یادی گۆنایان کردۆتەوەو هەوڵیانداوە میراتی شۆڕشگێڕانەی ئەو بکەن بە چەکێکی کاریگەر دژ بە دیکتاتۆریەتی فاشیستی.

پێویست بە گوتن ناکات کە نە هێرشی کۆنەپەرستانەو نە بوختان هەڵبەستن بۆ کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی یەڵمازو نە هەوڵدان بۆ لاواز نواندنی ئەم کەلەپوورە نابن بە بەرهەڵست لەبەردەم خەڵکی تورکیادا بە هەموو میللەتە جیاوازەکانییەوەو بە تایبەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تورکیا کە بەوپەڕی تواناوە کەلەپووری ئەو بپارێزن.

یەڵماز رەمزی تەمەرود بوو...

جهانی برای فتح "بردنەوەی جیهان" ئێمە هەواڵەکانی مەرگی هونەرمەندی شۆڕشگێڕ، یەڵماز گۆنایمان، کە خەسارەتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی جیهان، موتابەعە کردووە، دەمانەوێ رای تۆ وەکو دۆستێکی دێرینەو هاوکارێکی هونەریو سیاسی ئەو بزانین، یەڵماز گۆنای چ رۆڵێکی دیتوە وەك هەبوو، چۆن گەییە پلەی ئەو فیلمسازو هونەرمەندەی کە ژیانو کاری خۆی بۆ شۆڕش تەرخانکرد؟

نیهایت بهرام:

یەڵماز گۆنای، کەسایەتییەکی گرینگ بوو بۆ خەڵکی تورکیا. زۆر کەس وێنەی ئەویان بە دیواری ژوورەکانیانەوە هەڵدەواسی چونکە یەڵماز بۆ ئەوان رەمزو نیشانەی گەردن کەشیو سەربەرزی بووە، ئێمە ئێستاکێ کە مردووە پتر هەست بە بایەخی ئەو دەکەینو زیاتر هەست بەو کەلێنە دەکەین کە جێی هێشتووە. پێم وایە دەبێ چەند خاڵێکی سەرەکی رەچاو بکرێن: ئەو پیاوە هونەرمەندی جەماوەر بوو. زاتی خستە بەر ئەوانەی کە دەیانویست هونەری شۆڕشگێڕی دابهێنن -هەلومەرجێك لە کایەدابوو کە ئەم کارە لە گوین نەبوو لە نێو هێزە پێشکەوتووخوازەکاندا جۆرێك "هونەر بۆ هونەر" باو بوو - ئەو "یەڵماز" ئیلهامی بەوان بەخشی. یەڵماز، کەڵکی لەو دەرفەتانە وەرگرت کە هەبوون، بەڵام لە پێناوی هونەری شۆڕشگێڕیدا. ئەگەر بیویستایە دەیتوانی ببێ بە هونەرمەندێکی بۆرژوا. بەڵام کاتێ کەسایەتییەك یان هونەرمەندێکی ناسراو بیت، دەبێت

هەڵوێستی خۆت ئاشکرا بکەیت. لە تورکیادا هەر کە بڵێی کۆمۆنیستی، ئیدی بە یاخی دەناسرێی و –بەخوتو خۆڕایی حەوت ساڵ زیندانت بە تەنگەدا دەدرێ. زۆربەی کات هونەرمەندان دەکەونە بەر ئەم یاسایە. یەڵماز گۆنای دەیگوت: "تا ئەم یاسایانە هەبن دەبێ زات وەبەر خۆت بنەیت و دژی ئەم یاسایانە کار بکەیت". جارێکیان لە گوتارێکدا نووسی: "من بابایەکی کۆمۆنیستم. مارکسیست- لینینست" حەوت دانە ساڵیان حوکمدا. بەڵام ئەو پێی وابوو ئەمە جەزرەبەیەکە لە یاساکەی ئەوان. ئەو، بەپێی یاسا "بانگەشەی کۆمۆنیستی" چەندین جار هەر کاتێ قسەی کردبێ زللەی خواردووە، دە ملیۆن کورد لە تورکیادا هەن. لێ بەپێی یاسا بە رەسمیەت نەناسراون، واتە دانیان پێدا نەنراوە. نابێ بە زمانی خۆیان بنووسن یان قسان بکەن. گۆرانی کوردی قەدەغەیە. هەر زمانێکی تری دنیا لە تورکیادا ئاساییەو سانسۆری لەسەر نییە تەنیا کوردی نەبێت. یەڵماز بە شانازییەوە دەیگوت کوردە. کورد بوون تا رادەیەك لە کۆمۆنیست بوون خراپترە. چونکە لەم حاڵەتەدا بەجوداخواز لە قەڵەم دەدرێ.

گەلێك لە هونەرمەندە کوردەکان ئەم حەقیقەتە پەنهان دەکەن. بەڵام یەڵماز، هەستی بە بایەخ و گرنگی خستنە روو، و ئاشکرا کردنی ئەم مەسەلەیە کردبوو.

یەڵماز، پاش ئازاد بوونی لە زیندان وەکو کرێکارێك لە رێگەی گواستنەوەی ئەڵقەی فیلمەوە لە سینەمایەکەوە بۆ سینەمایەکی دی داخڵی پیشەی فیلم سازی بوو. لەم رێگەیەوە زۆرکەسی دیتن و ئاشنایان بوو. و بوو بە بەشێك لەوان، نەك وەکو بورژوایەك بەڵکو وەکو یەکێك لە جەماوەری خەڵکی. ئەمە تواناو بەهرەی وێنەگرتنی ئاشکرای خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی تورکیای وەك چۆن خۆیان هەن، لەلا زیادکرد. چونکە بە باشی دەیناسین. لەو زەمانەدا شەخسیاتی ((ناسك و جوانی)) وەکو ئەوروپیەکان لەسەر شانۆکانی تورکیادا باویان بوو. گۆنای لە چەند فیلمێکدا رۆڵی بچوکی بینی، بەڵام بە شێوەی خودی خەڵکی وجەماوەر بوو. گۆنای، روخسارێکی ئاسایی هەبوو بۆیە هەر زوو شۆرەتی پەیداکرد. لە ماوەی پێنج ساڵێك، لە ساڵانی ٦٠دا نزیکەی سەد فیلمی عەسابەی دروست و گەلاڵە کرد کە بەخۆیشی رۆڵی سەرەکی تێدا بینی، ئیدی بەمە یەکجار زۆر ناسرا.

لە قۆناغی دووەمی کاری سینەماییدا هەم رۆڵی سەرەکی بینی و هەم زۆر سیناریۆی لەسەر مەسەلە کۆمەڵاتییەکان نووسی. ئەمە پێشکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەو و بووە مایەی شۆرەتی ئەم فیلمانە. ئەوەی دەشێت ناوی قۆناغی سێیەمی لێبنرێ ئەو ماوەیە بوو کە سێ فیلمی تێدا دەرکرد. فیلمی ((بووکی زەوی)) بریتیە لە چیرۆکێکی خەمناك ١٩٦٨. ((گورگەبرسییەکان)) ١٩٦٩ و ((ئومێد)) کە تێکرا گرنگی سەرەتای پەیدا بوونی ریالیزمی کۆمەڵایەتی بوون لە تورکیا.

پێم وایە ((ئومێد)) گرنگترین فیلمی مێژووی سینەمای تورکیا و چاکترین کاری یەڵماز گۆنای بێ. شێوەی هەڵسەنگاندنی مەسەلەکانی خێزان، زەوی، خەباتی خەڵکی و پەیوەندی نێوان رەش و رووتترین توێژی کۆمەڵایەتی و هەر لەم زەمینەیەدا ئاشکراکردنی جیاوازی نێوان ئایدیالیزم و ریالیزم، لەسەر بناغەی ریالیزم داڕێژراوە. ئەمە چیرۆکێکی واقیعی ژیانە نەك شتێکی دەستکرد و خەیاڵزادە. پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە عەودالی دوای گەنجە تا بتوانێ گیروگرفتەکانی خۆی پێ

چارەسـەر بکـات. بـەڵام کـاتێ کـە نایگـاتی شـیرازەی خێزانـداری و هـەموو شـتەکان لێـك دەپچـڕێن، دوچاری نائومێدی دەبێت و شێت دەبێت. ئەمە یەکەمین فلیمە کە گۆنای پاڵەوانی بە تەمسیل تێهەڵدانی تێدا دەخوات – لەبری ئەوەی هەمیشە بەرەندەو پاڵەوانێکی بەهێزبێ- لەبەر ئەمە دەتوانن لایەنە بنەرە تیەکانی ریالیزمی کۆمەڵایەتی لەم فلیمەدا بدینن. یەلماز، لەم فلیمەدا تەواوی تواناو بەهرەی خۆی بەکاردەهێنا. وەختێ ((الیاکازان)) بۆ یەکەم جار ئەو فیلمەی بینی گوتی: ((ئێمە بەرانبەر فیلمسازێکی زۆر گەورە وەستاوین)) . فلیمەکە هەر زوو بە هەنجەتی دژایەتی کردنی ئاین و هاندەرو بزوێنەری هەژاران دژ بە رژێم قەدەغە کرا. ((ئومێد)) لە رێگای قاچاغەوە برایە دەرێی تورکیا لە فیستیڤاڵی فیلمدا بەشداریکردو خەڵاتی تایبەتی بەرکەوت. گۆنای، بەتۆمەتی ئەوەی فیلمێکی یاساغی ناردۆتە دەرێی تورکیاو باری ناجۆرو خراوی جوتیارێکی تورکیای لە ولاتانی دیدا نیشانداوە لەلایەن حکومەتەوە خرایە ژێر تاقیبەوە. گۆنای، کۆمپانیای فیلمسازی خۆی بەنێوی ((گۆنای فیلم)ەوە دامەزراندو بوو بەدەرهێنەرو ئەکتەرو سیناریۆنووس ٢٠-٣٠ سیناریۆی نووسی کە بە شێوەی کتێب بلاوبوونەوەو جەماوەرێکی زۆر ئەو کتێبەیان وەکو رۆمان خوێندەوە .تا ساڵی ١٩٦٨ گۆنای ئەکتە رێکی بە نێوبانگ بوو .جەماوەر لە رێگەی

فیلمەکانییەوە دەیانناسی، نەك وەك کەسایەتییەکی سیاسی و وەك بەشێك لە بزووتنەوەیەك.

ساڵی ١٩٦٨، سەردەمی راپەڕینی گەورە بوو لە فەڕە نگستان وئەمریکا. سەردەمی بزووتنەوەی لاوان بوو. ئەمە لە تورکیاشدا رەنگی دابوەوە. .جەماوەر هێڵی ئاشکرایان لە نێوان بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا دەکێشا بۆ نموونە سەبارەت بە بەرقەراری سوسیالیزم لە رێگای هەڵبژاردنەوە و سوسیال دیموکراسی لە ژێر پەردەی سوسیالزمدا. هەندێ لە لاوەکان داواکاری دەست دانە چەك و جەنگ بوون دژ بە کۆنەپەرستیی و دژ بە رێڤیژنیستەکان لە یەکەم کودەتای ساڵی ١٩٧١دا، سوپا خەڵکێکی زۆری کوشت . رێکخراوە چەپەکانی دەمکوت کردو حکومەتی سوپایی دامەزرا. لەم سەردەمەدا رێکخراوە ساواکان، لەوانە حزبی کۆمۆنیستی ((مارکسیت- لینینست)) ی تورکیا، بە رێبەری ((ابراهیم کایپاکایا)) جەزرەبەی سەختی بە دەستی رژێمی فاشیستی خوارد.

یەڵماز، لەم بەینەدا نەلایەنی ریڤیژنیستەکان ونەلایەنی حکومەتی نەدەگرت. بەڵکولایەنی لاوەکانی گرت. هەندێکیان بۆ خۆحەشاردان پەنایان وە بەر ئەو برد. ئەمە خۆی لەخۆیداخاڵی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بواری گەلاڵە بوونی سیاسی ئەوداو وایلێکرد رۆلێکی چالاکانەی لە مەسەلەکاندا هەبێ.

دوای کودەتا، دەولەت جاڕی جەنگی دژ بە ((خەتەری کۆمۆنیزم))ی دا.

بۆ یەکەمجار لە مەیدانی سیاسیدا خەباتی چەکدارانە کەوتە گەڕ.

لاوان دەستبەرداری خەباتی خۆیان، خەباتی چەکدارانە نەبوون. درێژەیان بە جەنگداو بەرگرییان لەخۆو جەماوەر کرد. لەو دەمانەدا گۆنای، سێ شۆرشگێری لە ماڵی خۆیدا پەنا دابوو، لە کاتێکدا یاسای ((هەرکە بینیت تەقەی لێبکە)) ئەنجامدەدرا.

یەڵماز، دەستگیرکراو دووسال و نیو لە زیندانی سوپاییدا مایەوە. منیش لەو کاتانەدا لە زیندان بووم. بەڵام لە زیندانێکی سوپایی دیکەدا. لەم سەردەمەدا گۆرانێکی گرینگ بەسەر یەڵماز گۆنایدا هات: کتێبێکی بەنێوی ((هەندێ نامە لە سەلیمییەوە)) – ناوی زیندانە – نووسی کە دەکرێ بگوترێ رەخنە بوو لە خۆی. کتێبەکە بریتی بوو لە سێ چیرۆکی بەرز. بڕیاریدا لەوە بەدواوە راستەوخۆ بەشداری خەباتی خەڵکی وڵاتەکەی بکات. لەو زەمانەدا ئەوانەی دەگیران و دادگایی دەکران هەڵوێستی تەسلیم بوونیان وەردەگرت و لە ترسی تاقیب و تاقیبکردن لە داکۆکییەکانیاندا پەشیمان بوونەوەیان دەردەبڕی لەو شتانەی کە کردبوویان و لەشتی تریش.

یەڵماز، لە داکۆکییەکەیدا گوتی پەشیمان نییە لەوەی کردوویەتی و بابایەکی شۆڕشگێڕە، بەشێکە لە خەباتی تورکیا و شانازی بەم هەڵوێستەوە دەکات.

لە ساڵی ١٩٧٤دا "ئەجەویت" هاتە سەر حوکم و حکومەتی سوپایی کۆتایی هات و بەخشینی گشتی دەرکرا. لەو بەخشینەدا گەلەك خەڵکی لە زیندان ئازاد بوون. لەوانە: من و یەڵماز. لەو چل و پێنج رۆژەدا کە لە دەرەوەی زیندان بوو فیلمێکی بە نێوی "دۆست"ەوە دەرکرد.

ئەمە یەکەم فیلم بوو دەربارەی کرێکارانی مەزراکانی لۆکەی ئەدەنە.

لە یەکەم هەفتەی دەرکردنی ئەم فیلمە لە باڕێکدا، شەڕێك بوو، لەو شەڕەدا قازییەك هاتە کوشتن. وێڕای ئەوەی برازاکەی گۆنای لە دادگادا ئیعتراف کرد کە ئەو قازییەکەی کوشتووە، بەتۆمەتی شایەتی درۆ، دوو ساڵیان بە تەنگەداداو "گۆنای"یان بە تۆمەتی پیاوکوژی ١٩ ساڵان حوکمدا. لەزیندانداا زۆریان جێ گۆڕکێ پێکرد، هەوڵیاندا بیکوژن، بەڵام ئەو بەریگریکردو مەسەلە نهێنی و پیرۆزەکانی رەچاوکرد. رۆمانێکی یەکجار نایابی بە نێوی "ئێمە رابەرێکمان دەوێ، یەك پەنجەرەو نان" نووسی، کە بایەخێکی گەورەی لە گەشەکردنی ئیدۆلۆژیکی ئەودا هەبوو. چونکە لە دوا پەنجا لاپەڕەکانی رۆمانەکەدا هاتۆتە سەرباسی مەسەلەی سوسیال ئیمپریالیزم.

لە نێو ئەو هونەرمەندانەدا کە کارەکانیان مۆرکی نێوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هەیە. هەڵوێست وەرگرتن دژ بە رووسیای سۆڤیەتی کارێکی ئاسایی نەبوو.

پاش زۆر باس و خواس و گفتوگۆ لە نێوان من و یەڵمازدا ئەوجا پەیمان بەوە برد کە بیرو ئامانجی هاوبەشمان هەیە. هەردووکمان نووسەری شۆڕشگێڕین و هەوڵدەدەین ببین بە مارکسیست – لینینست. ئەوم لە زینداندا بینی و بڕیارماندا کە من لە دەرەوە بیرو نەخشەکانی ئەو ئەنجامبدەم.

لە ساڵی ١٩٧٩دا گۆڤارێکی رۆشنبیری مانگانەی سیاسی – رۆشنبیری شۆڕشگێڕی-مان بە نێوی "گۆنای"یەوە بڵاوکردەوە. گوشاری پۆلیس دژ بە گۆڤارەکە زیادیکرد. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمە لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ رەفتاری حکومەتی سوپاییدا یەکی دەگرتەوە. فاشیستەکان "گورگە بۆرەکان" بەهێزتر دەبوون و دەستیان لە کوشتنی خەڵکی نەدەپاراست بە تایبەتی نووسەرانی شۆڕشگێڕ. پاش ئەوەی هەژدە ژمارەمان لە گۆڤاری گۆرین دەرکرد. هەموو ژمارەکان قەدەغەکران.

پاش ئەوەی من دەستم بە بەڕێوەبردنی کۆمپانیای فیلمی گۆنای کرد کە هێشتا فیلمی زۆری دەرنەکردبوو، بڕیارماندا کە کاری فیلمسازیمان فراوانترو بەهێزتر بکەین. ئەنجامی ئەو بڕیارەش

هەردوو فیلمی "مێگەل"و "دژمن" بوو. "مێگەل" یەکەم فیلم بوو کە لە دەرەوەی زیندان دەرکراو لە زینداندا بەڕێوەبرا.
یەڵماز گۆنای، سیناریۆکەی نووسی. پەیوەندیمان ئەوەندە بەتین بوو کە هاتنمە سەر ئەو باوەڕەی بەشێك لە رۆشنبیری شۆڕشگێڕی بریتییە لە هەرەوەزو یەکخستنی کارەکان. من لەگەڵ جەماوەردا قسەم کردو مەبەستەکانم برد بۆ زیندان، بۆ لای گۆنای. ئەویش بیرۆکەکانی لێکداو حەرەکەی فیلمەکەی دیاریکرد "گۆنای فیلم" دەستی بە کارکرد.
لە ساڵی ١٩٨٠دا حکومەت گۆڤاری "گۆنای" داخست. هەندێ کتێبی من چاپ بوو بوون و من لەبەر گوتارێك کە لەلایەن یەڵماز گۆناشەوە هاتبووە ئیمزا کرن، دەستگیرو زیندانی کرام. لە راستیدا هەردووکمان لەسەر ئەوە ماوەیەك حەپسیمان کێشا. سەرەڕای ئەمەش، دوو ساڵان لەسەر کتێبێك کە دەربارەی "ابراهیم کایپاکایا"ی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی م.ل تورکیا نووسیم، گیرام. هەستمان بە نزیك بوونەوەی کودەتا کرد. من نەمدەتوانی لەوە پتر لە تورکیادا بمێنەوەو بڕیارماندا کە ئەویش دەرباز بکەین. من لە ساڵی ١٩٨٠دا بۆی دەرچووم، پاشان. ئەویش هەر لە هەمان ساڵدا رایکرد.
گەلەك لە هونەرمەندان ترسان و سازشیان لەگەڵ بۆرژوازیدا کردو گوتیان نابێت هونەرو سیاسەت تێکەڵ بکرێن بۆیە یەڵماز گۆنای، یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی کە هەڵوێستی دژ بە فاشیزمی هەڵبژاردووەو هەر لەبەر ئەمەشە رەنگە نێو دارترین رۆشنبیری تورکیا بێت.
کۆڵەمست نیشاندان و بەرزکردنەوەی وە کو "نیشانەیەکی کۆمۆنیزم" لەو دەمەدا کە فیلمەکە لە فیستیڤاڵی جیهانیدا خەڵاتی وەرگرت بایەخێکی گەلەك گەورەی هەبوو. چاپەمەنییە بۆرژوازییەکان ئەوەیان کرد بە مەسەلەیەکی گەورە.
جهانی برای فتح: ئایا فیلمە شۆڕشگێڕییەکانی دوایی ئەو لە نێو جەماوەری تورکیادا زۆر ناسراون؟!
نیهایت بهرام:
دەتوانن بۆ ماوەیەکی کەم فیلمەکە ببینن، پاشان لەلایەن کۆمیتەی فاشیستی سانسۆرەوە قەدەغە دەکرێن. جگە لە دە فیلم کە بە قاچاغی لە تورکیاوە دەرکراون، ئیدی هەموو فیلمەکانی تریان فەوتاندووە. هونتای تورکیا هەوڵدەدا هەر لە بناغەوە بیانسڕێتەوە. وێنەو پۆستکارتەکانی ئێستا لە دوکانچەکاندا نافرۆشرێن. جاران لە هەموو شوێنێکدا دەفرۆشران.
جهانی برای فتح:
چاپەمەنییەکان و هونتای تورکیا هەوڵیاندا ژیان و مەرگی ئەو چۆن لە جەماوەری تورکیا بگەیەنن؟
نیهات بهرام:
لە دووەم رۆژی مەرگی ئەودا، یەك رستە لە رۆژنامەکاندا دەبینرا "ئەو مرد" بەڵام بڵاوکراوەی "ئازادی"و چاپەمەنییەکانی فەرەنسا دوای مردنی ئەو قەدەغەکران.

جگە لە فاشیستە کەللە رەقەکان، چ چاپەمەنییەك لە سەرەتادا زاتینەکرد لە ستونەکانی خۆیدا هێرشی بکاتە سەر. ئەوان وێنەیەکی گەورەی ئەویان چاپکردو رادەی فرۆشتنیان زیاد کرد. پاشان مەجبور بوون کە هێرش بکەنە سەر یەڵماز.

یەڵماز کەسایەتییەکی گەلەك بناڤودەنگ بوو. بۆ وێنە ئەمە دەقی ئەو نووسینەیە کە رۆژنامەی "ترجمان"ی راستڕەو لەسەری نووسیوە: "بکوژانیش دەمرن. بکوژی عەرەقخۆر بەر لەوەی فریای خەرجکردنی ملیۆنان پارەکەی بکەویٚ مرد. یەڵماز گۆنای بکوژی قازی. لە پاریس و بە نائومێدی مرد. بۆچی دەبیٚ بۆ ماڵباتی وی غەمگین ببین؟ چما قازی ماڵبات و کەسوکاری نەبوو؟ ئەو تا دوا هەناسە هەر بابایەکی خایەن بوو..."

مانشێتەکەی ئەمەیە "دوا چیرۆکی خیانەتی ئەو: نێژران لە گۆڕستانی پیرلاشز" ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی لاوازی هونتاو بە توانایی و کاریگەری قارەمانی جەماوەری خەڵك، یەڵماز گۆنای-یە.

جهانی برای فتح:

ئایا چ خاڵێکی دی هەیە کە بتەویٚ ئیشارەتی بۆ بکەیت؟

نیهایت بهرام:

بەڵیٚ جگە لە هەندیٚ فاشیست، ئیدی هەموو هەر تا زێباری ئەون. ئەو لە هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە نزیك بوو. لە خۆپیشاندانی بەرەو استراسبورگ و لە مانگرتن لە نان خواردن، هەر چەندە نەخۆشبوو، بەشداریکرد. گۆنای قارەمانێکی جەماوەرییە، ئەفسانەیەکە بۆ خۆی، بەشێکە لە هەموو خێزانێك، چونکە دژ بە ستەم، فاشیزم، بێعەدالەتی و ئەشکەنجە بوو. تەنانەت ئەگەر زۆر هۆشیارانەش خۆشیان نەویٚ، ئەواغ بە قووڵی خۆشیان دەویٚ. مەرگی ئەو داخ و کەسەرێکی گەورە بوو بۆ جەماوەر، چونکە بۆ ئەوان رەمزی سەرفرازی و گەردنگەشییە، ئەو گەردنگەشییەی لە خۆیاندا هەستی پێدەکەن. یەڵماز خۆیشی تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکرد کە شۆڕش تەنیا لە نێو بردنی دەوڵەت و رووخاندنی نییە بەڵکو شۆڕشگێڕاندنی هەموو کۆمەڵە.

فیستیڤاڵی هونەریی پە نجاب
پیرۆزبێت یادی یەڵماز گۆنای

جالانداهار: لە رۆژی ٢٦ کانونی دووەمی ئەمساڵدا، لە کاتێکدا حوکمڕانان و پلەو پایەدارانی هند لێرەدا سەرگەرمی جەژن و ئاهەنگێڕانی دەوڵەتی بوون بە بۆنەی "رۆژی کۆماری"یەوەو لە ستۆدیۆیەکدا کۆبوو بوونەوە، خەڵکی جالانداهار، لە "دیش باگات"ی یادگاری هال "هۆڵێکە کە بە یادی شەهیدێکی شۆڕشگێڕ دروستکرابوو" خەریکی ئەنجامدانی بەرنامەیەکی دی بوون.

بەرنامەکە بەسەرپەرشتی ئەنجوومەنی کولتووری خەڵکی پەنجاب و بە سەرۆکایەتی "کورشاران سینگ" کە درامانووسێکی پایە بەرزو پڕ هەوادارە، بەرێوەدەبرا، لە بەرنامەکەدا کولتوری شۆڕشگێڕی کە لەگەڵ راپەرینی ((ناکسالباری)) لە ساڵەکانی ١٩٦٠ دا بەرپا بوو بوو

بەرجەستەکرا. نزیکی نیوەڕۆ هۆڵەکە پڕبوو لە ((١٥٠٠)) کرێکاری شۆڕشگێڕ، دیموکراتەکان و فەرمانبەرانی کولتوری کە لە تەواوی شارەکانەوە هاتبوون. گەلەك لە کرێکارانی ((نبالی)) ش بەشدارییان تێداکرد. بەرنامەکە بە سروودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکردو نزیکەی هەڤدە سەعاتی خایاند. بەرنامەکە بریتی بوو لە سروودی شۆڕشگێڕی، شیعرو شانۆگەری. گشت ئەو شانۆگەریانەی ئەو شەوە پێشکەش کران، بە گیانی گەورەترین فیلمسازی شۆڕشگێڕ، بە یەڵماز گۆنای پێشکەش کرابوون.

لە سەرەتای ئاهەنگەکە هەموو پیاوان و ژنان و منالان و تەماشاکەران هەستانە سەر پێ و دوو دەقیقە بۆ گیانی ئەم کەڵە هونەرمەندە شۆڕشگێڕە راوەستان.

"هونەر چەکێکە، هونەر تفەنگێکە، هونەر زمانێکە... هەر کە ڕێزی ئەم زمانە نەگرن، ئەم چەکە دەتانکوژێت"، ئەم گوتەیەی یەڵماز بە خەتی درشت لەسەر لافیتەیەك نووسرابوو ، و لەسەروو شانۆکەوە هەڵواسرابوو.

ئەو دەمەی کە وێنەکانی ژیان و فیلمەکانی یەڵماز، کە لە ژمارە، یەکی گۆڤاری جهانی برای فتح، دەرهێنرابوون، پێشکەش بە "گورشاران سینگ"، ئەو گورشاران سینگ-ەی هەندێك کەس و خەڵك بە یەڵماز گۆنای پەنجابی دەزانن، کران... سەدای دروشمی شۆڕشگێڕانە لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە. گورشاران کە بەزەحمەت کونترۆڵی هەست و سۆزی خۆی پێدەکرا، بەڵێنیدا کە عەزمی جەزم بکات و بە لە خۆبردوویی پترەوەو بە متمانەی تەواو بە شۆڕش کار بکات و داوای لە خەمخۆران و چالاکانی مەیدانی رۆشنبیری سەرانسەری جیهانکرد کە لە هەوڵ و تەقەلا و خەباتیاندا بۆ رۆشنبیری جەماوەری، سوود لە یەڵماز گۆنای وەربگرن و لەوەوە فێر بن.

هەندێ لەو خەڵاتانەی بە گۆنای دراون

ئەگەرچی گۆنای بەربەرەکانییەکی زۆر کراوە، بەڵام بە زەبری رەسەنایەتی کارەکانی بوونی خۆی سەلماندووەو هیچ سینەماکارێکی کورد هێندەی ئەو خەڵاتی نەبردۆتەوە کە ئەم لیستە نموونەی هەندێك لەو خەڵاتانەیە:

١- فیستیڤاڵی ئەنتاکیا- ١٩٦٧: خەڵاتی باشترین ئەکتەر لە دەوری پیاواندا، لە فیلمی (یاسای سنوور).

٢- فیستیڤاڵی ئەزەنە- ١٩٦٩: خەڵاتی سێیەم لەسەر فیلمی (سەید خان) خەڵاتی باشترین ئەکتەری رۆڵی پیاوان لە فیلمی (سەید خان)دا.

٣- فیستیڤاڵی ئەزەنە- ١٩٧٠:/ خەڵاتی باشترین فیلم لەسەر فیلمی (ئومێد) خەڵاتی باشترین سیناریستی ساڵ، خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو لە (فیلمی ئومێد)ا.

٤- فیستیڤاڵی ئەنتاکیا- ١٩٧٠: خەڵاتی باشترین فیلم لەسەر فیلمی (ناحەز) خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو لە فیلمی (ناحەز)دا.

٥- فیستیڤاڵی ئەزەنە- ١٩٧١: خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکە لەسەر فیلمی (شیوەن) خەڵاتی دووەمی فیستیڤاڵەکە لەسەر فیلمی (ئومێد) خەڵاتی سێیەمی فیستیڤاڵەکە لەسەر فیلمی (نا ئومێدان)، خەڵاتی باشترین سیناریستی ساڵ.

- خەڵاتی باشترین دەرهێنەری ساڵ
- خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو

فیستیڤاڵی ئەزەنە- ١٩٧٢:

- خەڵاتی یەکەمی میهرەجانەکە لەسەر فیلمی (باوك)
- خەڵاتی رەخنەگران لەسەر فیلمی (باوك)
- خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو لە فیلمی (باوك)دا.

فیستیڤاڵی گرنیوبلی جیهانی:

- خەڵاتی تایبەتی داوەران لەسەر فیلمی (ئومێد)

فیستیڤاڵی ڤینیسیای نێو دەوڵەتی:

*خەڵاتی رەخنەی جیهانی لەسەر فیلمی (شیوەن)

*خەڵاتی ئورهان کەمال (گەورەترین خەڵاتی ئەدەبییە لە تورکیا) لەسەر رۆمانی (ماتوا واعنافهم ملویە).

فیستیڤاڵی ئەنتاکیا- ١٩٧٥:

- خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکە لەسەر فیلمی (نیگەرانی)
- خەڵاتی دووەمی فیستیڤاڵەکە لەسەر فیلمی (هاوڕێ)
- خەڵاتی سێیەمی فیستیڤاڵەکە لەسەر فیلمی (دەربەدەران)
- خەڵاتی باشترین سیناریستی ساڵ.

فیستیڤاڵی بەرلینی نێو نەتەوەیی- ١٩٧٧:

- خەڵاتی رێزلێنان لەسەر هەموو بەرهەمەکانی.

فیستیڤاڵی بەرلینی جیهانی- ١٩٧٩:

- خەڵاتی فیلمی کاتولیکی جیهانی
- خەڵاتی فیستیڤاڵی فیلمی جیهانی
- خەڵاتی گەورەی داوەران
- خەڵاتی سێوی ئاڵتوونی
- خەڵاتی دیکۆمێنتی سینەمایی بەلچیکی لەسەر فیلمی (مێگەل)
- ١٩٨٠- لە لەندەن:
- خەڵاتی خۆشترین و خەیاڵیترین فیلم لەسەر فیلمی (مێگەل)

١٩٨٠- لە بەلچیکا:

* خەڵاتی فەمینا لەسەر فیلمی (مێگەل)

١٩٨٠- لە ئەسپانیا (میهرەجانی فالانس):

* خەلاتی گەورە لەسەر فیلمی (مێگەل)

فیستیڤاڵی ئەزەنە- ١٩٨١:

- خەلاتی باشترین سیناریست لەسەر فیلمی (دژمن)

فیستیڤاڵی لوکارنوی (٣٢)- ١٩٨١:

- خەلاتی (کران بری) لەلایەن داوەرانەوە لەسەر فیلمی (مێگەل)

فیستیڤاڵی کانی نێو دەوڵەتی سی و پێنجەم- ١٩٨٢:

- خەلاتی (گەلای ئاڵتوونی- السعفة الذهبية) کەگەورەترین خەلاتی جیهانە لە بواری سینەمادا. لەسەر فیلمی (ڕێگا).

بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە ڕاستەوخۆ سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

د. ابراهيم محمود

١- يلماز **گۆنای** ودور السينما الوثائقية في النضال الوطني ط ٢/ اربيل/٢٠٠٠ رابطة كاوا للثقافة الكوردية.

٢- دراسات كردية العدد ٣-٧ السنة الثامنة ١٩٩٢ استلهام المجال الطبيعي في سينما يلماز **گۆنای** "الامل" و "القطيع" جان مارك بينيه ص ٦١- ٧٤.

٣- مێگەل، لەلایەن ڕێزدار کوردو عەلی (دکتۆر سەروەت محەمەد ئەمین-ەوە لە ئەڵمانییەوە کراوە بە کوردیو چاپو بڵاوکراوەتەوە.

٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆکێکی یەڵماز گۆنایە بۆ منداڵان کاتی خۆی لە چیاو بەدەم پێشمەرگایەتییەوە لەلایەن حەمەکەریم عارفەوە لە فارسییەوە کراوە بە کوردیو بە تیراژی زۆر کەم چاپو بڵاوبووەتەوە.

٥- گۆڤاری (کارگر انقلابی) ژمارە: ١ ساڵی ١٩٨٣

٦- گۆڤاری (جیهانی برای فتح) ژمارە: ١٣٦٣/١ ل ٧٧- ٧٨ نووسینی أ. د.

٧- گۆڤاری (جیهانی برای فتح) ژمارە: ١٣٦٣/١ ل ٧٩- ٨١ هەڤپەیڤین لەگەڵ: نیهایت بهرام.

٨- (جیهانی برای فتح) ژمارە: ١٣٦٤/٢ ل ٥٩. نووسینی پەیامنێری تایبەتی گۆڤاری جیهانی برای فتح.

٩- ئەو دیوی مەرگ: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم ٢٠٠١ دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی/ کوردستان- هەولێر. ل٢٧١- ٢٩٠.

حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە.

- له ساڵی ١٩٧٦ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٠٠٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی، پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانە لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٣- بەیداخ، چیرۆك، ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٢
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٣ دەزگای ئاراس
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)
١٠- شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)
١١ – هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٠ گوڵان
١٢- بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، ٣ چاپ شاخ، شار ٢٠٠٣
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دووره ولآت، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولآن
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی، چاپی شاخ
١٩- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عزیز شەریف
٢٠- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ
٢١- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە، چاپی شاخ
٢٢- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی شێیەم ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس
٢٣- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان
٢٤- گوزارشتی مۆسیقا، د. فۆاد زەکەریا.
٢٥- دەربارەی شیعر و شاعیری، رەزا بەراهەنی.
٢٦- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٢٧- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٢٨- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە، مالرۆ.
٢٩- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣٠-بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣١- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولآم حسەینی ساعیدی)
٣٢- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.
٣٣- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلآئەلبوسێری.
٣٤- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا، چاپی یەکەم ١٩٩٨ وەزارەتی رۆشنبیری.
٣٥- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی، پلیخانۆڤ، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ دەزگای موکریانی
٣٦- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین ریید.
٣٧- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ، لویس ریی.
٣٨- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٣٩- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٠- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤١- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٢- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.
٤٣- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (٢٣ ئەفسانە)
٤٤- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف، چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای موکریانی
٤٥- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٤٦- جێ پێ، کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت، جەلال ئال ئەحمەد، بوزرگی عەلەوی، سادقی چوبەك، مەنسوری یاقوتی)
٤٧- چیرۆکستان، کۆمەڵێك دەق و رەخنە، چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك
٤٨- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی، چاپی یەکەم (٢٠٠٠) حەمە کەریم عارف
٤٩- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف
٥٠- پەلکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) وەزارەتی رۆشنبیری
٥١- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە
٥٢- چزیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٣- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٤- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٦- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٧- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٨- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٥٩- خافرو غ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی
٦٠- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٦١- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) دەزگای سپیرێز
٦٢- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٣- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف
٦٤- دیدار و دەق و رەخنە.
٦٥- دیداری چیرۆکڤانی.
٦٦- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی.
٦٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف
٦٨- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی، حەمە کەریم عارف.
٦٩- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، کریس کۆچرا، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران

* لە راپەرینەوە تا نەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێران) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، ئامادەیە بە خۆڕایی پێشکەشیان بکات و...